جونگ چانگ و جۆن هەڵیدای

# مائۆ

# چیرۆکی نەزانراو

( بەشی ١ لە شەش بەش)

وەرگێڕ : شێرکۆ هەژار

٢٠١٧

JUNG CHANG & JON HALLIDAY,

MAO
The Unknown Story .
2005 .





© SACU
Russia
Kazakhstan
Mongolia
Heilongjiang
Jilin
Neimongol
Kyrgyzstan
Tajikistan
Afghanistan
Pakistan
Xinjiang
Gansu
Liaoning
North Korea
B
Hebei
T
South Korea
Ningxia
Shanxi
Shandong
Qinghai
Jiangsu
Shaanxi
Henan
Shanghai
Tibet (Xizang)
Sichuan
Hubei
Anhui
Zhejiang
Nepal
Chongqing
Jiangxi
Bhutan
India
Hunan
Fujian
Guizhou
Bangladesh
Yunnan
Guangxi
Guangdong
Taiwan
N
H
M
Myanmar
Vietnam
B Beijing
H Hong Kong
M Macao
T Tianjin
Laos
Scale 500 km
Hainan
Thailand

# ئەم کتێبە

هەرچەندە بەراوردی کتێبانیش، وەك بەراوردی زۆر شتی تر، زۆرتر وایە کارێکی هاسان نیە و، تەنانەت دەکرێت زۆر زەحمەتیش بێت، بـەڵام من بە دڵنیاییەوە وا هەست دەکەم کە ئەم کتێبە گرنگترین کتێبێکە لە بارەی مێژوو و سیاسەتەوە کە من لە ژیانی خۆمدا خوێندوومەتەوە و، خوێندنەوەی بۆ هـەموو خوێنەرێکی کـوردی تریش هەر وا دەبینم .

ئـەم کتێبە، بەرهەمی دوازدە ساڵ کاری نووسەری چینی" جونگ چانگ" خانم و مێردە ئیرلەندییەکەی " جۆن هەڵیدای"ی مێژووناسە . جونگ چانگ، ساڵی ١٩٥٢ لە شوێنێکی ستانی" سیچوئان"ی چین لە ماڵێکی زۆر کۆمونیست لەدایك بووە . ماوەیەکی کەم لە پاسدارە سوورەکانی شۆڕشی فەرهەنگیی مائۆ بووە . دوای چەندین کاری سادە ( کە خوێندنیان یا هەر پێویست نـەبووە یا زۆر کەم ) چووەتە زانکۆ، ئینگلیسیی خوێندووە و، ئەوجا لەسەر حیسابی حکومەتی وڵاتەکەی خۆی چووەتە ئینگلستان و، یەکەم چینییەك بووە کە دکتۆرای لەئینگلستان ( لە زانستی زمان) وەرگرتووە و، بووە بە نووسەرێکی زۆر سەرکەوتوو و بەناوبانگ بە زمانی ئینگلیسی و، چەند دکتۆرای فەخرییشی وەرگرتوون . نووسینی کتێبی" قووە کێوییەکان"ی، کە تێدا چەند لاپەڕەی گرنگی مێژووی چینی لە ڕێگای گێڕانەوەی ژیننامەی نـەنکی و دایـکی و خۆی هەڵداوەتەوە، زۆری بـەنـاوبـانـگ کردووە ( شەش ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زۆر زمانان) . خۆی و مێردی، لە ئینگلستان دەژین و بە ڕێکو- پێکی سەر لە چین دەدەن . زۆر روونە کە کاربەدەستانی کۆمونیست، زۆر سەنەدی نهێنیی مائۆیان پیشانی خۆی و مێردی داوە و، ڕێگایان داون ئەو هەمووە کۆمونیستە گرنگانەی دەوروبەری مائۆ ( بە بنەماڵەی مائۆ خۆیەوە) ببینن و، تا رادەیەکی زۆر بێ سانسۆر لێ بکۆڵنەوە . نووسەر، لە رۆژئاواش کەسانێکی گرنگیان بۆ کاری کتێبە- کەیان دیتوون ( جۆرج بوش، کیسنگەر) و، کەسانی تریش ( دالای لاما ... ئیدی) .

من دوو جۆرە چاپی یـەکەمی ( ٢٠٠٥)ی ئەسڵە ئینگلیسییەکەی ئەم کتێبەم بۆ وەرگێڕانی وەدەستهێناون . یەکێکیان دوای ٧٦٤ لاپەڕەی فەسڵەکانی کتێبەکە، سوپاس کردن و قەدرناسیی خەڵکێکی زۆر و ١٧ لاپەڕە ناوی ئەوانەی لە جیهان بۆ کارەکە دیتراون و، ٩٢ لاپەڕەی بۆ ناوی سەرچاوەکان تێدا تەرخان کراوە، هەرچەندە ژمارەی ئاماژەکردن بە سـەرچاوە نـە لە شوێنی خۆیدا لە سەر لاپەڕەکان دیارکراوە و، و نـە لەو لیستە ٩٢ لاپەڕەییەشدا، هەر دەڵێت ئەمانە سەرچاوەکانی زانیاریی فلانە لاپەڕەن و تەواو .

هەرچەندە من سەیرێکی وەرگێڕاوەهۆڵەندییەکەیم کردبوو و زۆرم لا نایاب ببوو، بەڵام ئیتر هەرئەسڵە ئینگلیسی-یەکەیم کڕیبوو، تا کاتێك لە نیزیکیی تەواوبوونی وەرگێڕانەکەمدا بووم، گوتم با سەیرێکی هۆڵەندییەکەی بکەم، سەیرم کرد لە کتێبفرۆشییەکان نەمابوو، هەمووی فرۆشرابوو. لە کتێبخانەیەکی گشتی دیتمەوە، دەبینم ژمارەی بۆ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان لەسەر شوێنی خۆیان لە لاپەڕەکاندا و دیارە لە لیستەکەشدا دانرابوون، من ئەوەم زۆر لا سەیر بوو ... بەڵام ئیتر لەوە پتر وەدووی نەکەوتم (چەند مانگ دوای ئەوە ئەوجا چاپێکی نوێی وەرگێڕاوە هۆڵەندییەکەی بڵاوبۆوە).

بەراوردی ئەسڵە ئینگلیسییەکە و وەرگێڕاوە هۆڵەندییەکەی، ئەم تێبینییەشم بە بیردا دەهێنێت کە لێرەدا بڵێم: ناوە چینییەکان لە زمانانی جیاوازدا بە شێوەی جیاواز دەردەچن(" لیو شائۆ چی"-" لیو شائۆکی"، "چوو ئێن‌لای - ژوو ئەنلای ...). من لێرەدا هەوڵم داوە ناوە چینییەکان وەکو ئەسڵە ئینگلیسییەکەی ئەم کتێبە خۆی دەرچن، بەڵام نە دەنگی خوێندنەوەی پیتە بێدەنگەکانی ئەسڵە ئینگلیسییەکە وەکو ئەسڵە چینییەکەیە و، نە پیتە دەنگدا-رەکانی هیچ روونە چەندە وەکو ئەسڵەکەن. بۆ پیتە بێدەنگەکان، بەنموونە: سەیری ناویکم‌کرد کە ئینگلیسییەکە بە Zhی نووسیوە، گوێم لە دەنگی ئەوە بە کاسێتی ئەسڵە چینییەکە گرت، دەبینم هەر بە هیچ جۆرێك فری بەسەر دەنگی " زهـ"ی ئەم نووسینەوە نیە و، بەم نووسینە هەر نانووسرێت، دەنگێکە لە " ج" نیزیکترە، بەڵام من چۆن لەوە دەرچم؟ هیچ، جگە لەوە کە Zh ی ئەسڵەکە بە " زهـ" بنووسم. لە پیتە دەنگدارەکانیش، دەبینم" Hu" ی تێدایە و" Huo"ش، مەگەر ئەو "o" یانەی دوای پیتی تری دەنگدار هەموو بەتەواوی ناگوترێن (مائۆ Mao بە نموونە)؟ کەواتە بۆچی Hu وHuoش،نەبن بە " هو" و" هوئۆ"؟ بەوجۆرە - جگە لە یەك وشەی" زهانگزهۆو"ی ناوی شوێنێك - هەموو" Huo "ی کۆتایی ناوەکانم بە " هوئۆ" نووسین. دەکرێت ئەوە راست نەبێت، بەڵام ئیتر بەم روونکردنەوەیە دەزانیت کە ئەسڵە ئینگلیسییەکە چۆن بووە.

کتێبەکە ٥٨ فەسڵە، بە شەش بەش دابەش‌کراوە. ئەم وەرگێڕانەی من لێرەدا، یەکەم دوو بەشی دەگرێتەوە، کە١٤ فەسڵ وەخۆدەگرن. هیوادارم بتوانم بە دوو بەرگی تر هەمووی وەربگێڕم، بەڵام ئەگەر نەشیکەم و، کارەکەم هەر تەنیا بەم بەرگە کۆتایی بێت، ئەوا دیسا هەر ئەم کارەی خۆم پێ کارێکی بەجێیە و، لام وایە هەر ئەم بەرگەش بە تەنیا دەتوانێت گرنگترین مەبەستی من لە وەرگێڕانەکەی تا رادەیەکی زۆر بپێکێت، کە بریتییە لە هەوڵی نیزیك کردنەوەی مرۆڤ لە حەقیقەت و، رزگارکردنی لەو وەهم و خەرافاتە ئاینییانەی کە بە ناو و نیشانی جیاواز، لە سەرەتای مێژووییەوە لە خشتەیان بردووە.

## پێڕست

بەشی یەک - بەئیمانێکی شلەتێن


١- لەسەر نووك لە کۆنەوە بۆ نوێ (١٨٩٣-١٩١١؛ تەمەن ١-١٧) .................. ١١-٢٠

٢- بوونە کۆمونیست ( ١٩١١-١٩٢٠؛ تەمەن ١٧-٢٦) .................. ٢١-٣٧

٣- بەئیمانێکی شلەتێن ( ١٩٢٠-١٩٢٥؛ تەمەن ٢٦-٣١) .................. ٣٨-٥٦

٤- هەڵچوون و داچوون لە" پارتی نەتەوەیی"دا (١٩٢٥-١٩٢٧؛ تەمەن ٣١-٣٣) ..... ٥٧-٧٢


بەشی دوو - بڕینی ڕێگایەکی دوور بۆ بوونە مەزنی پارتەکە


٥- رفاندنی هێزێکی سوور و دەست بەسەرداگرتنی مەڵبەندی چەتان(١٩٢٧-١٩٢٨؛
تەمەن ٣٣-٣٤) .................. ٧٥-٩٥

٦- جڵەوی لەشکری سوورگرتنەدەست ( ١٩٢٨-١٩٣٠؛ تەمەن ٣٤-٣٦) .................. ٩٦-١١٣

٧- دەسەڵات وەگیرهێنان دەبێتە هۆی مەرگی ژنیدووەم( ١٩٢٧-١٩٣٠؛
تەمەن٣٣-٣٦) .................. ١١٤-١٣٢

٨- پاکسازییەکی خوێنین ڕێگا بۆ" سەرۆك مائۆ " خۆش دەکات (١٩٢٩-١٩٣١؛
تەمەن ٣٥-٣٧) .................. ١٣٣-١٥٢

٩- مائۆ و یەکەم دەوڵەتی سوور(١٩٣١- ١٩٣٤؛ تەمەن ٣٧-٤٠) .................. ١٥٣-١٦٦

١٠- لە کەسێکی بەکێشەوە بۆ سەرۆکێکی هەر بەناو سەرۆك (١٩٣١- ١٩٣٤؛
تەمەن ٣٧-٤٠) .................. ١٦٧-١٨١

١١- چۆن مائۆ کەوتە سەر ڕۆینی ڕێگا دوورەکە (١٩٣٣- ١٩٣٤؛ تەمەن ٣٩-٤٠) ...١٨٢-١٩٥

١٢- ڕۆینی ڕێگای دوور ١ : چیانگ لێدەگەڕێت سوورەکان بڕۆن (١٩٣٤؛
تەمەن ٤٠) .................. ١٩٦-٢٠٧

١٣- رۆینی رێگای دوور ٢ : هێزی لەپشت تەختی دەسەڵاتەوە (١٩٣٤-١٩٣٥؛
تەمەن ٤٠-٤١) ........................................................................ ٢٠٨-٢٣٦
١٤- رۆینی رێگای دوور ٣ : ئیحتیکارکردنی پێوەندی بە مۆسکۆوە (١٩٣٥؛
تەمەن ٤١)........................................................................٢٣٧-٢٥٣

# بەشی یەك

# بەئیمانێکی شلەتێن



له راسته‌وه : مائۆی ته‌مه‌ن ۲٥ساڵ به به‌رگی ره‌سمیی خوێندکار،

دایـکی مائۆ ( دوای گرتنی ئه‌م وێنه‌یه‌ی زۆری نه‌برد که مرد )،

دوو براکه‌ی مائۆ : تسی- مین و تسی- تان  به به‌رگی دێهاتییان .

## ١- لەسەر نووك لە کۆنەوە بۆ نوێ

## (١٨٩٣-١٩١١؛ تەمەن ١-١٧)

مائۆ تسی- تونگ، چەند دە ساڵ دەسەڵاتی موتلەقی بە سەر چارەکێکی خەڵکی جیهاندا هەبوو. مەرگی حەفتا ملیۆن مرۆڤی لە ئەستۆدایە و، لەوەدا لە هەر رابەریکی سەردەمی ئاشتیی سەدەی بیستەمی تێپەڕاندووە. لە ماڵێکی دێهاتی بوو، کە لە شیوی" شائۆشان"ی ستانی" هونان"ی ناوجەرگەی چین دەژیان. مائۆ، ١٨٩٣/١٢/٢٦ لەو شیوە لەدایك بوو، کە ئەو شوێنە پێنجسەد ساڵ هەر شوێنی باووباپیرانیان بووە.

شوێنی جوانیی لە کەوناراوە، هەوای خۆش، تەڕو تەماوی، کە گردەڵانی تێدا لەبەرچاو شەپۆل دەدەنەوە. ئەم شوێنە هەر لە چەرخی بەردی نوێوە ( نیولیثیك، دەوری ١٢ تا ٤ هەزار ساڵی بەرلە ئێستا- وەرگێڕ) خەڵکی لێ ژیاون. پەرستگا بوودایيەکانی سەرەتای هاتنی بوودایيەکان بۆ ئێرە، سەردەمی بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی " تانگ" ( ساڵانی ٦١٨-٩٠٦ )ی، هێشتا هەر لێ مابوون و دەکارابوون. دەوری سێسەد جۆرە دار لە لێرپیدا بوون، لەوانە : دەڤۆك و کافوور و" مێتاسێکوۆیا"( جۆرێك سەرو- وەرگێڕ) و داری" گینکگۆی" کە کەم هەبوو ( دارێکی گەورەی تایبەتی چین و ژاپۆن - وەرگێڕ )، کە زۆر جۆرە حەیوانیان تێدا بوون و بە سەر گردەکانەوە دیتراون : پڵنگ، بەور، بەراز. (ساڵی ١٩٥٧ دوا پڵنگی تێدا کوژراوە). بەوە کە ئەو گردەڵانە، نە رێگای بەژی بەسەرەوە بوون و، نە هاتوچۆی لە رێی ئاوەوە، ئیدی بەتەواوی لە دنیای دەرەوە دابڕابوو. تەنانەت سەرەتای سەدەی بیستەمیش، کە ئیمپراتۆر ساڵی ١٩٠٨ مردووە، دەنگوباسی ئەوە بە خەڵکی ئێرە نەگەیشتووە، مائۆ خۆی بیستودووساڵ دواتر، کە لە شائۆشان دەرچووە، ئەوجا پێیزانیوە.

شیوی شائۆشان، دەوری پێنج کیلۆمیتر بە سێ کیلۆمیترو نیوە. شەشسەد خێزانێك، یا شتێك کەمتر یا پتر، کە لێرە بوون، کشتوکاڵی چەڵتووك (برنج) و چا و حەیزەرانیان کردووە، گامێشیان بۆ کێڵانی مەرەزە(چەڵتووکجاڕ) بەکارهێناون. ئیتر ژیان هەر بەو شێوە کۆنەی دەڕۆیشت. باوکی مائۆ، یی- چانگ، ساڵی ١٨٧٠ لەدایکبووە. کاتێك تەمەنی دە ساڵ بووە، کیژێکی تەمەن سێزدە ساڵی بۆ نیشانکراوە. کیژ لە گوندێکی دە کیلۆمیترێك دوور، لەوبەری رێگایەك بووە، پێیانگوتووە " رێگای حەسانەوەی پڵنگ"، کە پڵنگ هاتوون لەوێ لەبەر هەتاو پاڵ - کەوتوون. ئەو دە کیلۆمیترە، ئەوسا بە ئەو حاڵە، لەوە پتر بوو کە رێگای بدایە خەڵکی ئەو دوو گوندە تەنانەت

11

باش لە شێوازی قسەكردنی یەكتریش بگەیشتنایە. بەوە كە دایكی مائۆ هەر كچێك بوو و هیچی دی!، ناوی لێ نـەنرا؛ كە حـەوتەم كچی ماڵی "وێن" بوو، ئیتر هەر پێیاندەگوت "حـەوتەم خوشكی وێن" و تەواو. بە گوێرەی نەریتێكی چەند سەدەی چین، پێیەكانیان وێرانكرد، بۆیان لە بەندی كردنە "لیلوپەڕی زێڕینی سێ ئینچی" گرت، كە ئەوسا ئەوە ئیتر جوانترین جۆری پێی ژن بوو.

ئەو دەستگیرانییەی كەسوكار ڕێكیانخستبوو، كە بەگوێرەی نەریتێكی ئەوسا بەڕێز بوو، هێندێك پێداویستی واقیعی ژیانیشی تێدابوو: گۆڕی یەكێك لە باوە گەورەكانی كیژەكە لە شائۆشان بوو و، دەبوو بە ڕێكوپێكی و مەراسیمێكەوە بچنە زیارەتی، ئیتر ئەو خزمایەتییە بۆ ئەوە بەكەڵك دەبوو. "حەوتەم خوشك وێن" كاتێك تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، مارەكرا و گواسترایەوە ماڵی "یی- چانگ"ی تەمەن پازدەساڵ.

یی- چانگ، زوو دوای ئەو ژنگواستنەوەیە، چووە سەربازی، تا پارەیەك وەدەستبێنێت و قەرزەكانی ماڵەكەی بداتەوە، كە ئەوەبوو دوای چەند ساڵێك بۆی درایەوە. دێهاتیی چینی ،كۆیلە نەبوون، جووتیاری ئـازاد بوون و، ئەوسا سەربازیكردن هەر بۆ پارەپەیداكردن باو بوو. لە سەربازییەكەیدا، هیچ شەڕێكی نەدیت و، زۆریش چاوی كرایەوە و، زۆر شتی نوێی بەبیرداهاتن. یی- چانگ بە پێچەوانەی زۆرترینی جووتیارانی هاودەمی، سەوادێكی هـەبوو، دەینووسی و دەیخوێندەوە و توانای هەڵسـووڕاندنی حیسابدارییەكی خۆی هەبوو. ئیتر كە لە سەربازی هاتەوە، كەوتە سەر بەخێوكردنی بـەراز و چاندنی باشترین جۆری گەنم و فرۆشتنی لە بازاڕی شارێكی نیزیك. خانووەكەی،كە باوكی ڕەهنیكردبوو، لە ڕەهن دەرهێنا و، زەویی تریشی كڕی و، بوو بە یەكێك لە دەوڵەمەندترین پیاوانی گوندەكەی.

یی- چانگ، هەرچەندە حاڵیشی تا ڕادەیەك باش بوو، بەڵام تەواوی ژیانی، هەر خۆی زۆر ماندوو دەكرد و، ئاگای لە پارەی بوو. ماڵەكەی، نیو دەرزەنێك ژووری هەبوون، لایەكی خانووبەرەكەی كە بە پووش داپۆشرابوو دەگرتەوە. دوایی پووشەكەی لادا و خشتی تێخست، ئەوە پێشكەوتنێكی زۆر بوو، بەڵام دیوارو عەرزەكەی هەر قوڕ مانەوە. پەنجەرەكان بێشووشە بوون، شووشە هێشتا هی نیعمەتی زێدە بوو. كونێكی چوارگۆشە بوون دە دیواردا، چەند دارێكیان وەكو شیش تێدا ڕایەڵكرابوون و شەوانە بە تەختەیەك دەگیران (سەرما بەدەگمەن قەت بە دەرەجەی بەستن دەگەیشت). ناوماڵ سادە بوو: نوێنی تەختە و، تەختی دانیشتنیش هەروەتر. لە یەكێك لەو ژوورە زۆر سپارتاییانەی ئەو ماڵەدا بوو، لە ژێر لێفەیەكی ڕیسی لۆكەی كاری ماڵ، لە ناو مێشولەبـەندێكی شیندا (تۆڕی لەبەر مێشولە هەڵدەدرێت)، كە مائۆ لەدایك بوو.

مائۆ کوڕی سێیەم بوو، بەڵام یەکەم بوو کە مایەوە، دووەکەی تری پێش ئەو هەر بە منداڵی مردن. ئیتر دایکە بوودایییەکەی ئەوەندەی تر بۆ ئاینەکەی دڵگەرم بوو، تا بەڵکو بوودا ئەم کوڕەی بۆ بپارێزێت. مائۆ، ناوی دوو-بەشیی "تسی- تونگ"ی لێ نرا. "تسی" واتا "لێ‌هەڵهاتن" (ی رووناکی لە ... هەڵهاتن ...ئیدی، یا "روو لە ... بریسکانەوە"). ئەوە ناوێك بوو، بەگوێرەی تۆمارێکی کە بنەماڵەکەی لە سەدەی هەژدەوە رێکیان‌خستبوو، دەبوو لە هەموو منداڵانی ئەم نەسلەی ئێستای ئەو بنەماڵەیە بنرایە. "تونگ" واتا "رۆژهەڵات". کەواتە "تسی-تونگ" واتا: "(...) لە رۆژهەڵات هەڵاتن، بەسەر رۆژهەڵاتدا هەڵاتن". کاتێ دوو کوڕی تریش دواتر (١٨٩٦ و ١٩٠٥) لەدایکبوون، ئەوانیش یەکیان ناونرا "تسی- مین" و ئەوی تریان "تسی - تان" (مین واتا خەڵك، تان رەنگە لە ناوی ناوچەی گەورەی "کسیانگ تان"ـەوە هاتبێت.

ئەو ناوانەی وا لەوکوڕانە دەنران، هەستی دنیای چینیان لە دێرزەمانەوە دەردەبڕی، کە چەندە سەرکەوتنی کوڕی هەم ئارەزوو دەکردو هەم چاوەڕوانده‌کرد. رێگای سەرکەوتن و گەیشتنە پلەوپایەی بەرز لەبەردەمی‌هەموان هەبوو: بیانخوێندایە. خوێندگە لە چەندین سەدەوە هەر خوێندنی کلاسیکی کۆنفوشیوسی بوو. کوڕ، لە هەر زەمینەیەکەوە بهاتایە، هەر کەسێك بوایە، ئەگەر لە خوێندنیدا سەرکەوتوو بوایە، لە تاقیکردنەوەی دەوڵەتدا باش دەرچوایە، دەکرا ببوا بە کارمەند و، تەنانەت لەدواییدا ببوا بە سەرەکوەزیرانیش. سەرکەوتن ئەوەبوو کە پیاو ببوا بە کار-مەندی دەوڵەت و، ئەو ناوانەش کە بەوجۆرە لە مائۆ و براکانی نرابوون، بە ئەو مەبەستە بوو کە بۆ ئەوە بگونجێن.

بەڵام ناوی وا درەخشان ودمی باش نیە و، دەکرێت قەزا و بەڵای قەدەری بۆ خاوەنی تێدا بێت؛ لەبەرئەوە زۆرتر وابوو کە منداڵ لەپاڵ ئەو ناوەیدا، ناوێکی تریشی دەدرایێ، ناوێك نزمیی تێدا بوایە، یا رەقی، یا هەرتك (تا بە چاوەوە نەبێت). مائۆش لێرەدا ناوی "شی سان یا- زی"ی درایێ، واتا "کوڕی بەرد the Boy of Stone".

دایکی مائۆ، مائۆی بۆ تەعمید کردنی دووەمی، بردە لای تاشە بەردێکی دەوری هەشت پێ بەرز و، چونکە کانیاوێك لەخوارەوەی هەبوو، وا دادەنرا کە خێو (رووح، جندۆکە) ی لێ بێت. مائۆ دوای ئەوە کە کڕنووشی برد و ناوچەوانی بە زەوی گەیاند ("کاو- تاو"ی کرد، واتا "سەر- زەوی"، سەری بە زەوی گەیاند)، ئیتر وا دانرا کە لە لایەن تاشەبەردەکەوە تەعمید کراوە. مائۆ، ئەم ناوەی زۆر بە دڵ بوو و، دوای ئەوەش کە گەورە بوو، هەر بەکاری دەهێنا. ساڵی ١٩٥٩، کە بۆ جاری یەکەم و تاقەجاری دەسەڵاتدارییەکەی، سەری لە شائۆشان دا، لەگەڵ دێهاتییەکاندا لە سەر سفرەی شیوی ئێوارە کۆبوونەوە، بە گاڵتەوە گوتی: "ئەوەتا هەموو لێرەن، دایکەبەرد نەبێت، ئەرێ چاوەڕێی بکەین؟".

مائۆ، دایکی خۆی زۆر خۆشدەویست و، هەستێکی بۆ ئەو پیشان دەدا کە بۆ کەسی تری نەبوو . ژنێکی نەرم و نیان و لێبورد بوو . وەك لە بیری مائۆدا مابوو، قەت دەنگی لێ بەرز نەکردبۆوە . مائۆ، سەروسیماشی : دەمو- چاوی پڕ، لێوی پڕ ئیشتیا و، دیمەنی ئارام و گران و خۆراگریی لە چاویدا هی دایکی بوون . مائۆ حەزی دەکرد و، زۆر بە ئیحساساتەوە، تەواوی ژیانی باسی دایکی بکردایە . لەسەر ڕێبازی دایکی بوو کە بە منداڵی ببووە بوودایی . ساڵانێکی دواتر، مائۆ بۆ دەوروبەرەکەی دەگێڕایەوە کە :" من دایکم دەپەرست ... چووبا هەرکوێ بە- دوویەوە بووم، بۆ چوونە مەراسیمی پەرستگا، سووتاندنی بخوور و پارەی کاغەز، کڕنووشبردن بۆ بوودا ... چونکە دایکم ئیمانی بە بوودا هەبوو، منیش ئیمانم پێ هەبوو". بەڵام مائۆ لە ناوەندی دووەم دە ساڵی تەمەنیدا ئیمانی بە بوودایییەت نەما .

مائۆ، منداڵییەکی بێ خەمی هەبوو . تا تەمەنی هەشت ساڵیی، لە گوندی ماڵی خاڵوانی، لای خێزانی کەسو- کاری دایکی، ماڵی " وێن" دەژیا ، چونکە دایکی حەزی دەکرد لای کەسوکاری خۆی بوایە . نەنکی مائۆ (دایکی دایکی) لەوێ، تەواو شەیدای مائۆ بوو و، دوو خاڵەکەشی هەر وەکو کوڕیخۆیان لێ دەنۆڕی، تەنانەت یەکێکیان هەر بەکوڕی خۆی قەبووڵکرد( بووە باوکی تەعمیدی) . مائۆ، وردەکاری سووکەڵەی دەکردن : ئالیکی بۆ بەرازە- کان دەهێنا و، گامێشی بە بێشەی گوڵەکامیلیای لای گۆمێکی بەر سێبەری گەڵای دارەمۆزاندا دەبرد . ساڵانیك دواتر، بە شەوقێکەوە ئەو ڕۆژگارە شاعیرانەیەی بەبیردا دەهاتەوە . دەستی بە فێربوونی خوێندنەوە کرد، لە کاتێکدا کە پوورەکانی، لەبەر چرایەکی نەوت، خەریکی ڕستن و دروومانی خۆیان دەبوون .

مائۆ، بەهاری ١٩٠٢ ، کە هەشت ساڵان بوو، ئەوجا گەڕایەوە " شائۆشان" و، کەوتە بەر خوێندن . بۆ خوێندن، منداڵ دەچوونە ماڵی مامۆستایەك . زۆرتری بەرنامەی خوێندنەکە هەر کلاسیکی کۆنفوشیوسی بوو، ئەوە نەبوو کە منداڵ هیچی لێ تێبگەن، بەڵام ئیدی دەبوو بە بێ ئەوە کە هیچی لێ تێبگەن، لەبەری بکەن . مائۆ بەوە کە توانایەکی سەیری لەبەرکردنی هەبوو،هەتا بڵێیت سەرکەوتوو بوو . منداڵی کە لەگەڵیدا خوێندبوویان، لەیادیان بوو مائۆ چ زیرەکێك بوو و،ئەو دەرسە زەحمەتانەی نەك هەر لەبەردەکردن، تەنانەت هەر وا لەبەر دەشنووسینەوە . مائۆ لەوێ بناغەیەکی باشی زمانی چینی و مێژووی چینی وەدەستهێنا و، کەوتە سەر نووسینی پەخشانی چاك و فێربوونی هونەری خەتی جوان ( کەلیگرافی) و، دانانی شیعریش، کە شیعردانان لە جەوهەری پەروەردەی کۆنفوشیوسیدا بوو . مائۆ شەیدای خوێندنەوە بوو . دێهاتی، بەگشتی، بۆ دەست پێوەگرتنی نەوتی چرایان، زوو

دەیانکردە شەو و دەخەوتن، بەڵام مائۆ تا درەنگانی شەو، لە دەرەوەی مێشوولەبەندەکەی، لەسەر تەختێك ( یا سەکۆیەك) دادەنیشت و، لەبەر چرای نەوت دەیخوێندەوە . ساڵانێکی دواتر، کە ئیتر گەورە رابەری چین بوو، یەك دنیا کتێبی، بە بەرزایی پێیەك بە دەوری خۆیەوە، لەسەر تەختە زەلامەکەی نوستنی کەڵەکەکردبوون، نیوەیان هی ئەدەبیاتی کلاسیکی چینی بوون، کە مائۆ ئەو هەمووە قسانەی لە سەرچاوەکانی مێژووی چین بۆ رازاندنەوەی نووسینەکانی لێ وەردەگرتن، لەکاتێکدا کە شیعرەکانی چیتر پێزیان نەمابوو .

مائۆ، زۆر وا دەبوو بەگژ مامۆستاکانیدا دەچوو . تەمەنی دە ساڵ بوو، کە وازی لە یەکەم خوێندگەی هێنا، مامۆستاکەی پێ زێدە توندوتیژ بوو . بەلای کەم، لە سێ خوێندگە دەرکرا، یا "پێی‌گوترا کە بڕوات"، چونکە سەرسەخت و سەرکێش بوو . دایکی، زۆری ناز دەدایێ، بەڵام باوکی بەو وەزعەی شاد نەبوو؛ ئەو نەسرەوتنەی مائۆ لای مامۆستایەك، هۆیەکی کێشەی بوو لەگەڵ باوکیدا . "یی چانگ" ئەرکی خوێندنی کوڕی دەکێشا و، چاوی لەوەبوو کوڕیش بۆ هەڵسووڕاندنی ژیانی خێزانی، یارمەتییەك بدات، بەڵام مائۆ رقی لە شتی وابوو . مائۆ، تەواوی ژیانی لە حیسابدا کول و، لە ئابووریدا تەپۆ بوو؛ کاری سەختی دەستوبازووشی حەزلێنەدەکرد و، بە دەرچوونی لە دێ، ئیتر هەر بە لای شتی وادا نەچوو .

یی چانگ، مائۆی وا تەنبەڵی پێ تەحەمول نەدەکرا . خۆی، هەر لە خەو هەڵدەستا، ئیدی یەك دەقیقەش بێ‌کار دانەدەنیشت، دەیویست کوڕیشی چاوی لێ بکات و، کە نەیدەکرد لێی دەدا . مائۆ رقی لە باوکی بوو . ساڵی ١٩٦٨، کاتێك بە بەربڵاوی کەوتە تۆڵەکردنەوە لە دوژمنەکانی، بە شکەنجەکارەکانی گوت ئای کە حەزی دەکرد باوکیشی ئێستا لەوێ بوایە، تا ئەویش وەکو ئەو دوژمنانەی "بکرایە بە فڕۆکەی جێت" !، واتا هەر دوو دەستی بۆ سەر پشتی بادەن و سەریشی پێ شۆڕکەن .

مائۆ، وەنەبێت هەمیشە قوربانیی باوکی بووبێت، وەڵامی دەداوە و، زۆرتریش وادەبوو دەیبردەوە . بە باوکی دەگوت ئەو باوکە و گەورەترە، کەواتە دەبێت لەوی منداڵ پتر کاربکات، قسەیەکی کە بە پێوانەی فەرهەنگی چین ئەوپەڕی بێ‌حەیایی بوو . مائۆ گێڕاویەتەوە، کە جارێك لەبەرچاوی میوانان، لەگەڵ باوکیدا لێیان بووە بە هەرا :

"باوکم، لەبەر چاوی میوانان سەرزەنشی کردم، بە تەنبەڵ و بێ‌کەڵکی ناوبردم . ئەوە زۆری تووڕەکردم . جنێوم پێ دا و، لە ماڵ دەرچووم ...باوکم دوامکەوت، نەفرینی لێ‌دەکردم و فەرمانی دەدامێ کە بچمەوە . چوومە سەر لێواری گۆمێك و، هەڕەشەم کرد ئەگەر لێم نیزیك بێتەوە خۆم دە گۆمەکە داوێم ... باوکم

بەوە وازی هێنا".

جارێکی تر، کە مائۆ دیسان ئەو چیرۆکەی دەگێڕایەوە، پێکەنی و گوتی :

" پیرەمێردی وەکو ئەو نەیاندەویست کوڕیان لەدەست بچێت . ئەوە نوختەی زەعفیانە، من لەو نوختە زەعفەیانەوە هێرشم بۆ بردن و، بردمەوە!" .

تاقە چەکێکی بە دەستی باوکی مائۆوە هەبوو، پارە بوو . کاتێك ساڵی ١٩٠٧، مامۆستای چوارەم، مائۆی دەرکرد، باوکی پارەی خوێندنی لێ بڕی و، ئیتر کوڕی سێزدەساڵی دەبوو بەتەواوی خۆی بۆ کاری دێ تەرخان بکات . بەڵام مائۆ دوای ئەوە بە زوویی توانی خۆی لەو کارە رزگار بکات و لە دنیای کتێب هەڵچێتەوە . یی چانگ زۆر حەزیدەکرد کوڕەکەی ژن بهێنێت، تا ئیتر بە ماڵوحاڵییەوە ببەسترێتەوەو هەست بە بەرپرسیاری بکات . برازاکەی، رێك هی ئەو تەمەنە بوو کە شووی بکردایە . کچ چوار ساڵ لە مائۆ گەورەتر بوو . مائۆ قەبووڵیکرد بیهێنێت و، زوو دوای ئەوە کەوتەوە سەر خوێندن .

ساڵی ١٩٠٨ ژنی هێنا، کە تەمەنی چاردە ساڵ بوو و، ژنەکەی هەژدە ساڵ بوو . ژن ناوی نەبوو، بە ناوی بنەماڵەکەی (" لوئۆ" ؟! - وەرگێڕ) هەر پێیاندەگوت " لوئۆ ژن" . تاقە جارێکی کە پێدەزانین مائۆ باسی ئەو یەکەم ژنەی کردبێت، ئەوەیە کە ساڵی ١٩٣٦ بۆ رۆژنامەنووسی ئەمریکایی " ئێدگار سنۆو"ی باسکردووە . هەتا بڵێیت بە سووکایەتی لێیدواوە و جیاوازیی تەمەنیشی زیادکردووە :

" کاتێك چاردەساڵ بووم، دایکوباوکم ژنێکیان بۆهێنام بیست ساڵ بوو . بەڵام من قەت لەگەڵیدا نەژیام ... بە ژنی خۆمی دانانێم و ... کەم هیچ گوێیەکم پێ داوە" .

مائۆ، بە هیچ جۆرێك بەلای ئەوەدا نەچووە پێیبڵێت کە ئێستا نەماوە، چونکە ئەوەی راستی بێت، ئەو ژنەی، ساڵی ١٩١٠، ساڵێك و شتێك دوای ئەو مێردکردنەی، مردووە .

ئەو ژنهێنانە زووە، مائۆی وا لێکرد ئێجگار زۆر دژی ئەو جۆرە ژن و مێردییە بێت کە کەسوکار بۆ ئەولادیان رێکدەخست . نۆ ساڵ دوای ئەوە، مائۆ گوتارێکی ئاگرینی دژی ئەو جۆرە ژن و مێردییە نووسی :

" لای خێزانی رۆژئاوا، دایکوباوك، خواستی ئازادانەی ئەولادیان قەبووڵە . بەڵام لە چین، فەرمانی دایکوباوك بە هیچ جۆرێك لەگەڵ خواستی ئەولادیاندا ناگونجێت ... ئەمە جۆرێك « هەتکی جنسیی ناڕاستەوخۆ»یە. دایکوباوکی چینی، هەمیشە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەولادی خۆیان هەتکدەکەن..." .

مائۆی بێوەمێردی شازدەساڵانە، هەر کە ژنی مرد، ویستی لە شائۆشان بڕوات . باوکی ویستی بیکاتە شاگردی

عەنبارێکی برنج لە شاری مەرکەزیهەرێم . بەڵام مائۆ چاوی بڕیبووە خوێندگەیەکی نوێی دەوری ٢٥ کیلۆمیترێك دوور . بیستبووی کە تاقیکردنەوەی ئیمپراتۆری نەمابوو . لەجیاتیان، خوێندگەی نوێ هەبوون، شتی وەك زانست، مێژووی جیهان و جوغرافیا و زمانانی بێگانەیان تێدا دەخوێندران . ئەو خوێندگانە بوون کە دەرگایان بۆ زۆری وەك ئەو کردەوە کە لە ژیانی دێهاتییان دەرچن .

چین، دوادوایی سەدەی نۆزدە، ملی لە گۆڕانێکی زۆری کۆمەڵایەتی نا . بنەماڵەی" مانچو" ( یا: Qing کینگ - وەرگێڕ) ی لە ١٦٤٤ەوە فەرمانڕەوای چین بوو، خەریك بوو لە کۆنەوە بەرەو نوێ دەچوو . زنجیرەیەك شکستی زۆر پیسی چین لەبەرامبەر هێزە ئەوروپاییەکان و ژاپۆن، ئەو گۆڕانەی هان دەدا؛ شکستی کە سەرەتا لە شەڕی ئەفیوونی لەگەڵ ئینگلیسدا ١٨٣٩-١٨٤٢ بە سەری هاتبوو، کە ئەوروپایی ئیتر هاتبوون لە دەرگای داخراوی چینیان دەدا . هەر لە دەرباری فەرمانڕەواوە تا بە رۆشنبیران دەگات و تا بە نیزیکەی هەمووکەس، هەمووی هاتبووە سەر ئەوە کە چین، بۆ مانەوەی، پێویستی بە گۆڕان هەبوو . کۆڵێك گۆڕانی ئەساسی داهێنران، کە یەکێك لەوانە دامەزراندنی نەزمێکی خوێندنی بەتەواوی نوێ بوو . دەست بە دروستکردنی خەتی قەتار کرا . سەنعەتی نوێ و بازرگانی،هەرە مەبەست بوون . رێکخراوانی سیاسی ئیجازە دران . بۆ جاری یەکەم، رۆژنامە دەرچوون . خوێندکاران ناردرانە وڵاتانی تر، تا زانست بخوێنن و، کارمەندانیش ناردران فێری دیموکراسی و سیستمی پەرلەمانی بن . ساڵی ١٩٠٨، دەربار بەرنامەیەکی راگەیاند، کە بەگوێرەی ئەوە دەبوو چین بە نۆ ساڵ ببوا بە دیموکراسی و خاوەنی سیستمی پەرلەمانی .

ستانەکەی مائۆ، هونان، دەوری ٣٠ ملیۆن کەسێکی لێ دەژیا، بوو بە یەکێك لە ستانە هەرە کراوە وگەشەکان . هەرچەندە راستەوخۆ لە سەر کەناری دەریا نەبوو، بەڵام رووبارەکانی رێگای پێوەندییان بۆ دابین دەکرد و، پایتەختەکەی، چانگ شا، ساڵی ١٩٠٤ بوو بە بەندەرێکی بازرگانیی "کراوە" ( بۆ بازرگانیی بێگانەش) . ئیتر بێگانەی زۆر، لە بازرگانان و لە بڵاوکەرەوەکانیمەسیحیەت، روویان تێکرد و، فەرهەنگی رۆژئاواییان لەگەڵ خۆیان هێنا. کاتێك کە مائۆ بیستوویە خوێندگەی نوێ هەبوون، ئەوسا لە سەد خوێندگەشی پتر لێبوون، لە هەر بەشێکی تری چین پتر، زۆریشیان لێ بۆ ژنان بوون .

یەکێك لەوانە، نیزیکی مائۆ بوو : ئیستەن هیڵ Eastern Hill ( ی پرۆتیستانتی- وەرگێڕ ) لە مەڵبەندی ماڵی "وێن"، ماڵی دایکی مائۆ بوو . هەقی خوێندن و ئەرکی ژیانی، زۆری تێدەچوو، بەڵام مائۆ هانای بردە بەر

ماڵی خاڵوان و خزمانێکی تری، باوکیان رازی کرد و، مەسرەفی پێنج مانگی دایێ . ژنی یەکێك لە خاڵۆزاکانی، مێشوولەبەندێکی سپیی مووسڵیی کاری مەکینەی دایێ، تا لە جیاتی مێشوولەبەندە شینەکەی کاری ماڵیی هەبێت و، شایانی خوێندگە نوێیەکەی بێت .

مائۆ، بەو خوێندگەیە چاوی کرایەوە . دەرسی وەرزش، مووسیقا و زمانی ئینگلیسیشی هەبوون . لەوشتانەی لەوێ خوێندنییەوە : کورتەیەکی ژیننامەی ناپلیۆن، وێلنگتن، پیتەری گەورەی رووسیا و، لینکۆڵن . بۆ جاری یەکەم باسی ئەمریکا و ئەورووپای بیست . بەتایبەتی زەلامێك لەوێ زۆر سەرنجی مائۆی راکێشا، کەسێك کە لە هەندەران ببوو ـ مامۆستایەك بوو لە ژاپۆنی خوێندبوو و، خوێندکارەکانی ناویان نابوو " شەیتانی بێگانەی قەلب"! ( لەگەڵ زەلامی بەناوبانگی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەتی بەوناوە نەشێوێت، ئەمە کەسێکی ترە - وەرگێر) . چەند دە ساڵ دواتر، مائۆ هەر لەبیری مابوو کە ئەوە گۆرانییەکی ژاپۆنیی فێرکردبوون،گۆرانییەکی پێهەڵگوتنی سەرکەوتنە زۆر سەیرەکەی ژاپۆن بوو، کە لە شەڕدا، ساڵی ١٩٠٥، بەسەر رووسیادا سەرکەوت .

مائۆ،هەر چەند مانگێك لە" ئیستەرن هیڵ" مایەوە، بەڵام ئەوەندەی بۆ سەرەتا بەس بوو،تا دوای ئەوە هەنگاوی پتر بنێت . لە " چانگ شا"ی پایتەختی هەرێم، خوێندگەیەکیان بە تایبەتی بۆ جەوانانی مەڵبەندی "وێن"ـەکان دانابوو . هەرچەندە مائۆ بەتەواوی بە خەڵکی ئەوێش دانەدەنرا ،بەڵام بەهەرحاڵ توانی مامۆستایەك قەناعەت پێ-بکات کە لەوێ وەریبگرن . بەهاری ١٩١١، مائۆ، بە هەستێکی وەك کە بە وشەی خۆی دەریبڕیوە :" بێ سنوور ورووژاو" گەیشتە " چانگ شا". تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، کە بە ژیانی جووتیاریی گوت : بۆ هەتاهەتایە خودا-حافیز ! .

مائۆ، دواتر باسی ئەوەیکردووە کە گوایا کاتێك لە شائۆشان بووە، زۆر بۆ جووتیارە هەژارەکان بەپەرۆش بووە . بەڵام هیچ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەی نیە . مائۆ باسی" پانگ" ناوێکیشی کردووە، کە گوایا بەرداش-تاشینی پیشە بووە . مائۆ دەڵێت کاتێك کە ئەو لە شائۆشان بووە، ئەو پیاوە رابەریی راپەڕینێکی جووتیارانی کردووە، لە سەر ئەوە گیراوە و سەریان پەڕاندووە و، گوایا ئەوە زۆر کاری کردووەتە سەر هەستی مائۆ . کەچی مێژووناسانی حیزب،کە وەدووی باسی ئەوە کەوتوون و، هەوڵی ئێجگار زۆریان داوە شتێك لەبارەی ئەو پیاو و رووداوە بدۆزنەوە، هیچ شوێنەوارێکی شتێکی وەهایان دەست نەکەوتووە .

هیچ شتێك، لەبارەی هەستی کۆمەڵایەتیی مائۆوە بەدەستەوە نیە پیشانی بدات مائۆ قەت هیچ دڵێکی لای

ریشەی جووتیاربوونەکەی هەبووبێت . یا تەنانەت هیچێکی لەوەش کەمتر هەبێت پیشانی بدات بێدادی مائۆی بزواندبێت . سەنەدێکی ئەو سەردەمەی مامۆستایەکی مائۆ هەیە،بیرەوەرییەکانی پرۆفیسۆر"یانگ چانگ- چی"، کە پرۆفیسۆر تێدا بە تاریخی پێنجی ئاپریلی ١٩١٥ نووسیویە :

" مائۆ تسی - تونگی خوێندکارم گوتی کە ... بەرەبابەکەی ...زۆرتر جووتیارن، « و بە هاسانی دەتوانن دەوڵەمەند بن» ".

مائۆ هیچ هەستێکی تایبەتی بۆ هاودەردیی لەگەڵ جووتیاران پیشان نەداوە .

تا ١٩٢٥یش، کە مائۆ لە سەرەتای سالآنی سیی تەمەنیدا بوو، پێنج ساڵ دوای بوونە کۆمونیست، لە تەواوی نووسین و قسەکانی تا ئەوسایدا تەنیا چەند جارێکی کەم ئیشارەتێکی بە جووتیاران کردووە . ئەو ئیشارەتانە، مانگی هەشتی ١٩١٧، سەریان لە نامەیەکییەوە هەڵێناوە، بەڵام لە دەربڕینی هەر هەستێکی هاودەردی دوور بوون . مائۆ لەوێدا دەڵێت ئەو بەوشێوەیەی کە فەرماندەیەك بەناوی" تسێنگ‌کوئۆ- فان"،گەورەترین راپەڕینێکی جووتیارانی مێژووی چین، یاخیبوونی " تایپینگ"ی " کۆتایی پێ‌هێنابوو"، ١٨٥٠-١٨٦٤، دەڵێت کە ئەو بەوە " شێواوە". مائۆ، دوو ساڵ دوای ئەوە، مانگی حەوتی١٩١٩،گوتارێکی نووسیوە، تێدا باسی خەڵکی هەموو کارو پیشەکانی چین دەکات - کە نەدەکرا مەگەر باسی جووتیارانیشی هەر تێدا بێت -، بەڵام لیستەی پرسەکانی زۆر گشتی و زۆر بە روونی بێ لایەنانە دیارە . هیچ عاتیفەیەکی لە باسی جووتیاران تێدا نابینین، لەکاتێکدا ئەوەندە بە دڵگەرمی باسی خوێندکاران دەکات کە دەڵێت ژینیان " دەریایەکی تاڵی"یە .

لیستەیەکی دووردرێژی، نە کەمتر لە ٧١ بڕگەی کە مائۆ مانگی نۆی هەمان ساڵ بۆ لێکۆڵینەوەی داناوە، تەنیا یەك تاقە سەرخەتی تێدا ( دەیەم) باسی کرێکارانە؛ لە پازدە لقی ئەو یەك سەرخەتە، تەنیا یەك دانەیان باسی جووتیارانە،کە ئەویش " مەسەلەی خۆ لە سیاسەتگلاندنی جووتیاران"ـە . مائۆ، لە دوا سالآنی ١٩٢٠دا، کە چووە فەلەکی کۆمونیستی، ئەوجا کەوتە سەر بەکارهێنانی وشەی وەك " کرێکاران و جووتیاران" و " پرۆلیتاریا". بەڵام مەسەلە هەر زاراوەبەندی بوو، ئەوانە بەشێك بوون لە لیستەی وشەی ئیجباری و هیچی دی .

مائۆ، دەیان ساڵی دواتر، باسی ئەوەی کردووە کە کاتێك لە شائۆشان، کە لاوێك بووە، چەندە دڵی لای ئەو خەڵکە بووە کە لە برسان مردوون . بەڵام کە لە تۆماری دەنۆڕین، ئەوەی تێدا نابینین . " چانگ شا" کە ساڵی ١٩٢١ قاتیی تێ‌کەوتووە، مائۆ لەوێ بووە . هەڤاڵێکی مائۆ باسی ئەو قاتییەی نووسیوە دەڵێت :

" سواڵکەر زۆرن - رەنگە هەر رۆژە سەد هەبن ... زۆرتر ... وەکو هەیکەلێکی ئێسکن کە لە پێستێکی

زەردتەوە پێچابن، - تۆ بڵێ- یـەك فوو دەتوانێت بیانبات "، " بیستم كە زۆر لەوانەی هاتوونەتە ئێرە ...لەدەستی قاتی لە شوێنیخۆیان رایانكردووە،مردوون- ئەوانەی تەختەیان دەدا بە خەڵك( تا تابووتیان لێ دروست بكەن) ... ئێستا چیتر ئەوەیان لەدەست نایەت ."

مائۆ، لە نـووسینەكانی ئەو سەردەمەیدا، باسی ئەو قاتییە نـاكات و، هیچ شتێك نیە پیشانی بدات مائۆ هیچ بیری بەوەوە خەریك بووبێت .

رابردووی جووتیاریی مائۆ، گیانی میسالییەتی باشكردنی چارەنووسی جووتیارانی تێدا نەگووراندووە .



مائۆ تسی- تونگ و " مائۆ یی- چانگ "ی باوكی

## ٢- بوونە کۆمونیست

## ( ١٩١١-١٩٢٠؛ تەمەن ١٧-٢٦)

مائۆ، بەهاری ١٩١١، گەیشتە "چانگ شا" (پایتەختی ئوستانەکەی، هونان، بۆ خوێندن) . کەواتە ڕێك پێش "شۆڕشی کۆماری"، ئەو شۆڕشەی کە کۆتایی بە ئیمپراتۆریی دووهەزار ساڵی چین هێنا ( کردی بە کۆمار) . چانگ شا، هەرچەندە کاتێك فەیلەسووفی ئینگلیس" بێرتراند ڕەسڵ" دە ساڵێکیش دواتر دیتوویە، پێی" ڕێك وەك هەر شارێکی سەدەکانی ناوەندی" بووە، " شەقامەکانی تەسك ... بەکەڵکی هیچ هاتوچۆیەك نەدەهاتن، مەگەر بەو کەژاوانەی مرۆڤ تێیاندەچوو و دوو زەلام، یەکێ لەپێشەوە و ئەوی تر لە دواوە هەڵیاندەگرت، یا عارەبانەی کە پیاوێك دەیکێشا"، بەڵام شار نەك هەر خەریك بوو ئاگاداری بیروڕا و ڕێبازی نوێ دەبوو، بگرە بە چالاکیی "کۆماری" ( خەبات بۆ بوونە کۆمار) دەکوڵی . دەرباری مانچو ( یا : کینگ - وەرگێڕ) بەڵێنی بوونە سەڵتەنەتی دەستوورییان دابوو، بەڵام کۆماریخواز بڕیاریان دابوو خۆیان بەتەواوی لە مانچو ڕزگاربکەن . ئەوان ئەسڵەن دەسەڵاتی مانچویان بە هی بێگانە دەدیت، چونکە مانچو لە قەومی سەرەکیی چین، لە "هان" ( دەوری ٩٤٪ی خەڵکی چین) نەبوون ( خەڵکی مانچوریا بوون- وەرگێڕ) . کۆماریخواز، لە ڕێی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەوە کە دە ساڵی ڕابردوو لە هەموو شوێنێکی چین سەریان هەڵێنابوو و، لە ڕێگای جۆرەها لێدوان و چالاکیی ئاشکراوە،کە پێشتر قەت وا نەدیترابوون و هەر لە جەغزی تایبەتیدا ببوون، پڕیشکیان بە هەموو لایەکدا دەپژاند . ڕێکخراویان دادەمەزراندن و تەنانەت دەستیان دا چەند ڕاپەڕینێکی چەکداریش ــ کە تێدا سەرنەکەوتن .

مائۆ، ئێستا لێرە کە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، بۆ جاری یەکەم لە ژیانیدا ڕۆژنامەی دیتن و خووی بە خوێندنەوەیان گرت، خوویەکی کە ئیتر تا کۆتایی ژیانی هەر لای ما . بەوە تێکەڵ بەم دنیا نوێیە بوو و، یەکەم نووسینی سیاسیشی نووسی . نووسینێکی بێ سەروبەر،لایەنی بیروڕای کۆماریخوازانی تێدا گرتبوو و، ئەوەی، بەگوێرەی کە ئەوسا باو بوو، بە دیوارێکی خوێندگەکەیەوە هەڵاوەسی . مائۆش، وەك زۆر خوێندکاری تری خوێندگەکەی، کەزییەکەی بڕی، کە پیاو بە ڕەمزێکی هەرە لەبەرچاوی نەریتی ئیمپراتۆری، تەواوی قژیان لە پشت سەرەوە بە یەك کەزی دەهۆنییەوە . تەنانەت لەگەڵ هەڤاڵێکی، دەستیان دا مقەست و، کەوتنە گیانی کەزیی خوێندکارانی تریش، کەزیی چەند دە کەسێکیان بە زۆر بڕین .

ئەو هاوینەی چانگ شا، وەکو هەموو هاوینێکی، هەوای گەرم و نماوی، زۆر بە حەماسەوە باسیان لەوە دەکرد چۆن ئیمپراتۆر بخەن. ڕۆژێك، لە باسێکی وادا کە بە نەتیجە نەدەگەیشتن، خوێندکارێك کەوا شۆڕەکەی بەرگی خوێندنی دادڕی و، فڕێی دایە زەوی و گوتی: "با هێندێك مەشقی ماددی بکەین و، بۆ شەڕ ( لە دژی ئیمپراتۆر) ئامادەبین."

مانگی ئۆکتۆبر، ڕاپەڕینێك لە ستانی هاوسێ، "هو بێی"، هەڵگیرسا و "شۆڕشی کۆماریی" ڕاگەیاند. بنەماڵەی مانچو ی کە لە ٢٦٠ ساڵ پتر حوکمی چینی کردبوو، تەپی و، ١٩١٢/١/١ "کۆمار" ڕاگەیاندرا. مانگی دوای ئەوە، ئیمپراتۆری منداڵ "پو یی" بەرەسمی وازی لە سەڵتەنەت هێنا.

بەدووی سەرکۆماریکاتیی "سون یات- سێن"دا، فەرماندەی هێزی چەکداری وڵات "یوئان شیهـ-کای" بوو بە سەرکۆمار. ستانەکان لە ژێر کۆنترۆڵی پیاوانی هێزی چەکداری ئەو "یوئان"ـەدا بوون. ساڵی ١٩١٦، "یوئان" مرد، حکومەتی مەرکەزیی لە پێکین بێهێز بوو و، دەسەڵات بڵاوبوو و، سەرۆکانی ویلایەتان بوونە جەنگساڵارا- نێکی نیوە سەربەخۆ. ئەوانە، لە دە ساڵی بەدووی ئەوەدا، وادەبوو پێك هەڵدەپژان و بەوە ژیانی خەڵکێکیان لە مەیدانانی ئەو پێكهەڵپژانانەدا دەشێواند. بەڵام، جگەلەوە، ژیانی خەڵك بێ کێشە دەڕۆیشت و، تەنانەت جۆرەها ڕێگا و توانا بۆ کاروکسابەت و پێگەیشتن لە سەردەمی ئەم کۆمارە ساوایە لەبەردەم خەڵك دەکرانەوە. مائۆی لاویش، دنیایەك ڕێگای لە بەردەم بوون، دەبوو هەڵبژێرێت: سنعەت، بازرگانی، قانوون، ئیدارە، پەروەردە، ڕۆژنامەگەری، فەرهەنگ ( کولتوور)، هێزی چەکدار. سەرەتا، چووە لەشکرێکی کۆمارەوە، بەڵام هەر چەند مانگێکی تێدا مایەوە، مەشقکردنی پێ خۆش نەبوو، یا وردەکاری وەك ئاوهێنان بۆ چێشت لێنان، کە پارەیەکی بۆ ئەوە دەدا بە ئاوبارێك بۆی بهێنێت، خۆی نەیدەکرد. بڕیاری دا درێژە بە خوێندن بدات و، کەوتە سەر سەیر- کردنی ئەو هەمووە ڕاگەیاندنانەی لە ڕۆژنامەاندا ( جۆرەها ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو و بە ڕەنگ، کە ئەمانیش ئیتر لە چین شتی نوێ بوون). شەش خوێندن سەرنجیان ڕاکێشا، لەوانە: کۆلیجی پۆلیسی، کۆلیجی قانوون و، خوێندگەیەکی دروستکردنی سابوونیش. خوێندنێکی ئامادەیی دیتەوە، لەوێش شەش مانگێکی بەسەربرد تا بەتەواوی تاقەتی لێ چوو، وازی لێهێنا و، ئەمجارە هەر دەچووە کتێبخانەیەکی گشتی، تا لەوێ هەر بە خۆی خۆ پێ بگەیەنێت.

ئاخری، مائۆ لێرە شتێکی خۆشی بە دڵی خۆی دیتەوە: تەواوی ڕۆژەکەی بە خوێندنەوەی کتێبی نوێ بە سەر- دەبرد، کە نووسراوانی وەرگێڕدراوی ڕۆژئاوایشیان تێدا بوون. مائۆ، دواتر باسی ئەوەی کردووە کە" هەروەك

گامێشێك كه له بێستانێكدا بەرەڵڵاكرابێت، ئیدی هەرچی تێدابوو هەڵمەدەلووشی". ئەم خوێندنەوەیە یارمەتیی مائۆی دا كه مێشكی له بەندی لەمێژینه رزگاربكات .

بەڵام باوكی هەڕەشەی لێ كرد ئەگەر نەچێتە خوێندگەیەك، پارەی لێ دەبڕێت، ئیدی مائۆ چووە كۆلیجێكی پێگەیاندنی مامۆستایان . كۆلیج، دەرسی بە بێ پارە بوو و، خۆراك و جێی حاوانەوەی هەرزانیشی دابین دەكرد ـ وەك زۆر كۆلیجی تری ئەو قۆناغەی چین، بەشێك بوو لە سیاسەتی دەوڵەت كه دەیویست خوێندن هان بدات .

ئەوە بەهاری ١٩١٣ بوو، مائۆ تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو . كۆلیجەكە، وێنەیەكی تەواوی بیركراوەیی ئەو سەردەمە بوو . تەنانەت بیناكەشی بە تەرزی ئەوروپایی دروست كرابوو، بە تاقی هەندەسەی رۆمانیسك و داڵانی بەرینی بەكۆڵەكە، كە زۆر لە جێیخۆیدا ناویان نابوو" یانگ - لوو" ( خانووەبەرە بیگانە) . ژوورەكانی خوێندن، ئەرزە-كەیان تەختەی جوان و، بە پەنجەرەی بەشووشە بوون . خوێندكار، رووبەڕووی هەمموو جۆرە بیروڕای نوێ دەكرانەوە، هان دەدران كه ئازادانە بیربكەنەوە و،كاری خوێندنی بەدەستە رێك بخەن . ئیتر ئەوانە جۆرەها بڵاوكراوەیان بەرهەم بوون، لەبارەی : ئانارشیزم، ناسیۆنالیزم و، ماوەیەك وێنەیەكی " ماركس"یان هەر لە هۆڵی كۆلیجەكەیان هەڵا-وەسیبوو . مائۆ، پێشتر، وشەی " سۆسیالیزم" لە رۆژنامەیەكدا تووش ببوو . ئەمجارەیان لێرە بۆ جاری یەكەم وشەی " كۆمونیزم" یشی دیت . ئەوە بەڕاستی سەردەمی " با سەد گوڵ بپشكوێن"بوو، ئەو قسەیەی كە مائۆ خۆی دواتر جارێك لە حوكمیدا بەكاری هێنا، بەڵام بێ ئەوە كه تۆزووكێك لەو ئازادییەی كه خۆی ئاوا لێرە دیتبووی تیدا رێگا بدات .

مائۆ، لاوی تەنیایی نەبوو و، لەگەڵ هەڤاڵەكانیدا، وەكو هەمموو خوێندكارانی تری دنیا، سەرگەرمی قسەی زۆر و توند دەبوون . كۆلیجەكەیان نیزیكی رووباری" كسیانگ"،گەورەترین رووباری هونان، بوو. مەلەكردنی لەو رووبارەدا، ساڵی ١٩١٧، ئیلهامی دانانی شیعرێكی زۆر زەرقوبەرقیشی دایێ . هەڤاڵان، ئێوارانە، پیاسەی دوورودرێژیان دەكرد، لە دیمەنی ئەو "جونك"( كەشتیی بایەوانیی چینی)یانەیان دەنۆڕی، كه بەلای " دوڕگەی پرتەقاڵ"دا دەهاتن كه هەمووی باغی پرتەقاڵ بوو . ئێوارەی هاوین، بە گردی پشت كۆلیجەكەیان هەڵدەگەڕان، لە سەر گیا، لەبەر دەنگی سیسرك و، درەوشانەوەی گوڵەستێران، تا زۆر درەنگانی شەو دەدوان و، گوێیان بە دەنگی شەیپووری خەوی كۆلیج نەدەدا .

مائۆ و هەڤاڵەكانی، زۆریشیان سەفەر دەكرد . هاتوچۆ بەتەواوی ئازاد بوو، كەس پرسیاری تەزكەرە و هەویەت و شتی وای نەدەكرد . پشووی هاوینی ١٩١٧، مانگێك بۆخۆیان بە دێهاتدا گەڕان، خۆراك و خەویان لای

دێهاتییان بەوە دابین دەکرد کە بە خەتی خۆش دەرگای دەرەوەی ماڵەکانیان بۆ دەڕازاندنەوە . مائۆ و دوو خوێند-کاری هەڤاڵی، جارێك، بە پەنا ڕێگای قەتارێکدا کە تازە کرابۆوە ڕۆیشتن، دنیا دایە تاریکی، چوون لە دەرگای دێرێکیان دا، لە سەرووی تەپۆلکەیەك، دەپروانییە سەر رووباری کسیانگ . دێرنشین رایانگرتن کە شەو میوان بن . دوای شێو( شیوخواردن)، بە بەردەبازی ڕێگای گردەکەدا دابەزینە دەم رووبارەکە و مەلەیان کرد . ئەوجا لە سەر لمی کەناری رووبار دانیشتن و، لەبەر شڵپەی شەپۆلان، کەوتنە روونکردنەوەی بیروڕایان . ژووری میوانان، هەیوانێکی هەبوو، هەڤاڵ لەوێ، لە بێدەنگیی شەودا هەر سەرگەرمی قسەکردن بوون . یەکێکیان، جوانیی شەوی بێدەنگ هەستی بزواند و، گوتی کە دەیویست ببێت بە رەبەنی دێرنشین .

ئەمجارە و، زۆر جاری دی، مائۆ زۆر بە توندی قسەی بە هاونیشتمانە چینییەکانی گوتووە . وەك کە گوتوویە : " خەڵکی ئەم وڵاتە هەر بە رەوشت تەنبەڵن"، یا " نیفاق دەپەرستن، بە کۆیلەیی رازین، بیرتەسکن" . هەستی لەوبابەتە، تا ئێرە، ئەوسا لای خوێندەواران باوبوون، لە سەردەمێکدا بوو کە خەڵك دەیانویست تێبگەن بۆچی وڵاتەکەیان وا لەبەرانبەر هێزی بێگانەدا شکا و، بۆچی ئەوەندە لە دنیای نوێ پاشکەوت . بەڵام مائۆ لەوە پتر ڕۆیشت، بەشێوەیەکی نائاسایی شووڵی لێ هەڵکێشا ، هەڤاڵێکی لە بیرەوەریی خۆیدا نووسیویە :

" بەڕێز مائۆ پێشنیاری کرد هەموو شیعر و پەخشانی چینی دوای حوکمی بنەماڵەی« تانگ» و « سونگ» بە یەکجار بسووتێنن " ( ئەدەبیاتی حەوت سەدەی چین - وەرگێڕ) .

ئەوە یەکەم جاری مائۆیە پێدەزانین کە ئەو ئەندێشەیەی دەربڕیوە، کە دواتر بوو بە ڕەمزێك لە ڕەمزەکانی حوکمی : ئەندێشەی وێرانکردنی فەرهەنگی چین . هەرچەندە ئەو یەکەمجارەی کە مائۆ، ئەو شەوە ئەوەی لە بەر تیشکی مانگ لەو دێرە گوت، بەتەواویش سەیرو ناقۆڵا نەبوو . چونکە سەردەمەکە هی ئازادییەکی شەخسی و فکریی وەها بوو کە قەت وێنەی لە مێژووی چیندا نەدیترابوو . هەرچی تا ئەوسا کەس بە هیچ جۆرێك لاری لێ نەبوو، ئێستا دەکەوتە بەر باس و؛ ئەوەی بە هەڵە دانرابوو، ئێستا بە راست دادەنرا . ئایا پێویست دەکات وڵاتان هەبن ؟ خێزان هەبێت ؟ ژن و مێردی ؟ دارایی تایبەتی ؟ هیچ شتێك ئیتر نەبوو کە بە سنوور تێپەڕاندن دابنرایە، لە باسی بسەلمێنایەتەوە و نەکرابا بگوترایە .

ئا لەم موحیتەدا بوو،کە روانگەی ئەخلاقیی مائۆ شکڵی گرت . زستانی ١٩١٧-١٩١٨، کە تەمەنی ئیتر ٢٤ ساڵ بوو، لێنۆرینێکی دوورودرێژی خۆی لەسەر کتێبێك نووسی، کتێبی" نەزمی رەوشت (ئەخلاق)"ی فەیلەسوو-

فێکی پایە کەمی دواییەکانی سەدەی نۆزدەی ئەڵمان، فریدریش پاولزەن .

Friedrich Paulsen, System der Ethik

مائۆ، نوختەی مەرکەزیی رەوشتی خۆی لە ئەو لێنۆڕینەیدا پیشانداوە، ئەو رەوشتەی کە لە شەش دەساڵی دوای ئەوەی ژیانیدا هەیبوو و رەوشتی حوکمی پێ دەناسرا . هەڵوێستی مائۆ لە رەوشت، بریتی بوو لە تاقە یەك شت : " من" لە سەرووی هەر شتێکەوە :

" من لەگەڵ ئەو بیرەدا نیم کە « بە رەوشت بوون» مانای ئەوە بێت مرۆڤ بۆ کەڵك گەیاندن بە خەڵك کارێك بکات . « رەوشت» نابێت لە روانگەی هەڵوێست لە خەڵکی ترەوە دیاریکرێت ... کەسانی وەك من دەیانەوێت ... بەتەواوی بە دڵی خۆیان بکەن ... و، هەر ئەوە خۆی هێژاترین قانوونی رەوشتە . تەبیعی، خەڵك و شت لە دنیا هەن، بەڵام ئەوانە هەر تەنیا بۆ منن کە هەن ."

مائۆ، هەر خۆبەستنەوەیەك بە بەرپرسیاری و ئەرکی سەرشان وەلادەنێت :

" کەسانی وەك من، تاقە ئەرکێکی لەسەر شانمانە ئەوەی بەرانبەر بەخۆمانە و، هیچ ئەرکێکمان بۆ خەڵکی تر لە ئەستۆدا نیە ."

" من هەر تەنیا بەرپرسیاری ئەو واقیعەم کە خۆم دەیزانم"

و " بە هیچ جۆرێك لەهیچ شتێکیتر بەرپرسیار نیم . من هیچ لە رابردوو نازانم، هیچ لە داهاتوو نازانم . ئەوانە هیچ کارێکیان بە واقیعی من خۆم نەداوە ."

مائۆ، زۆر روون و ئاشکرا، هەر بەرپرسیارییەك لە ئاست نەسلانی داهاتوو رەت دەکاتەوە :

" هەن دەڵێن مرۆڤ بەرپرسیاریی لە ئاست مێژوو لە ئەستۆدایە، من بڕوام بەو قسەیە نیە . من بیرم هەر تەنیا لای پەرەپێدانی حاڵی خۆمە ... ئارەزووی خۆم هەیە و بۆ ئەوە کاردەکەم، لە کەس بەرپرسیار نیم ."

مائۆ، هەر شتێکی کە کەڵکی شەخسی خۆی تێدا نەبوایە، بڕوا پێ نەبوو . ناوی چاکی دوای مردن

" هیچ شادم ناکات، چونکە ئەوە شتێکە ئیتر بۆ نەسلەکانی داهاتووە، نەك بۆ واقیعی ژیانی من خۆم ."

" کەسانی وەك من کار بۆ ئەوە ئەنجام نادەن تاکو بۆ نەسلانی داهاتوو بمێنێتەوە ."

مائۆ هیچ منەتی بەوە نەبوو چیی لە دوو خۆی بەجێدەهێشت .

مائۆ دەیگوت کە ئەگەر " ویژدان" و" پرکێشی impulse " رووبەڕووی یەکتر ببنەوە، با ویژدان ملی بشکێت .

" ئەم دووانە دەبێت یەك شت و هەمان شت بن . هەرچی دەیکەین ... لە پرکێشییەوە هەڵدەدەن، « ویژدان» کە ژیرە، هەمیشە رەگەڵی دەکەوێت . وادەبێت ... ویژدان، پرکێشی لە سنوورێکدا رادەگرێت، وەك ئەوە کە پێش بە زۆرخواردن ، یا زێدە جنسکردن دەگرێت . بەڵام ویژدان لێرەدا هەر بۆ ئەوەیە کە سنوور دیاریکات، نەك دژی بێت . ئەو سنوور دیارکردنەش هەر بۆ باشترین شێوەی بەجێهێنانی پرکێشییەکەیە ."

ئەوە کە ویژدان هەمیشە هەڵوێستێکی لە ئاست خەڵکی تر تێدا بێت، نەك ئەوە کە هەر مەیلێکی کەیفی مرۆڤ خۆی بێت، لای مائۆ رەت دەکرایەوە . ئەو دەیگوت :

" من لام وا نیە کە ئەو شتانە(مەکوژە، مەدزە، بوختان مەکە) هیچ پێوەندییەکیان بە ویژدانەوە هەیە . ئەوانە هەر بۆ قازانجی خۆن، بۆ پاراستنی ژیانی خۆن" .

دەبێت هەموو بیرێکمان لای ئەوە بێت کە

" حیسابی پەتی هەر بۆ خۆمان بکەین، نەك ئەوە کە بە هیچ جۆرێك گوێ بە هیچ قانوونێکی ئەخلاقیی دەرەوەی خۆمان بدەین، یا بەوە کە پێیدەگوترێت هەستی بەرپرسیاری" .

خۆپەرستیی موتڵەق و نەبوونی هەستی بەرپرسیاری لە جەرگەی روانگەی مائۆدا بوو .

مائۆ، ئەو رەوشتانەی پەسندی، هەر بۆ هەڵبژاردەیەکی " قارەمانانێکی مەزن"ـە کە خۆی تێدا داناوە :

" هەر شتێکی دەرەوەی تەبعی( رەوشتی تەبیعی) خۆ، شتی وەك هەر قەیدو خۆ لە سنوورێکدا راگرتن، لای ئەوانە، دەبێت بە هێزی گەورەی تەبعیان رامالرێت ... کاتێك قارەمانانی مەزن بە تەواوی پرکێشییانەوە دێنە مەیدان، بە شێوەیەکی شکۆدار بەهێزن، وەك باهۆز دێن، ناکرێت بشکێندرێن . هێزیان وەکو تۆفانە لە شیوێکی قووڵەوە، وەك حەشەرییەکی مەستی جنسی کە وەکو شێت بەدووی نێچیرەوەیە ... هیچ شتێك نیە بتوانێت بیانوەستێنێت ."

عونسوری تری سەرەکیی رەوشتی کە مائۆ بە روونی لێرەدا پیشانی دەدات، ئەوەیە کە چەندە کەیفی بە پشێوە و وێرانکردن هاتووە

" تا ئاسمان و زەوی هەبن، شەڕی بێ ئەمانیش دەبن و نابڕێنەوە . بیری میسالیی دنیای یەکسانی و گونجان ( « دا تۆنگ »ی کۆنفوشیوسی) هەڵەیە".

که مائۆ ئەوەی گوتووە، مەسەلە هەر ئەوە نـەبووە چاوەڕوانییەکی بەدبین بوویێت لە مرۆڤ . ئەو، ئەو شتەی بە ئارەزووی خەلك داناوە . بە قسەی ئەو،" ئاشتیی درێژخایەن " :

" بە مرۆڤ تـەحەممول نـاکرێت و، شەپۆلی پشێوی دەبێت لە دۆخی ئاشتیی وەهادا بهێنرێت ... ئێمە کاتێك لە مێژوو دەنۆڕین، شـەیدای ئەو کاتانە (ی شەڕ) دەبین کە بەڵا بە دووی بەڵادا هاتوون ... کە ئەوانە دەخوێنینەوە دنیایەك کەیفمان پێ دێت . کاتێك لە سەردەمانی ئاشتی و خێرو ئارامی دەنۆڕین، وەڕەز دەبین ... تەبعی مرۆڤ وەهایە، حەز لە گۆڕانی تیژ و لەپڕ دەکات ."

مائۆ، بە تـەواوی، دیـوار لە نێوان خوێندنەوەی باسی هەرایانی کە لە رابردوودا روویانداوە و، واقیعی ژیانی ئێستا کە مرۆڤ لە بەڵادا بژین، ناهێڵێت . ئەو بە تەواوی نکوڵیی لەو حەقیقەتە کردووە کە شەڕ بۆ زۆربەی هەرە زۆری خەڵك واتا بەدبەختی . مائۆ تەنانەت بە جۆرە فیزێکەوە باسی مەرگ دەکات، دەڵێت :

" مرۆڤ، بە تەبیعەت کونجکاوین . ئیتر بۆچی هەڵوێستمان لە مەرگ جیاواز بێت ؟ مەگەر نامانە- وێت شتی سـەیر ببینین ؟ دە مەرگ سـەیرترین شتە و، تۆ تا بژیت نایبینیت ... هەن لێی‌دەترسن، چونکە وا لەپڕ و بە گوڕ دێت، بەڵام من پێموایە ئەوە جوانترین شتە : لە کوێی تری ئەم دنیایە دەتوانین شتی ئەوەندە سەیرو بەگوڕ ببینین ؟".

مائۆ بە هەمان وشەی " ئێمە"ی پادشایانە لەسەر باس دەڕوات :

" ئێمە حەز دەکەین گەشتی دەریای پڕ لە گۆڕانی گەورە و لەپڕ بکەین . لە ژیانەوە چوون بۆ مەرگ، دیتنی گەورەترین گۆڕانی گەورە و لەپڕە . ئەوە شتێکی ئەوەندە بەشکۆیە!."

ئـەمە کە سەرەتا لێرەدا لە واقیع دوور دێتە بەرچاو، دوایی دیتمان کە واقیعی دەیان ملیۆن چینی بوو کە لە ژێر حوکمی مائۆدا لە برسان مردن . مائۆ بە ئەوانەی نیزیکی خۆی گوتووە کە مردنی خەڵك هیچ مەسەلەیەك نیە ـ تەنانەت دەبوو ئاهەنگی شادییش بۆ ئەو مەرگە بگێڕن . ئەو هەڵوێستانەی، زۆرتر هەر وابوو، کە هەر بۆ خەڵك بوون، نـەك بۆخۆی . مائۆ، تەواوی ژیانی، ئـەوپەڕی بیری لای ئەوەبوو چۆن لە مەرگ بخەلسێت . بە هەرچی لەتوانایدا بوو، ئـاسایشی ژیانی خۆی قـایم دەکرد و، ئەوپەڕی هۆشی لای لەشساغی و بژیشك و داودەرمانی خۆی بوو .

مائۆ، کاتێك هـاتووەتە سـەر ئەو پرسیارە " چۆن ( چین) بگۆڕین ؟ ئـەوپەڕی لە سەر پێویستیی" وێرانکردن" داوە : " وڵات دەبێت ... وێران بکرێت و دیسان دروستبکرێتەوە ."

مائۆ، ئەوەی نەك هەر بۆ چین، بگرە بۆ هەموو دنیا ــ تەنانەت بۆ هەمووگەردوون(the universe کەون) لەبەرچاو گرتووە :

" ئەوە نەك هەر بۆ وڵات وەهایە، بۆ نەتەوە و، بۆ هەموو نەژادی مرۆڤیش ... وێرانکردنی گەردوونیش هەروەتر ... خەڵکی وەك من ئـارەزوو دەکەن وێرانی بکەن، چونکە کە گەردوونە کـۆنەکە وێران کرا، گەردوونێکی نوێ دروست دەکرێت، ئێ مەگەر ئەوە باشتر نیە ؟ ."

ئەو قسانەی کە مائۆ ئـاوا بە روونی لە تەمەنی ٢٤ سـاڵیدا بەو وشـانە دایڕشتوون، تـەواوی ژیانی، جەرگەی بیروباوەڕی بوون . ساڵی ١٩١٨، هەڵی پیادەکردنی ئەو بیروباوەڕانەی لەبەردەم کەم بوون و، تـەئسیریان نەبوو، هەرچەندە وێدەچێت مائۆ توانیبێتی لە چاوی کەسانێکدا جێیەك بگرێت . مامۆستای مائۆ، یانگ چانگ- چی، رۆژی پێنجەمی ئاپریلی ١٩١٥ لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیوە :

" « مائۆ تسی- تونگ»ی خوێندکارم گـوتی کە ... بـاوك ...ی ... جـووتیارێك بووە و ئێستا بووە بە بـازرگانێك ... کەچی ئەو ( مائۆ) ئەوەندە ورد و زیرەکە . بەڕاستی زەحمەتە زۆری وا ببینین ... کە وا جووتیار ئەوەندە توانا پیشان دەدەن، من هانم دا... "

بـەڵام مائۆ لەوەی نـەدەکرد سیفەتی رابەریی پێوە دیاربن . مامۆستایەکی تری، دواتر باسی ئەوەی کردووە کە مائۆ لە خوێندگەکەی " هیچ توانایەکی رابەریی لێ دیارنەبووە". کاتێ مائۆ ویستی جۆرە کلوبێك دامەزرێنێت و، چەند بەیاننامە و شتی بۆ ئەوە راگەیاندن، هەر چەند کەسێکیکەم روویان تێکرد و، بە هیچ نەگەیشت . کاتێك دە هـەڤاڵێك مانگی ئاپریلی ١٩١٨ "کـۆمەڵەی نـوێی خـوێندنی گـەل" یان دامەزراند، مائۆیان بە رابـەریان هەڵبژارد .

مائۆ، تـەنانەت کە لە ژوئەن/ حوزەیرانی ١٩١٨ خوێندنەکـەشی تـەواوکـرد و لە کۆلیجی مامۆستایان دەرچوو، نـەیتوانی کارێك بدۆزێتەوە . ئەوسا باو بوو، لاوانی کە کۆلیجیان تەواودەکرد، حەزیان دەکرد بۆ خوێندنی پتر بچنە هەندەران . بۆ لاوانێکی کە کەسوکاریان ئەرکی ئەوەیان بۆ هەڵنەدەسووڕا، کە مائۆش لەوانەبوو، بەرنامە- یەکی" خوێندن و کارکردن" لە فەرەنسا هەبوو . فەرەنسا، دوای لەدەستدانی زۆر لە لاوانی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا، خەڵکی بۆ کار پێویست بوو( یەکێك لەو کارانەی کە چینییەکانیان بۆ لە فەرەنسا وەردەگرتن، هێنانە- وەی لاشەی کوژراوانیان بوو لە مەیدانانی شەڕ) .

هێندێك هەڤاڵی مائۆ، چوونە فەرەنسا . مائۆ، بەوە کە حەزی لە کاری دەستوبازوو نەبوو، ئەوەی نەکرد . بەڵام هۆیەکی تریش بۆ نـەچوونەکەی هەبوو، ئەویش کێشەی زمان بوو . مائۆ، بۆ فێربوونی زمان زۆر کول بوو،تەنا- نەت زمانە چینییە رەسمییەکەی رژیمەکەی خۆیشی( پوتۆنگ هوا )ی نـەدەگوت، تـەواوی ژیانی هەر تـەنیا بە شێوازی نـاوچەیی خۆی قسەی دەکرد . ساڵی ١٩٢٠، کە مەیلی چوونە رووسیا باو بوو، مائۆ زۆری حەز لەوە دەکرد بچێت ( بە خانمێکی دۆستی گوتبوو کە بۆ ئەو چوونەرووسیایە " دڵم پڕ لە شـادی و هیوایە")، بـەڵام پێو- یستیی فێربوونی رووسـی لێیتێکدا . مائۆ بۆ ئەوە هـەنگاوێکیشی نا، کەوتە سەر خوێندنی دەرسـی زمانی رووسی، لای رووسێکی کە لە چین دەژیا ( و جاسووس بوو) : سێرگێی پەلیڤۆی . بـەڵام، بە قسەی پەلیڤۆی، خوێندکارەکانی تر سەریان دەخستە سەری مائۆ، بەوە توورەیان دەکرد کە پێیاندەگوت نەیدەتوانی تەنانەت ئەلف -بێیەکەی رووسییش فێر ببێت، ئیدی بە ئـەوپەڕی رقهەستانەوە دەستی لێ هەڵگرت و رۆیشت . مائۆ، بە پێچەوانەی زۆر لە هاودەمە شۆڕشگێڕەکانی، زۆرترینی رابەرە کۆمونیستەکانی دوای ئەوەی چینیان تێدا، ئەوسا نە بۆ فەرەنسا چوو و نە بۆ رووسیا .

مائۆ، لەجیاتی ئەوانە، پارەیەکی قەرزکرد و، بۆ تاقیکردنەوەی بەختی، رووی لە " پێکین"ی پـایتەخت کرد . " پێکین" ساڵی ١٩١٨، لە جوانترین پایتەختەکانی جیهان بوو، لەبەردەم ئەو کۆشك و تەلارە بەشکۆیانە، وشتر دەهاتنو دەچوون . باخچە ئیمپراتۆرییەکان، لە نیزیکی ئەو شوێنەی مائۆی لێ دەمایەوە، تازە دەرگایان بۆ خەڵك کرابوونەوە . کاتێك زستان هات، مائۆ وهەڤاڵەکانی ـ کە هەموو هەر خەڵکی مەڵبەندی باشوور بوون و بەدەگمەن قەت بـەفر یا سـەهۆڵیان دیتبوو ـ بەو دیمەنەی کە دەیاندیت سەرسام بوون : دەریاچەی بەستبوویان، دارەبیی بەدەورەوە کە چلوورەیان پێوە، دڵۆپیان لێ دەتکا و،گوڵووکی هەڵووژەزستانییی کە بەتەواوی کرابوونەوە( دارێکی دنیای چین و ژاپۆن کە بە گوڵی ئێجگار زۆر جوانیان زستانانە تەبیعەت دەرازێننەوە - وەرگێڕ) .

بەڵام ژیان لە پایتەخت سەخت بوو . ئەو ئـازادییە زۆرە و ئەو هەلانەی کە نوێکردنی وڵات هێنابوونی، پەرە- پێدانیماددیی ژیانیان کەم وێرا بوو و، زۆری وڵاتەکە هێشتاهەر ئێجگار زۆر هەژار بوو . مائۆ و حەوت هەڤاڵی، بەهەموویان لە سێ ژووردا دەمانەوە . چواریان خۆیان دەخزاندە سەر جێگایەکی "کانگ" ( شوێنی خەوتنی کە خشتەکانی زەویی ژێری بە جۆرە نەزمی سۆپایەك گەرم دەکرێت) و، هەر چوار بە یەك لێفە، ئیدی کە یەکێکیان ویستبای ئەم لا- ئەولا بکات، دەبوو لەپێشدا هەرتك لای لە نیازی ئاگاداربکاتەوە . بە هەر هەشتیان، دوو کۆت ( چاکەت)یان هەبوون و، دەبوو بۆ دەرچوون نۆرەیان لێ بگرن . بەڵام بەوە کە کتێبخانەی گشتی گەرم بوو، مائۆ

ئێوارانە دەچووە ئەوێ خەریکی خوێندنەوە دەبوو .

مائۆ لە " پێکین" هیچی بە هیچ نەکرد . ماوەیەك وەزیفەیەکی بچووکی لە کتێبخانەیەکی گشتی پەیداکرد، مانگانەکەی هەشت یوان بوو - لایەنی هەرەکەمی معاش . یەکێك لە کارەکانی لەو کتێبخانەیە ئەوەبوو کە دەبوو ناوی ئەو کەسانەی بنووسیایە کە رۆژنامەیان دەخوێندنەوە . مائۆ، لەو رێگایەوە زۆر خوێندەواری گرنگی لەوانە ناسی، بەڵام سەرنجێکی ئەوانەی رانەکێشا و هیچ گوێیان نەدایێ . مائۆ، بەوە وای هەست دەکرد کە فیزی شکاوە و، ئێجگار زۆر رقی هەستا . مائۆ دواتر باسی ئەوەی کردووە گوتوویە" ئەوانە هەر بە ئینسانیان دانەدە- دەنام" . دوای شەش مانگ، وازی لەوکارەی هێنا و، هێندە بێ پارەوپووڵ بوو، ناچار بە پارە قەرزکردن و بە چەند قۆناغ خۆی گەیاندەوە ماڵ . ئاپریلی ١٩١٩ لە رێگای " شانگهای"ـەوە گەڕایەوە " چانگ شا" و، لەوێ هەڤاڵە- کانی کە دەچوونە فەرەنسا بەڕێکرد . مائۆ، دوای ئەوە کە سەردانێکی شاری زۆر گەورەی کردبوو و، لەدەرەوەوە لە ژیانی رۆشنبیری و سیاسیی نۆڕیبوو و، گەڕابۆوە ستانەکەی خۆی، ئێستا بە مامۆستای دەرسی مێژوو، بە دەوامی ناتەواو، لە خوێندگەیەکی سەرەتایی دامەزرا .

مائۆ، بە نموونەی مامۆستا نەدەهاتە بەرچاو، شکڵی سەروپرچی شێواو و، جلوبەرگی وابوو کە وێنەدەچوو قەت بیگۆڕێت . خوێندکارەکانی لەبیریان بوو چۆن سەری دانەدەهێنا، کون لە گۆرەوییدا دیار بوو، پێڵاوی لۆکەی کاری ماڵی لە پێیدا بوو، دەکرا هەڵبوەشایە، بەڵام بەهەرحاڵ، لەوێ، ئاگایەکی لە رادەی هەرەکەمی پێویستی دیمەنی هەبوو . بەڵام کە دوو ساڵ دوای ئەوە لە شوێنێکی تر مامۆستا بوو، خەڵك شکایەتیان لەدەست ئەوەبوو کە مائۆ لەناوقەدبەرەژووری رووت دەکرد. کاتێك پێیانگوت کە خۆی باشتر بپۆشێت، دەستبەجێ وەڵامی دایەوە:

" من ئەگەر بەتەوایش خۆم رووت بکردایەتەوە، فەزیحەت نەبوو، وای دابنین بەختتان هەیە کە رووتوقووت نیم ."

مائۆ، لە گەڕێکی گرنگی چەرخی مێژوودا گەڕایەوە چانگ شا . ئەو سەردەمە، چەند شوێنێکی قەڵەمڕەویی چین کە کەوتبوونە نێوان قەڵەمڕەویی دەوڵەتانی ترەوە، بە کرێ بە دەست ئەو دەوڵەتانەوە بوون . دەوڵەتی چین هیچ دەسەڵاتێکی قانوونیی لەو شوێنانەی نەبوو و، کەشتیی بە تۆپخانەی بێگانە زۆرتر وابوو نیزیك بوون، تا خەڵکی خۆیان لەو شوێنانە بپارێزن . بیروڕای گشتیی خەڵکی چین، کە ئێستا وەهۆش هاتبوو، داوای سەندنەوەی ئەو بەشانەی چینی دەکرد، کە لەڕاستیدا ئیتر ببوونە موستەعمەرەی بچووکی بێگانە . کۆنگرەی ئاشتیی پاریسی

١٩١٩، كە نەخشەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی تێدا بڕیار درا، هەرچەندە شاندی چینیشی تێدا بەشدار بوو، کەچی ڕێگای دا ژاپۆن لە بەشێکی وەهای چین لە شاندۆنگ بمێنێتەوە کە ژاپۆن لە شەڕەکەدا لە ئەڵمانی زەوت- کردبوو. ئەوە هەستی تووڕەیی نەتەوایەتیی خەڵکی چینی زۆر ورووژاندبوو. ڕۆژی ٤ی می/ ئایاری ١٩١٩، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، خۆ پیشاندانێکی گەورە لە پێکین ڕوویدا، "نیشتمانفرۆشی"ی حکومەتی مەحکووم کرد و، نارەزایی لە داگیرکرانی قەڵەمڕەویی چین لەلایەن ژاپۆنەوە دەربڕی. بزووتنەوەی تووڕەیی، چینی داگرت؛ خەڵک لە شار و شارۆچکان کەوتنە پەلاماردانی ئەو دووکانانەی شتی ژاپۆنییان دەفرۆشتن و، سووتاندنی کووتاڵی ژاپۆنیی کە تێدا دەفرۆشران. زۆر چینی، لەم حکومەتەی ئێستای کۆمار تووشی نائومێدی ببوون، کە پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتاندا، لە حکومەتی مانچوی ڕابردووی بۆ چین باشتر پێ نەکرابوو. هەستی ئەوە لە ئارادا هەبوو کە دەبوو شتێکی توندتر بکرایە.

لە چانگ شا، کە زۆر دەوڵەت بەرژەوەندیان لێ هەبوون و، ژاپۆن و ئەمریکا و ئینگلیس کۆنسولگەرییان لێ کردبوونەوە، دەستەیەکی خوێندکارانی خەباتکار پێکهێنرابوو، مامۆستاشیان لەگەڵ بوون. مائۆ تێدا چالاک بوو و، بووە نووسەری گۆڤارەکەی، "گۆڤاری ڕووباری کسیانگ". مائۆ، هەر لە یەکەم ژمارەیدا، بیروڕای تیژی خۆی ڕاگەیاند:

> "ئیتر ئێستا دەبێت ئەو گومانە بکەین کە پێشتر نەماندەوێرا بیکەین، بە شێوەیەك کاربکەین کە پێشتر نەماندەوێرا بیکەین".

کاری فەرهاد بوو، بە نالی‌عەلی بەرێوە دەچوو: مائۆ، نەك هەر ئەوە کە بەو ئێجگار زۆر گەرمایە، کە گاوك (مێشوولەی پەتۆ) ڕێچکەیان بەسەر کۆمای کتێبەکانی کلاسیکی چینییدا دەبەست، ئەو کتێبانەی بە شیرازەی نەرم سەرینی مائۆ بوون، نەك هەر ئەوە کە دەبوو بەو حاڵە زۆرترینی گوتارەکان بنووسێت، بەڵام دەبوو دوای ئەوە گۆڤارەکەش بەرێتە گۆشەی شەقامەکان بیفرۆشێت. تەنیا پێنج ژمارەی دەرچوو.

مائۆ، درێژەی بە نووسین دا، دوای ئەوە ناوبەناو لە گۆڤارەکانی تریدا دەنووسی. لەوانە، دە گوتاریان باسی ژن و خێزان بوون. مائۆ، تێدا، لایەنگری سەربەخۆیی ژن، ئازادیی هەڵبژاردنی هاوسەر و، یەکسانیی لەگەڵ پیاودا بوو ــ ئەو بیروڕایانەی کە ئەوسا لای شۆڕشگێڕان نائاسایی نەبوون. وێدەچێت ئەو هەڵڕژانەی هەستی مائۆ بۆ ژن لێرەدا بەهۆی مردنی دایکییەوە بووبێت، کە پێنجەمی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ ڕوویدا. مائۆ زۆری خۆش دەویست، ڕاچێتەی دەرمانی بۆ دەنارد، بۆ دەردی دوشاخە (دیفتریا) وگرێی لمفیی و، بۆی ڕێکخستبوو بۆ چارەکردن بچێتە

چانگ شا . لەوێ، بەهاری ئەو ساڵە، دایکی کە تەمەنی ٥٢ ساڵ بوو، یەکەم و تاقە وێنەی لە ژیانیدا گرت، وێنەی لەگەڵ سێ کوڕەکەیدا بوو، ئارامییەکی رووحیی لێ دیارە . لێبڕانێکی ئارام و خۆ دوورگرتنێکی زۆر لە دەموچاوی مائۆدا دەخوێندرێتەوە . بە پێچەوانەی دوو براکەی، کە بە بەرگی جووتیارانەیان، شکڵی دێهاتیی بێ سەلیقەیان لێ دەبارێت، مائۆ خۆی کەوایەکی درێژی لەوانە لەبەردایە،کە ئەوسا پۆشاکی ئەفەندی و خوێندەواران بووە .

بۆ نێوانی مائۆ و دایکی، دەبینین دایکی ئەوەندە ئەوی خۆشویستووە و چەندە نازی کێشاوە، کەچی هەستی خۆشەویستیی زۆری ئەو لە ئاست دایکی، تێکەڵ بە هەڵوێستی خۆپەرستییەتی . مائۆ، ساڵانێك دواتر، ئەم حەقیقەتەی لای یەکێك لە نیزیکترین کادیرانی کاری گێڕاوەتەوە :

"کاتێك دایکم روو لە مەرگ بوو، پێم‌گوت کە نەمدەویست بە ئازاری گیانەڵڵایەوە ببینم . دەمویست دوا دیمەنی جوانی لە زیهنمدا بمێنێتەوە و،بۆ ئەوە پێم‌گوت کە دەمویست ماوەیەك بڕۆم بەجێی بهێڵم . دایکم ژنێکی زۆر نەرم و گونجاو بوو، قەبووڵی کرد . ئیتر دیمەنی کە هەمیشە و تا ئێستا لە دایکم لە زیهنمدا ماوەتەوە، هەر دوا دیمەنی ساغی و جوانییەتی ."

ئاوا، مائۆ، لەسەرەمەرگی دایکیدا، هەر بیری لە خۆی کردووەتەوە، نەك دایکی و، بە ئاشکراش دەیڵێت .

لەوە کەمتر چاوەڕواننەکراو، دیارە هەڵوێستی مائۆ لە مەرگی باوکی بووە . "یی چانگ"ی باوکی، ٢٣ی یەکەم مانگی ١٩٢٠ بە گرانەتا( تیفۆ) مرد . پێش مردن، ویستی کوڕی گەورەی ببینێت، بەڵام مائۆ بەلایدا نەچوو و هیچ خەمێکی لەوە پیشان نەدا .

مائۆ، لە گوتارێکیدا، کە هێندێك دوای مردنی دایکی،٢١ی نوامبری ١٩١٩ نووسیویە، بە ناوی "لە بارەی سەربەخۆیی ژنان"ـە، دەڵێت :

"ژن ئەوەندەی پیاوان توانای کاری دەستوبازوویان هەیە . بەڵام ئەوە هەیە کە لە کاتی منداڵبووندا کاری وایان بۆ ناکرێت ."

دەڵێت کەواتە دەبێت ژنان، بۆ سەربەخۆیی خۆیان

"پێش مێردکردن، خۆیان باش بۆ ژیانی ئەو رۆژەیان ئامادە بکەن"

تەنانەت

"هەر ژنان خۆیان پێشەکی بژیوی پێداویستی ئەو کاتەی منداڵبوونی دواییان سازبکەن و

بۆ ئەو رۆژەی هەڵبگرن ."

لێرەدا ئـاشکرا دەردەکەوێت کە مائۆی پیاو نـەیویستووە ئـاگاداری لێ‌کردنی پێداویستی ژن بەجێ‌بهێنێت، هیچ بەرپرسیارییەکی خۆی بۆ ژنان وەئەستۆ نەگرتووە . ئەوجا، بەوە کە مائۆ پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ژن توانای هەمان کاری دەستوبازووی پیاوانیان هەیە،کە حەقەن قسەیەکی واقیعی نیە، پیشانی دەدات کە مائۆ هەستێکی ناسکی بۆ ژنان نەبووە . مائۆ،کە هاتە سەر حوکم، جەرگەی هەڵوێستی لە ژنان ئەوەبوو کە کاری قورسی دەستو- بازوویان بدرێتێ . ساڵی ١٩٥١، یەکەم عیبارەتی بەم جۆرە بۆ رۆژی ژنان تۆمارکرد:

" یـەکبگرن بۆ بـەشـداربوون لە بـەرهـەمهێناندا ...".

کۆتایی ١٩١٩، خوێندکاران و مامۆستایانی شۆڕشگێڕی هونان تـەکانێکیان دایە خۆیان کە حاکمە جەنگ- سالارەکەی ستانەکەیان قاو دەن، کەسێکی کە ناوی" چانگ چینگ - یائۆ" بوو . مائۆش بۆ ئەوە رەگەڵ شاند- ێکی هونان کەوت، کە چوونە پێکین، تا هەوڵی ئەوە لای حکومەتی مەرکەزی بدەن و، چـەند پـەیام و داخوازیی لەسەر میحرابی پەرستگایەکی تیبێتیی،کە لێی‌دەمانەوە، نووسی . هەرچەندە داواکەشیان لای حکومەت جێ‌بە- جێ نەکرا، بەڵام مائۆ، بە سیفەتی رابەرێکی شۆڕشگێڕی هونان، توانی چەند کەسایەتیی ناودار ببینێت، لەوانە : " هو شیهـ" کە کەسایەتییەکی لیبرالی هەڵکەوتوو بوو و، " لی تا - چائۆ" کە مارکسیستێکی سەرناس بوو.

بەڵام لە رێی گەڕانەوەیدا بوو، بە" شانگهای"دا، کە مائۆ ئەو کەسەی دیت کە ژیانی گۆڕی . ژوئەن/ حوزەیرانی ١٩٢٠، چوو سەری لە پرۆفیسۆر" چێن تو- هسیو" دا،کە ئەوسا یەکەم رۆشنبیری مارکسیستی چین بوو و،سەر- قاڵی دامەزراندنی پارتی کۆمونیستی چین (پ ك چ) بوو . مائۆ گوتارێکی دووردرێژی نووسیبوو، پرۆفیسۆری تێدا بە " ئـەستێرەیەکی گەشی دنیای بیر" ناوبردبوو . چێن، تەمەنی چل ساڵ بوو، بێ هیچ ئەملا و ئەولا ئـەو رابەری مارکسیستانی چین بوو، بە بڕوایەکی راستەقینە، بە کاریزما (سیحری شەخسیەت) و، میزاجیی بوو .

بەڵام بیری دامەزراندنی پارتی کۆمونیست نە لە پرۆفیسۆرەوە هاتبوو و، نە لە هیچ چینییەکی ترەوە . بیرەکە لە مۆسکۆوە هاتبوو . ساڵی ١٩١٩، حـکومەتی سۆڤیەتی نوێ، نێو- نـەتـەوایەتیی کـۆمونیـستی دامەزراند ( کـۆمێنتێرن )، بۆ ئەوە کە بە قازانجی مۆسکۆ، لە سـەرتاسـەری دنیادا شـۆڕش هان بدات و کار بکاتە سەر سیاسەت . مانگی ئووت/ ئاب، مۆسکۆ ملی لە بەرنامەیەکی نهێنیی ئێجگار زۆر گەورەی چالاکی و خراپکاری لە چین نا ، بە پارەو پیاو و چەك، سێ دە ساڵ تێ‌کەوت، تا لەدواییدا، ساڵی١٩٤٩،کۆمونیستەکانی بە رابەریی

مائۆ هێنانە سەر حوکم ـ درێژخایەنترین سەرکەوتنی رووسیای سۆڤیەتی لە سیاسەتی دەرەوەدا .

یەکەم مانگی ١٩٢٠ ، بۆلشەفیك دەستیان بە سەر سیبیریای مەرکەزیدا گرت و، لە بەژەوە ( رێگای زەوییەوە) پێوەندییان بە چینەوە دامەزراند . مانگی ئاپریل،کۆمێنتێرن نوێنەرێکی ناردە چین :" گریگۆری ڤۆیتینسکی". مانگی می/ ئایار، بنکەیەکی لە شانگهای دانا، ئەوەش - وەك کە راپۆرتی جاسووسێکی تر بۆ مۆسکۆی باس-کردووە - بە مەبەستی " دامەزراندنی پارتێکی چینی" بووە . ڤۆیتینسکی، بۆ پرۆفیسۆر" چێن"ی پێشنیارکرد پارتێکی کۆمونیست دابمەزرێنێت . مانگی ژوئەن/ حوزەیران، ڤۆیتینسکی مۆسکۆی ئاگادارکردەوە کە چێن دەبوو بە سکرتێر ( واتا سەرۆك)ی پارتەکە و، خەریکی پێوەندی‌کردنە بە شۆڕشگێڕانی شارانی جیاواز .

رێك ئا لەم کاتەدا بوو کە مائۆ چوو لە دەرگای ماڵی" چێن"ی دا . وا بە رێکەوت لەو سەروبەندەی دامەزرانی " پ ك چ "دا بوو . بە مائۆ نەگوترا ببێت بە یەکێك لە دامەزرێنەران . وێناچێت هەر پێشیان‌گوتبێت کە نیزیك بووە دابمەزرێت . هەشت کەس، یا ژمارەیەکی لەوبابەتەی دامەزرێنەرانی، هەموو مارکسیستانی سەرناس بوون، لەکاتێکدا کە مائۆ هێشتا نەیگوتبوو کە بڕوای بە مارکسیزم هەبووبێت . پارتەکە، مانگی ژوئەن/ حوزەیران، دوای رۆیشتنی مائۆ، دامەزرێندرا *.

بەڵام مائۆ، هەرچەندە لە دامەزرێنەرانیش نەبوو، لە ریزی یەکەمی پشت جەغزی یەکەم بوو، پرۆفیسۆر چێن پێی‌ئەسپارد کە دووکانێکی کتێبفرۆشی بۆ فرۆشتنی ئەدەبیاتی پارتەکە لە " چانگ شا" دابنێت . پرۆفیسۆر، سەرگەرمی ئەوەبوو مانگنامەی " لاوانی نوێ"ی بەتەئسیر بکاتە دەنگی پارتەکە . ژمارەی ژووئیە/ تەمووزی گۆڤارەکە، چەند باسی لینین و حکومەتی سۆڤیەتی تێدا بوو . ئیتر لەو پایزەوە، ئەرکی گۆڤارەکەی لە ئەستۆی

---

* ئەوە، بۆ مائۆ و میراتگرانی، نوختەیەکی ناسك بوو، ئیتر مێژووی رەسمییان وا دەستکاری کرد کە ساڵی دامەزرانەکەیان لای خۆیانەوە بە ١٩٢١ دانا، تا ئەوە لەگەڵ یەکەم پێزانینی تێدابوونی مائۆدا بگونجێت،کە لە کۆنگرەی یەکەمی پارتەکدا، ١٩٢١، بەشدار بووە . بۆ ئەوە، مووزەخانەیەکیش بۆ پیرۆز راگرتنی یادی ئەو دامەزرانە لە شانگهای دروست کراوە، تا یادی - گوایا - ئەندامبوونی مائۆ لە دەستەی دامەزرێنەرانی پارتەکە وەبیربهێنێتەوە! . ئەوە کە پارتی کۆمونیستی چین ساڵی ١٩٢٠ دامەزراوە، نەك ١٩٢١ ، هەم لە گۆڤاری زمانحاڵی رەسمیی کۆمێنتێرندا هەیە و، هەم یەکێك لە ئەندا-مانی ئەو شاندەی مۆسکۆی کە ئەو یەکەم کۆنگرەیەیان هەڵسووڕاندووە باسی‌کردووە .

کۆمینتێرندا بوو .

کاری مائۆ ئەوەبوو " لاوانی نوێ " و بڵاوکراوەکانی تری حیزب بڵاوبکاتەوە ( و کتێب و گۆڤاری تریش بفرۆشێت) . هەرچەندە مائۆ هێشتا بە ڕەسمی کۆمونیست نەبوو، زۆرگەرم بوو . هۆگری کتێب بوو و، شاد بوو کە کارێکی هەبوو . زوو دوای گەڕانەوەی بۆ چانگ شا، ڕاگەیاندنێکی لەبارەی دووکانی کتێبفرۆشییەکەی دەرچوو، کە خۆی نووسیبووی، ئەم شتە زۆر سەیرەی تێدا بوو :

" هیچ فەرهەنگێکی نوێ لە تەواوی دنیادا نیە . تەنیا لە رووسیا، لە کەنارەکانی ئۆقیانووسی قوتبی باکوور، گوڵێکی بچووکی فەرهەنگی نوێ دۆزراوەتەوە."

کتێبفرۆشییەکە، دەستبەجێ، داوای ١٦٥ دانەی ژمارەی ژوئیە/ تەمووزی " لاوانی نوێ"ی بۆ فرۆشتن کرد ،کە ئەوە زۆرترین داوایەك بوو دەیکرد. داوایەکی تری زۆری، ١٣٠ دانە لە" دنیای کرێکاران"(یا دنیای کار Labour ) بوو، کە گۆڤارێکی نوێ و بۆ کرێکاران بوو . زۆرترینی گۆڤارەکانی تریش کە کتێبفرۆشییەکە داوای دەکردن، شۆڕشگێڕی و داژداری رووسیابوون .

مائۆ، بەو کارانەی بۆ کۆمونیستان، وەنەبێت خۆی خستبێتە خەتەری ئەوە کە ملی بەپەتەوە بکرێت، چونکە ئەوانە بە تاوان دانەدەنران . تەنانەت رووسیا لەم کاتەدا زۆر باوی هەبوو. لە چانگ شا، " کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی رووسیا"یەك دامەزرابوو، کە هەر سەرۆکی ستانەکە خۆی سەرۆکی بوو . ئەو رەواجەی رووسیا هەیبوو، بەشی زۆری هی ئەو کەڵەکە(درۆیە)ی حکومەتی نوێی بۆڵشەفیکان بوو ـ کە دەیگوت گوایا رووسیا، قەڵەمڕەوی و ئیمتیازەکانی تساریی ( سەردەمی قەیسەری رووس ) ی لە چین دەست لێ هەڵدەگرێت، کە لەڕاستیدا هەر وەکو خۆیانی هێشتنەوە . رووسیا دەستی بە سەر پتر لە چارەگە ملیۆن ئاکەر( دەوری یەك ملیۆن دۆنم - وەرگێڕ ) ی خاکی چیندا گرتبوو، ئەوە گەورەترین بەشی وڵاتی چینی ژێردەستی بێگانە بوو .

مائۆ بەرپرسی کتێبفرۆشییەکە بوو، بەڵام هەڤاڵێکی لەسەر دانا . مائۆ، ئا لەم سەردەمەدا، زیرەکییەکی زۆری لە کارێکدا پیشان دا : جێبەجێ‌کردنی وردەکارانێك بۆ خەڵك . کەسانێکی دەدیتنەوە کە بۆ وردەکارانێك پێویستیان بە کەسانێك بوایە و، کەسانێك کە ئەو وردەکارانەیان بۆ بکردنایە و، مائۆ خۆی لەونێوانەدا ناونابوو " پیاوی پێوەندیی تایبەتی"و، پیتاکی لە دەوڵەمەندان وەردەگرت و،کاروباری لەگەڵ بڵاوکەرەوان(ی چاپەمەنی)، کتێبخانەی گشتی و، زانکۆیان و، رۆشنبیرانی سەرناسی سەرتاسەری وڵات دەکرد . پرۆفیسۆر چێن و ژمارەیەك خەڵکی سەرناس، دەستەیەکی دەستەبەریکتێبخانەکە بوون و،ئەوە مەرکەزی مائۆی زۆر بەرزکردەوە و،یاریدەی

دا وەزیفەی بەڕێوەبەری خوێندگەیەکی سەرەتایی بدەنێ، کە بەسەر کۆلیجە کۆنەکەی خۆیەوە بوو .

هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەوە بەدەستەوە نیە کە مائۆ هێشتا چووبێتە پارتەکەوە، هەرچەندە،لە نوامبر، ئیتر لە سایەی کتێبخانەکەوە، پێیاندەگوت" یەکێك لە ئێمە". کاتێك مۆسکۆ بڕیاری دا ڕێکخراوێك بە ناوی" کۆمەڵی لاوانی سۆسیالیست" لە هونان دابمەزرێنێت، تاکو ببێتە سەرچاوەیەك بۆ وەدەستهێنانی ئەندامانێك بۆ پارتەکە، بۆ ئەوە پێوەندی بە مائۆوە کرا،کە ئەو کارە جێبەجێ بکات . مائۆ، مانگی دوای ئەوە، لە نامەیەکیدا بۆ هەڤاڵێکی لە فەرەنسا، نووسیویە کە ئەو(مائۆ) " بە قووڵی لەگەڵ ئەوەدایە" کە " ئەو مۆدێلەی رووسیا، بۆ چاککردنی چین و هەموو دنیا بەکاربهێندرێت" . ئەوە یەکەم دەربڕینی بڕوای کۆمونیستیی مائۆ بوو .

مائۆ، تەمەنی دەچوو ببێت بە بیستوحەوت ساڵ کە بوو بە کۆمونیست ــ نەك کە ئەوە دوای گەشتێکی میسا-لیەت،یا لە گڕی بڕواوە بووبێت، بەڵام چونکە کاتی بەجێ لە شوێنی بەجێ بوو و، کاری زۆر بەجێی درایێ. ئیتر لە شوێنێکی ڕێکخراوێکدا کە لە گەورەبووندا بوو جێیگرت . باشترین هەڤاڵی ئەو کاتەی مائۆ، سیانۆ - یو، پێیوابوو کە ئەو شێوەیەی رووسیا، گران دەکەوت و، لە فەرەنساوە بۆ مائۆی نووسی کە من ( سیانۆ - یو) و هیندێك کەسی تریش :

" پێمان وانیە کە دەبێت هێندێك کەس بە قوربانی خێروخۆشیی زۆربەی خەڵك بکرێن . ئێمە شۆڕشێکی بە ڕێبازی نەرممان لە ڕێگای پەروەردەوە دەوێت و، بۆ خێروخۆشیی هەمووان بێت ... ئێمە ئەو شۆڕشە مارکسیستانەی شێوەی رووسیامان لە ڕووی ئەخلاقەوە پێ هەڵەن ."

مائۆ، ئەو هەڵوێستەی ئەوانەی بەوە خولاسەکردەوە کە :

" بە ڕێگای ئاشتییانە لە بەختیاریی هەمووان دەگەڕێن ."

ئەوجا کە وەڵامی دایەوە، ڕەتکردنەوەی لە سەر بناغەی ئیدیاڵ نەبوو، بەڵگەکەی تەنیا هەر باسی واقیعییەتی پەتی بوو :

" بە تیۆری، هەمووی زۆر چاکە؛ بەڵام ئەوە لە واقیعدا ناکرێت ".

" ئیدیاڵ گرنگن، بەڵام واقیعییەت تەنانەت گرنگتریشە ."

مائۆ، دڵگەرمی ئیمان ( بە ئیدیاڵێك) نەبوو . ئەو بە دڵ پێبەندنەبوونەی، تەواوی ژیانی، نێوانی لەگەڵ پارتە-کەیدا ئەوپەڕی پێچەوانەی ئوسووڵ و، نائاسایی هەڵخستبوو . تەنانەت لەکاتێکدا کە سەرۆکی پارتەکەش بوو،

هەروا بوو .

## ٣-   بەئیمانێکی شلەتێن

**( ١٩٢٠-١٩٢٥؛ تەمەن ٢٦-٣١)**

مائۆ، لە هەمان ئەو سەروبەندەی بوونەکۆمونیستیدا، نێوانی لەگەڵ " یانگ کای - هوئی"ی کچی" یانگ چانگ - چی"ی مامۆستایدا پەیداکرد،کە هەشت ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو و ئەوەبوو کە دوایی بوو بە ژنی دووەمی.

ئەم ژنەی، ساڵی١٩٠١ لە شوێنێکی جوانی شاعیرانەی دەرەوەی چانگ شا لەدایك ببوو. کیژۆڵەیەکی ناسك و بەهەست، پەروەردەی دەستی دایکێك بوو کە لە ماڵێکی خوێندەواران بوو و، باوکی یازدە ساڵی بە خوێندن لە هەندەران، لە ژاپۆن و ئینگلستان و ئەڵمانیا بەسەربردبوو، ئەخلاق ( ethics) و مەنتیق و فەلسەفەی خوێندبوو. باوکی، کە بەهاری ١٩١٣ گەڕایەوە چانگ شا، نەریتی ئەوروپاییانی لەگەڵ خۆی هێنایەوە و، کچەکەی هاندەدا لەگەڵ خوێندکارانی کوڕدا هەموو وێکڕا لەسەر سفرە کۆبنەوە، شتێکی کە ئەو ڕۆژگارە نەبیستراببوو. کیژ، جوان و نازەنین و زیرەکێك بوو، هۆشی لە هەموو لاوەکان سەندبوو.

باوکی، زۆر لە ژێر تەئسیری زیرەکیی مائۆدا بوو و، قسەی زۆر چاکی بۆ مائۆ لای کەسانێکی دەستڕۆیشتوو دەکرد، بەنموونە بۆ یەکێك لەوانەی نووسیوە:

" من بەڕاستی پێتان دەڵێم ئەم دووانە (مائۆ و خوێندکارێکی تر، کای هێ - سێن) مرۆڤانی بەتوانای کەم وێنەن لە چین و، داهاتوویەکی گەشیان هەیە ... ناکرێت مەگەر هەر بەجیددی بیرتان لایان بێت."

کاتێك ساڵی ١٩١٨ بوو بە پرۆفیسۆری دەرسی ئەخلاق لە زانکۆی پێکین، میوانداریی مائۆی کرد، لە یەکەم سەفەرەکەی پێکینیدا - کە تێدا هیچی بۆ بە هیچ نەکرا - لە ماڵ لایان بمێنێتەوە. کیژەکە ئەوسا تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو و، مائۆ زۆری حەز لێ‌کرد، بەڵام ئەو لەگەڵیدا وا نەبوو. کیژەکە دواتر نووسیویە:

" کاتێك حەڤدە یا هەژدە ساڵ بووم، کەوتمە سەر پێکهێنانی وێنەیەکی تایبەتی خۆم لەبارەی هاوسەر-ییەوە. دژی هەر مێردکردنێکی بە هەر مەراسیمێك بووم. پێم‌وابوو گەڕان بەدووی ئەڤیندا، حەقمە و بە هاسانی، بەرزترین و جوانترین و ئەوپەڕی ئەڤینی باوەڕنەکردەنی لەدەست دەدات ... ئەم قسەیە ئەو بیروڕایەی منی دەردەبڕی کە دەڵێت « ئەگەر تەواو (کامڵ) نەبێت با هەر نەبێت»."

یەکەم مانگی ساڵی ١٩٢٠، پرۆفیسۆر مرد . مائۆ دووەم جاری بوو کە لە پێکین بوو و،کاتی زۆری لە ماڵیان بەسەربرد . ئەمجارەیان بوو کە کیژ حەزی لە مائۆ کرد . لە شوێنێکدا نووسیویە :

" باوك مرد، باوکی خۆشەویستم مرد، تەبیعی زۆر خەمبار بووم. بەڵام پێشموابوو کە مەرگ نەجاتێکیش بوو بۆ باوکم، ئیتر لەبەرئەوە زێدەش خەمبار نەبووم .

بەڵام من چاوەڕوانیی ئەوەم نەبوو کە ئەوەندە بەختم بێت . وا پیاوێکم هەبوو کە خۆشمدەویست، بەڕاستی زۆرم خۆشدەویست . من دوای ئەوەی زۆرم لەبارەوە بیستبوو و، زۆر گوتار و یاداشتیم خوێندبوونەوە، خۆشمدەویست ... هەرچەندە خۆشیشمدەویست، بەڵام پیشانم نەدەدا . من پێموابوو ئەڤین لە دەستی تەبیعەتدا بوو و، نەدەبوو بە رووقایمی داوای بکەم یا وەدووی بکەوم ... ".

ئیتر هەر وا خۆیگرت . ئەوجا دوای هێنانەوەی تەرمی باوکی بۆ چانگ شا و ناشتنی، لەگەڵ مائۆدا لێکدابڕان و، هەر لەوێ چووە خوێندگەیەکی بڵاوکەرەوانی مەسیحیەت . هەستی خۆشەویستی بەو لێکدابڕانە،گەرمتریش بوو . دواتر، لە بیرەوەریی دەدوێت، دەڵێت :

" ئەو، زۆر نامەی دەربڕینی ئەڤینی بۆ دەنووسیم . بەڵام من هێشتا هەر باوەڕم نەدەکرد ئەوەندە بەختم هەبێت . ئەگەر هەڤاڵێکی نەبوایە، کە ئاگاداری هەستی بوو و بۆی باسدەکردم - کە چۆن بەدەست منەوە بێچارە بوو - پێموایە قەت مێردم نەدەکرد . لەو رۆژەوە کە بەتەواوی زانیم هەستی بەرامبەرم چۆن بوو، ئیتر لەو رۆژەوە شتێکی نوێم لە بیردابوو . لەوساوە وام هەست دەکرد کە من جگە لەوە کە بۆ دایکم دەژیام، بۆ ئەویش دەژیام ... وام بەبیردا دەهات ئەگەر رۆژێك ئەو بمردایە و، دایکیشم ئیتر چیتر نەبوایە، حەتمەن منیش بەدوویدا دەمردم!".

کاتێك مائۆ دواتری ئەو ساڵە هاتەوە چانگ شا، ئیتر نێوانیان دەستی پێکرد و تێگلان . مائۆ لە هەمان ئەو خوێندگەیە دەژیا کە بەڕێوەبەری بوو . دڵبەر لەوێ سەری دەدا، بەڵام شەو لای نەدەمایەوە . ژن و مێرد نەبوون و ساڵیش ١٩٢٠ بوو، ئەوسا هەر نەدەکرا بەبیردابهاتایە خانمێك بە بێ مێردکردن لەگەڵ پیاوێك بژیایە . مائۆش نەیدەویست ببەسترایەتەوە . مائۆ، لە نامەیەکی ١١/٢٦یدا، کە بۆ هەڤاڵێکی نووسیوە، وا دادەبەزێتە سەر ژن و مێردی :

" من پێموایە هەموو ژن و پیاوانی لە سیستەمی ژن و مێردییدان، لە پەیمانێکی هەتکی جنسیدان و هیچی تر ... من نامەوێت بکەومە ئەو پەیمانەی هەتکی جنسییەوە."

مائۆ، باسی شتێکی نوێ دەکات :

" با « یەکێتی بەگژداچوونی ژن و میردی» پێکبێت، خۆ ئەگەر کەسی تریش نەیەوێت بێتە ریزییەوە، مەسەلەیەك نیە، هەر من خۆم : « یەکێتی یەك پیاو» و تەواو . "

شەوێك، کە دڵبەر رۆیشت، مائۆ نەیتوانی بخەوێت و، شیعرێکی دانا، کە سەرەتاکەی بەم جۆرە بوو :

" خەم، لەسەر سەرینم کەڵەکەت کردووە، چ شکڵێکیت ؟

وەك شەپۆلی باران و دەریایان، بێ‌پرانەوە دەیژەنیت .

شەو چەندی پێ دەچێت ؟ تاریکایی ئاسمان چەندە ؟

کەی رووناك دەبێتەوە ؟

ئۆقرە لێ‌هەڵگیراو، هەستام، کەوام بەسەر شانمدا دا، لەسەرمادا.

کاتێك، ئاخری، رۆژ بۆوە، ئەوەی لە سەدهزرەکانم مایەوە

هەر خۆڵەمێش بوو ."

ئەو شیعرانە دە هانای مائۆ هاتن و، دڵی دڵبەریان نەرمکرد کە شەو لای بمێنێتەوە . بەڵام دیواری ژوورەکەی هەر پارچە تەختەی تەنك بوون، نە پتر و، دەنگی بەزمی گەرمی شەوی دڵبەر و دڵدار، شکایەتی هاوسێیانی وروژاند . هاوسێیەك، بەندی قانوونێکی بۆ مائۆ بە بەڵگە هێنایەوە کە بەگوێرەی ئەوە، مامۆستا، نەدەکرا شەو ژنەکەی لە خوێندگەکەی لا بمێنێتەوە . بەڵام مائۆ، کە خۆی بەرێوەبەری خوێندگەکە بوو، دەقی ئەوەی شکاند و کردی بە :

" مامۆستا، شەو دەکرێت ژنەکەی لە خوێندگەکەی لا بمێنێتەوە" .

کای - هوئی خانم، ئیتر بەو مانەوەیەی ئەو شەوە، خۆی بەتەواوی تەسلیمکرد . نووسیویە :

" خۆ ڕاگرییم ئیتر تەواو رووخابوو . رێم بە خۆم دا لە مەستیی ئەڤین رۆبچم . گەیشتبوومە ئەو نەتیجەیە کە : دە با ئاسمان برووخێت و زەوی رۆبچێت، با ئەمە کۆتایی بێت ، ژیانی من چ مانایەکی بۆ دەمێنێتەوە، ئەگەر بۆ دایکم و بۆ ئەو نەژیم؟ ... ئیتر ژیانێکی پڕ لە ئەڤین ژیام ...".

بەڵام هەستی مائۆ وەکو ئەوەی ئەو نەبوو، مائۆ دەچووە لای خانمانی تریش، بە تایبەتی لای مامۆستایەکی بێوەژن کە ناوی" سی - یونگ" و سێ ساڵ لە مائۆ بچووکتر بوو . سی- یونگ، زۆر لە خوێندکارەکانی لە ماڵە دەوڵەمەندان بوون و، باربوویەکی زۆری لەوانە بۆ کتێبفرۆشییەکەی مائۆ وەدەست دەهێنا . سی- یونگ و مائۆ

پێکەوە بە سیفەتی هاوسەر سەفەریان دەکرد .

کاتێک " کای- هوئی" پێی‌زانی، دنیای بەسەردا رووخا :

" لەپڕ، رۆژێک، بۆمبایەک وە تەپڵی سەرم کەوت . ژیانی زەعیفم، یەک گورزی وێرانکەری وێکەوت و، بەوە نیزیکەی تێکوپێک شکا."

بەڵام مائۆی بەخشی :

" بەهەرحاڵ، ئەوە هەرسەرەتا که پێم زانی، وابوو . ئەو ( مائۆ)، هەرچۆنێک بێت، پیاوێکی ئاسایی نیە . ژنەکەش (سی-یونگ) ئەوەندە بەگەرمی حەزی لێ‌کردووە، ئامادەیە هەموو شتێکی بە قوربان بکات . ئەو ( مائۆ )ش حەز لەو دەکات، بـەڵام خیانەت بە من نـاکات و، لەدواییشدا هەر وابوو، خیانەتی پێ نەکردم ."

وا دیارە مائۆ، نێوانی لەگەڵ ژنەکەی تر( سی- یونگ)دا وا بۆ" کای- هوئی" روون کردووەتەوە کە، ئەو(مائۆ) لە خۆشەویستیی تەواوی کای- هوئی دڵنیا نەبووە :

" ... ئێستا، ئەو سـەرپۆشەی بەسەر دڵی منەوە و ئەوەی بەسەر دڵی ئەوەوە، هەرتک وەلاچوون . من دڵی ئەوم دیت و ئەویش دڵی منی بەتەواوی دیت . ( هەرتکمان میزاجی غروورمان هەبوو، ئەوسا پتر من وا بووم . من هـەوڵی هەموو شتێکم بۆ ئەوە دەدا کە نـەهێڵم ئەو دڵم - دڵی ئەڤینم بۆ ئەو- ببینێت و، ئـەوە وای‌کرد ئـەو گومان لە من بکات و پێی‌وابێت خۆشم‌نـاوێت . ئـەویـش، بە هۆی غرووری خۆیەوە، هیچ هـەستێکی خۆی پیشان نـەدەدا . هەر تـەنیا ئێستا لە یەکتر گـەیشتین) . لە نەتیجەدا ئێستا لە هەر کاتێکی پێشتر لێک‌نیزیکتر بووین ."

کای- هوئی، ئیـتر هەر هاتە ماڵەکەی مائۆوە و،کۆتایی ١٩٢٠ بوون بە ژن و مێرد . ئەوسـا، شۆڕشگێران مەرا- سیمی‌کۆنی ژنهێنانیان وەلاخستبوون و، جارێ دەبوو نەزمی تۆماری نوێی ژن و مێردی دابهێنرایە، لەبەرئەوە، هێشتا پسووڵەیەکی رەسمیی بوونە ژن و مێردییش نەبوو .

کای- هوئی، بەهۆی مێردکردنەکەیەوە، لە خوێندگەی بڵاوکەرەوانی مەسـیحیـەت دەرکـرا . مائۆش لەگەڵ خانمانی تردا هەر خەریک بوو . زوو دوای ژنهێنانەکەی، نێوانی لەگەڵ دوو خـانمی تردا پەیداکرد . هـەڤاڵێکی نیزیکی مائۆ بۆی باس‌کردین، گوتی مائۆ - ئەوجا بە قامکی شکڵی" بو- زهێن" ی چینیی لەسەر مێزەکە نووسی ( واتا : بێ وەفا یا خیانەتکار لە پێوەندیی ژن و مێردییدا) . دوو خانمەکە، یـەکێکیان ئـامۆزا( یا خاڵۆزا، یا پوورزا)ی

ژنەکەی خۆی بوو . کاتێك ژنەکەی پێی‌زانی، ئەوەندە تووڕە بوو، لە ئامۆزاکەی خۆی دا . بەڵام، بەدەگمەن قەت دەیکرد بە هەرا و، بۆ پێوەندیی حەزیش، هەر تەنیا پێبەندی دڵسۆزی مائۆ بوو و چ نێوانی تری نەبوو . دواتر بە هەستی تەسلیم‌بوونەوە نووسیویە :

" زۆر شتی تریشم زانین، ئیتر کەم‌کەمە شارەزای بووم . نەك هەر ئەو، بەڵام تەبیعەتی هەموو مرۆڤێك وەهایە، هەرکەسێکی ساغوسەلیم بێت، دەبێت دوو سیفەتی هەبن : یەکیان ئارەزووی جنسی و، ئەوی تریشیان خواستی عاتیفەی خۆشەویستی . ئیتر هەڵوێستم لێ نەبوو، با چۆنی دەوێت وابێت و، چی دەبێت با ببێت ."

کای- هوئی،بەهیچ جۆرێك ژنێکی‌ئاسایی بابەتی ئەوانەی ڕێوشوێنی لەمێژینەی چین نەبوو کە بڵێیت لەبەرئەوە بەدرەفتاریی مێردی قەبووڵ بکات . ئەوەی ڕاستی بێت، فێمینیستیش بوو و، دواتر گوتارێکی لەبارەی مافی ژنان نووسی :

" ژن مرۆڤن، ڕێك وەك پیاوان ... خوشکینە! ئێمە دەبێت بۆ یەکسانیی ژن و پیاو خەبات بکەین و، حەقمەن نابێت ڕێگا بدەین خەڵك ڕەفتاریان لەگەڵماندا وابێت وەك ئێمە تابیع بین ."

لە کاتی دووەم ژنهێنانی مائۆدا بوو، کە مۆسکۆ هەنگاوی پتری بۆ نانەوەی خراپکاریی لە چین دەنان . بە پێکهێنانی لەشکرێکی چینی بەنهێنی لە سیبیریا دەستی پێ‌کرد و، هەروەك چۆن ڕێك پێش ئەوە هەوڵی دابوو بکەوێتە پۆڵەنداوە (و تێدا سەرنەکەوتبوو)، ئێستا سەرگەرمی ئەوەبوو چۆن هێزی چەکدار بخاتە چینەوە . لە پاڵ ئەوەدا، خەریکی دروستکردنی یەکێك لە گەورەترین تۆڕە جاسووسییەکانی لە دنیادا بوو . مەرکەزێکی " کا گێ بێ "ی لە شانگهای پێشتر هەبوو ( ئەوسا" ن ك د ڤ " بوو، " کا گێ بێ" ساڵی ١٩٥٤ دامەزرا- وەرگێڕ) و، وا دنیایەك جاسووسی هەم مەدەنی و هەم سەربازی (ی" گرو" = گ رئو= "بەڕێوەبەریی ئیستیخباراتی سەرەکی"ی لەشکر)ی لە شارە گرنگەکانی چین، لەوانە " کانتۆن" و، دیارە " پێکین"یش دادەمەزراندن .

ڕۆژی ٣ی مانگی شەشی ١٩٢١، دوو نوێنەری پلەبەرزی مۆسکۆ، - هەرتك بە ناوی نهێنی - گەیشتن . یەکێکیان لە ئیستیخباراتی سەربازیی سۆڤیەت و ناوی" نیکۆلسکی" بوو؛ ئەوی تریشیان هۆڵەندییەك بوو، ناوی " مارینگ" بوو و، لە " ڕۆژهەڵاتی هیندی هۆڵەندی" ( دواتر: ئیندۆنیزی - وەرگێڕ) خەریکی خەڵك ورووژاندن و هەرانانەوە ببوو . ئەم دوو جاسووسە، بە " پ ك چ " ( پارتی کۆمونیستی چین)یان گوت کە کۆنگرەی

دامەزراندنی رەسمیی حیزبەکەی بگرێت . نامە بۆ حەوت ناوچەی چینی‌کە پێوەندییان هەبوو ناردران، داوایان لێ کرا هەریەکە و دوو نوێنەر بنێرن و، دووسەد یوانیش هەقی سەفەری لە هەر شوێنێکەوە لەگەڵدابوو . مائۆ، ئەو بلیتە یانسیبە (ی بەختئازمایی) و دەعوەتەی لە چانگشا بەدەست گەیشتن، کە دووسەد یوان ئەوسا دەیکردە معاشی نیزیکەی دوو ساڵی مامۆستایەتیی مائۆ و، زۆر لە هەقی سەفەرەکە پتر بوو . ئەوە یەکەم پارەیەك بووە کە ئێمە پێ‌دەزانین لە مۆسکۆوە دراوەتە مائۆ .

مائۆ، "هۆ شو-هێنگ"ی تەمەن ٤٥ ساڵی‌هەڤاڵی هەڵبژارد کە لەگەڵی بچێت . ئێوارەی ٢٩ی مانگی شەش، بە هەوایەکی تووش و تۆفانی، زۆر بە نهێنی و، قەبووڵیان نەکرد کەس لەهەڤاڵانیان بەرێیان بکات، بە کەشتییەك رۆیشتن . هەرچەندە قانوون دژی خەباتی کۆمونیستی نەبوو، بەڵام دیساهەر، دەبوو بە پارێزەوە ئەو کارەیان بکردایە — چونکە ئەوە ئیتر پیلانگێڕی بوو، پیلان بۆ دامەزراندنی رێکخراوێك بە پارەی بێگانە، بۆ ئەوە کە بە شێوەی ناقانوونی دەست بەسەر وڵاتدا بگرن .

یەکەم کۆنگرەی"پ ك چ"، ٢٣ی مانگی حەوتی١٩٢١ لە شانگهای کرایەوە . سێزدە کەس تێدا بەشداربوون . هەموو رۆژنامەنووس، خوێندکار یا مامۆستا بوون و، نوێنەری ٥٧ کۆمونیستان بوون، کە ئەوانیش زۆرتر هەر لە هی هەمان کاروپیشە بوون . تاقە یەك کرێکاریشیان تێدا نەبوو . دوو ئەندامی کە هەرە حیسابیان بۆ دەکرا، پرۆفیسۆر" لی تا- چائۆ" و،"چێن تو- هسیو" کە بە سەرۆکیش دانرابوو، هیچ کامیان لە کۆنگرەدا نەبوون . هەر تەنیا دوو کەسەکەی شاندی مۆسکۆ کۆنگرەکەیان هەڵسووڕاند .

مارینگ، درێژ و بە سمێڵ، گوتاری کردنەوەی بە ئینگلیسی پێشکەش‌کرد و، یەکێك لە ئەندامان وەریدەگێڕا . ئەندامانی‌کۆنگرە، وێ‌دەچوو درێژیی ئەو گوتارە چەندسەعاتییەیان لە ناوەرۆکی باشتر لەبیر مابووبێت . گوتاری درێژ ئەوسا بەدەگمەن لە چین هەبوو . نیکۆڵسکی، وا لە بیردا مابوو کە ئەو گوتارەکەی کورت بوو . لەوێ‌بوونی ئەو بێگانانە و، کۆنترۆڵی کە دەیانکرد، دەستبەجێ کێشەیەکی نایەوە . سەرۆکایەتیی کۆنگرە درا بە " چانگ کوئۆ- تائۆ"یەك ( دواتر دەبێت بە رەقیبی سەرەکیی مائۆ)، چونکە لە رووسیا ببوو و نێوانی لەگەڵ ئەو بێگانانەدا هەبوو . ئەندامێکی کۆنگرەکە لەیادی بوو چۆن " چانگ کوئۆ -تائۆ" جارێك پێشنیاری‌کرد بڕیارێکی ئێوارەی پێشتر هەڵبوەشێتەوە ...

" من بەرەنگاری بوومەوە : چۆن بڕیارێکی کە لە کۆنگرەدا دراوە، هەر وا سووك و هاسان هەڵدەوەشێندرێت ؟ گوتی : ئەوە بیروڕای نوێنەرە رووسەکانە . من بەوە یەکجار زۆر تووڕە

بووم : ... ئێ کە وابێت، بڕیاردانمان پێویست نیـن، هەر فـەرمان لە رووسـان وەردەگرین و تـەواو ."

بەڵام قسەکەی بێ هوودە بوو .

ئەندامێکی تری کۆنگرە، پێشنیاری کرد پێش ئەوە کە نەخشەی کاری رووسەکان بەجێبهێنن، با لێبکۆڵنەوە، بزانن ئایا ئەو بۆڵشەفیزمە لای ئەوان کار دەکات ؟ و گوتی با شـاندێك بۆ رووسیا بنێرین و شـاندێکیش بۆ ئەڵمانیا ــ پێشنیاری کە پیاوەکانی مۆسکۆی نارەحەت کرد و، لە نەتیجەدا رەتکرایەوە .

مائۆ کەمی قسەکرد و، سـەرنجی کـەم راکێشا . دیمەنیشی بە بەراورد بە ئەندامانی کە لە شارە گـەورەکانەوە هاتبوون، زۆرتر دێهاتییانە بوو، کەوایەکی درێژی لۆکە لەبەردا و پێڵاوی رەشی لۆکەی لە پێدا، لە جیاتی کۆت و شاڵواری ئەوروپاییانەی کە لاوانی پێشڤەرووی ئەو سەردەمە لەبەریان دەکرد . مائۆ هەوڵی ئەوەی نـەدا سـەرنج رابکێشێت، زۆرتر هەر دەیویست گوێ بگرێت .

کۆبوونەوەکە لە شوێنێکی " نشیمەنیی فەرەنسی" سازدرابوو و، پۆلیس لەو جۆرە گۆشانەی کە بە " جێدەسە- ڵاتی بێگانـە" ناسرابوون، زۆر هـۆشی لای چالاکیی کـۆمونیستان بوو . ئێوارەی رۆژی ٣٠ی مانگی حەوت، غەریبێك هەر وا لەخۆیەوە لێیان وەژوورکەت . مارینگ، بۆنی جاسووسی پۆلیس بەر لووتی کەوت و،فەرمانی دا بە ئەندامان کە لەوێ نەمێنن . ئیتر ئەندامە چینییەکان لەوێ رۆیشتن، چوونە شارۆچکەیەکی دەرەوەی شانگهای، پێیدەڵێن " جیاکسینگ"، لای دەریاچەیەکە، دارە شابەڕوو(ی چینی)ی بە دەوروبەرەوە . دوو پیاوەکەی مۆسکۆ نەچوون، نەوەکا بەوە سەرنج رابکێشن .

ژنی یـەکێك لە ئەندامان، لەو شـارۆچکەیە بوو، واپۆڕێکی کەیفی بۆ بەکرێ گرتن، مێزێکی لووس و جوان و خواردن و خواردنەوە و شتی یاریی ماهجۆنگ( تۆ بڵێی جۆرێك دۆمینە - وەرگێڕ)ی لەسەر ریزکرابوو . دیوارێکی تەختەی ئەستوور تێدا دەکەوتە نێوان ژوورەوە و بەشی دەرەوەی دەمی واپۆڕەکە؛ ئیتر خەڵکی ناوەوە لە دەرەوەوە نەدەدیتران . ئەو بەشـەی دەرەوەی دەمی، لە خەڵکی دەرەوە دیار بوو و، بانێکی بەسـەرەوە بوو، ژنەکە لەو بەشە دادەنیشت، پاڵی وە دیوارە تەختەکە دەدا . ئەو ژنە بۆی گێڕاینەوە، گوتی کە واپۆڕێك بەلایاندا تێدەپـەڕی، بە باوەشێنەکەی بەدەستییەوە بۆی لە دیوارە تـەختەکە دەدان، ئیدی ئەوان لەناوەوە تـەقەتـەقی ماهجۆنگ بە مێز دادانیان دەنایەوە . زۆری پێنەچوو، دایدایە باران و، واپۆڕ لە هەموو لایەکەوە لە باراندا پێچرایەوە . دامەزرانی پـارتی کۆمونیستی چین، بەو جۆرە لە ئەو هەلومەرجە سەیرەدا راگەیەندرا ــ بـەڵام نـەك بەتەواویش، چونکە

نـەدەکرا بە بێ پیاوەکانی مۆسکۆ، هیچ پرۆگرامێك بڕیاری لەسـەر بدرایە . کۆنگرە تـەنانەت بەیانی یەکەم یا پەیمانناممەیەکیشیان دەرنەکرد .

ئەندامان، سەرو پەنجا یوانی تریان بۆ هەقی ڕێگای گەڕانەوەیان درایێ . مائۆ توانی بەوە، بۆخۆی بچێتە گەشتو-گوزارێك و هەوایەك بگۆڕێت . چووە " هانگز هۆنو" و، " نانجینگ" کە لەوێ سەری لە " سو- یونگ" خـانمی دڵبەری دا .

بـەسـترانەوە بە مۆسکۆ و پارەی مۆسکۆوە، سەرودڵی زۆر لە ئـەندامانی پـارتەکەی دەگرت . پرۆفیسۆر چێن، کە درەنگانیمانگی ئووت/ ئاب هاتە شانگهای تا سکرتێرێتیی پارتەکەی وەربگرێت، بە هەڤاڵەکانی گوت کە :

" ئەگەر ئێمە پارەیان لێ وەربگرین، دەبێت فەرمانیشیان لێ وەربگرین" .

پرۆفیسۆر چێن،لای خۆیەوە، بیهوودە، پێشنیاری کرد کەسیان نەبێتە کادیرێکی کە، بەتەواوی، خۆی بۆ کاری پارتەکە تەرخان بکات، با هەموو کاری سەربەخۆ بکەن و ئەوەش بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پارتەکە بەکار-بهێنن .

چێن، لەگەڵ "مارینگ"دا لەسەر ئەوە قڕەیان بوو کە مارینگ وا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە " پ ك چ" لقێکی کۆمینتێرن بوو و، بەتایبەتی لەسەر ئەو بیروڕایەی کە دەبوو نیکۆلسکی سـەرپەرشتیی هەموو کۆبوونەوەکانیان بکات ." ئێمە دەبێت ئاوا کۆنترۆڵ بکرێین ؟ "، وادەبوو هـاواری دەکرد " ئەمە ئیتر هەر قسەی قۆڕە و تەواو!"، وادەبوو چەند حەفتە لەسەریەك هەر قەبووڵینەدەکرد چاوی بە مارینگ بکەوێت . زۆر وادەبوو دەیقیژاند، مستی لە مێز دەدا، تەنانەت پیاڵەی چای تووڕدەدان . مارینگ لەبەر ئەوە"چێن"ی ناو نابوو" بورکان". چەند جار وابووە " چێن" پیس هـەڵچووە، مارینگ هـەستاوە چووەتە ژوورێکی پـەناوە، سیغارێکی کێشاوە و، ئیتر" چێن" یش هەوڵی داوە ئارام ببێتەوە .

بەڵام" پ ك چ" بە بێ پارەی مۆسکۆ هەر نەیدەتوانی دەست بە هیچ کارێك بکات، نە ئەدەبیاتی کۆمونیستیی بـڵاوبکاتەوە و، نە بزووتنەوەی کرێکاران هـەڵبسووڕێنێت . هەر بەگوێرەی ڕاپۆرتی چێن خۆی بۆ مۆسـکۆ، لە ١٧٦٥٥ یوانی کە پارتەکە لە نـۆ مانگدا ( ئۆکتۆبری ١٩٢١ تا ژووئەن/ حوزەیرانی ١٩٢٢) خەرجی کردووە، لە سەدا شەشی لە چینییەکان خۆیانەوە هاتووە، لە سەدا نەوەدوچواری لە رووسیاوە بووە . ڕێکخراوانی تریش لە چین هەبوون، کە ئەوانیش کۆمونیست بوون و، کەم نەبوون؛ هەر لە نێوان ١٩٢٠ و ١٩٢٢دا، بەلای کەم حەوت

ڕێکخراوی کۆمونیستی هەبوون، یەکێکیان تەنانەت باسی یازدە هەزار ئەندامی هەبوو، بەڵام هیچیان نەیانتوانی خۆیان بگرن، چونکە رووسیا پارەی نەدەدانێ .

مائۆ، بە پێچەوانەی چێن، لە وەرگرتنی پارە لە مۆسکۆ هیچ دڕدۆنگ نەبوو . مائۆ واقیعبین بوو . ئەو پارەیەی رووسیا ژیانی شەخسیی مائۆشی زۆر دەگۆڕی . مائۆ، لە دوای کۆنگرەوە، ٦٠ تا ٧٠ یوانی مانگانەی پارتەکەی بۆ لقی " هونان" وەردەگرت؛ بەزوویی بۆیان کرد بە ١٠٠ یوان، دوای ئەوە کرا بە ١٦٠-١٧٠ یوان . ئەم پارە زۆرەی بە ڕێکوپێکی دەهات، باری زۆر دەگۆڕی . مائۆ هەمیشە کێشەی بێپارەیی هەبوو . دوو کاری هەبوون، بەڕێوەبەری خوێندگە بوو و، بەشەکارێکی ڕۆژنامەگەرییشی دەکرد و، هاواری لە دەست ئەو وەزعە بوو کە ژیانی بەو دوو کارەوە بەند بوو . مائۆ، لە دوو نامەیدا کە درەنگانی مانگی نوامبری ١٩٢٠ بۆ هەڤاڵێکی نووسیون، هاتوهاواری لەدەست ئەو وەزعەی دەربڕیوە :

" ژیانێك کە تەنیاهەر دەم و مێشکی تێدا بەکاربهێندرێت ئێجگار زۆر سەختە ... من زۆرتر وایە سێ یا چوار سەعات بێ حەسانەوە خەریکم ( ئاوا!)، تەنانەت تا بە شەویش کاردەکەم ... بەڕاستی ژیانم زۆر سەختە".

ئەوجا بە هێندێك هەڤاڵی خۆی گوتبوو کە :

" زۆر وێدەچێت کە لە داهاتوودا هەر مەعاشی ئەو دووکارەم بۆ ژیانم هەبێت . من کارێکی کە تەنیا بەکارهێنانی مێشکی بوێت، زەحمەت دەبینم . بیر لەوە دەکەمەوە خۆم فێری شتێك بکەم کە کاری دەست بێت، شتێکی وەك دروونەوەی گۆرەویی دڕاو یا کاری نانەوایی . "

مائۆ کە حەزی لە کاری دەست نەکردووە، بەم قسانەی دیارە کە هیچ ڕێگایەکی دەرچوونی بۆ داهاتووی خۆی لەبەرچاو نەبووە . بەڵام مائۆ ئێستا، مەعاشێکی خەباتی شۆڕشگێڕیی ڕەحەتی هەبوو . وازی لە کاری ڕۆژنامە-گەری و بەڕێوەبەریی خوێندگە هێنا و، وا ئاخری، بەو شتە گەیشت کە تا ئەوسا هەرخەونی پێوە دیتبوو . وادیارە لێرەوە کەوتووەتە سەر ئەو خووەی کە ئیتر تا کۆتایی ژیانی هەیبوو، کە بە شەو دەیخوێندەوە و بە ڕۆژ تا درەنگ دەخەوت . لە نامەیەکیدا، کە دوو مانگ دوای کۆنگرەکە، بۆ باشترین کۆنە هەڤاڵی خۆی " سیائۆ- ئو " ی نووسیوە، نیزیکەی نەشوەتێکی تێدا دەردەبڕێت :

" من ئێستا زۆرترینی کاتی خۆم بە ئاگاداریی لەشساغیی خۆم بەسەردەبەم و، زۆرگورج و گۆڵترم . لە ڕادەبەدەر بەکەیفم، نەك هەر لەبەرئەوە کە لەشساغترم، بەڵام چونکە هیچ خەمێکی کار و

بەرپرسیارییەکیشم نیە . زۆر ئاگام لەوەیە رۆژانە باش بخۆم، تا هەم زگم تێرکەم و هەم لەشسا-
غتریش ببم . ئەوجا، هەموو ئەو کتێبانەش کە حەز لە خوێندنەوەیان دەکەم بخوێنمەوە . بەراستی
ئەمەیە کە : پەهـ، چ کەیفێکە . "

ژیانی چاك ، بە بیری مائۆ، بریتی بوو لە تێر خواردن و تێری دڵ خوێندنەوە .

لە ئۆکتۆبری ١٩٢١، مائۆ و" کای - هوئی" خانم لەماڵێکدا کۆبوونەوە . ماڵەکەیان لە شوێنێك بوو، ناوی " حەوزی ئاوی روون"بوو و، مائۆ ئەوەندەی پارە هەبوو کە لێرە خزمەتکاریشی هەبوون . شوێنەکە زۆر خۆش بوو، ئاوێکی لێڵ دەرژایە حەوزێکەوە و روون دەبۆوە، ئیتر لەبەر ئەوە ئەو ناوەیان لێ نابوو . خانوویەکی لە شێوەی لەمێژینە بوو، کاریتەی تەختەی رەش و، دیواری خشتی چەندرەنگ بوون، دەڕوانییە سەر بێستانانێکی سەوزە-
جات و دیمەنی گردەڵانێکی لەدواوە .

بە تیۆری، خانووەکە مەکتەبی لقی" هونان"ی پارتەکە بوو . مائۆ، بەوە کە سەرۆکی لق بوو، یەکێك لە کارە-
کانی ئەوە بوو کە دەبوو ئەندامان بۆ پارتەکەی وەدەستبهێنێت، بەڵام بە دڵگەرمی نەیدەکرد . کاتێك، نوامبری ١٩٢٠ پێیانگوت ئەندامانێك بۆ"یەکێتی لاوان" وەدەستبهێنێت، ئەوەی بەکەسێکی تر سپارد و، خۆی لەگەڵ " سی- یونگ" خانمی دۆستیدا چووە گەشتوگوزار و، گوتی دەچێت لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی خوێندنەوە دەکات .

مائۆ، بە پێچەوانەی زۆربەی دیکتاتۆر- دامەزرێنەرانی وەك لینین یا موسۆلینی یاهیتلەر، بە دەموپل نەبوو، ئەوە نەبوو کە خەڵك بە تەئسیری خوتبە و قسەڕەوانیی، شەیدای خۆی بکات . ئەو بیری لای ئەوە بوو، کەسانێکی وا لە دەوروبەری خۆیەوە پەیدابکات، کە بیانەوێت کاربکەن و، فەرمانەکانی بەجێبهێنن . یەکەم کەسێکی کە مائۆ هێنایە ریزی رێکخستنەوە،" یی لی- رۆنگ" بوو، کە هەڤاڵی مائۆ و هەڵسووڕێنەری دووکانەکەی بوو . ئەو " یی لی- رۆنگ"ـە باسی ئەوەی کرد کە چۆن مائۆ، کاتێك لە کۆنگرەی یەکەمی پارتەکەی هاتووەتەوە، بانگی کردووەتە دەرەوە؛ لە دەرەوە،لە باخچەدا، مائۆ پاڵی وە پەرژینێکی لە داری حەیزەران داوە و پێی گوتووە کە دەبێت بچێتە ریزی پارتەکەوە . ئەویش لە وەڵامدا هێندێك منگە منگی کردووە وگوتوویە کە بیستوویە بە ملیۆنان کەس لە شۆڕشی رووسیادا لەناوچوون و.... بەڵام گوتی :" مائۆ پێی گوتم کە بچمە ریزەوە، ئیتر چووم". مائۆ، بەو جۆرە دەستی بە رێکخستنی رێکخراوی لە" چانگ شا" کرد . بە هەموویان سێکەس بوون : مائۆ، یی لی- رۆنگ و، ئەو هەڤاڵەی کە مائۆ لەگەڵ خۆیدا بردبوویە کۆنگرەی یەکەم .

مائۆ، ئەوجا، ئەندامانی خێزانی هێنانە ریزەوە ــ ژنەکەی و، براکانیشی کە خەبەری بۆ ناردن ، لە گوندەوە

چوونە لای . " تسی- مین" بە داراییماڵەوە راگەیشتبوو و، بۆ کاری پارە زیرەك بوو و، ئێستا بوو بە هەڵسوو-ڕێنەری دارایی بۆ مائۆ . مائۆ، خزم و کەسوکاری پتری لە دێیەکەیەوە بانگ کردنە لای خۆی و، کاری بە سەردا بەشینەوە . هێندێکیان چوونە ریزی پارتەکەیەوە . مائۆ، بەدەگمەن کەسی لە دەرەوەی خزم و کەسوکاری خۆی هێنایە ریزی پارتەکەوە، زۆرتر هەر بیری لای هێنانی خزم و خوێشی بوو .

ئەوەی راستی بیت، لەو سەردەمەدا، کۆمونیزم دڵی زۆر لە گەنجانی سەندبوو،کە " لیو شائۆ- چی" یەکێك بوو لەوانە و، ئەوەبوو دوایی بوو بە رابەری ژمارە دووی چین و، کەسانێکی تریش لە رابەرانی داهاتووی پارتەکە هەر لەوانە بوون، بەڵام هاتنە ریزی ئەوانە لە رێگای مائۆوە نەبوو، لە رێگای کەسێکی ترەوە بوو، ناوی " هۆ مین- فان" بوو، کە مارکسیستێکی لە ساڵانی پەنجای تەمەندا و، سەرۆکی ئیدارەی چانگ شا بوو . ئەو " مین-فان"ـە، " لیو" و کەسانێکی تری، لە دواییەکانی ساڵی ١٩٢٠ ، کردنە ئەندامی" یەکێتی لاوانی سۆسیا-لیست" و، پێشکەشی کردن کە بچنە رووسیا . مین- فان، بەشداری کۆنگرەی یەکەمی پارتەکە نەبوو، چونکە دەعوەتی چوونە کۆنگرەکە بۆ مائۆ ناردرابوو و، مائۆ زۆر ئێرەیی بە مین- فان دەبرد، بەتایبەتی بۆ ئەوەی کە مین- فان دەیتوانی ئەوەندە ئەندامان بۆ پارتەکە وەدەسبهێنێت . کە " لیو شائۆ- چی" ساڵی ١٩٢٢ لە مۆسکۆ گەڕایەوە، مائۆ پیس پێیدا هەڵشاخا کە چۆن ئەو چوونەی بۆخۆی وا وەچنگ هێناوە .

هەر کە مائۆ بوو بە سەرۆکی ئەو لقەی پارتەکە، کەوتە نەخشەدانان بۆ دەرکردنی " مین-فان"ی کە هەر وا بێ ئاگا و بێ خەبەر بە رەقیب دادەنرا . مین- فان، مەرکەزێکی خوێندنەوەی گوتار و باسانی بەدەستەوە بوو، کە لە خانووبەرەیەکی جواندا بوو، پەرستگایەکی بنەماڵەیەك، ناوی " چیا کەشتی Boat Mountain " بوو . مائۆ، گوتی کە ئەو شوێنەی بۆ کاروباری پارتەکە پێویست بوو و، خۆی و دەستەکەی لەگەڵدا چوونە ئەوێوە و، ژیانیان لە مین- فان وا تاڵ کرد، کە وازی لە هەمووی هێنا، لە شوێنەکەش و لە پارتەکەش . مائۆ، ساڵێك دوای ئەوە، بە " لیو شائۆ- چی"ی گوتووە کە " مین- فان"ی مامۆستای " لیو شائۆ- چی" :

" گوێڕایەڵ نەبوو، لەبەرئەوە لە « چیا کەشتی» مان وەدەرنا."

مائۆ، بە بەکارهێنانی ئەو وشەیەی " گوێڕایەڵ" لێرەدا، ئەویش بۆ کەسێکی زۆر لەخۆی بەتەمەنتر، لایەنێکی سەرسەرێتیی خۆی پیشاندەدات . پێشتر شتی وای لێ نەدیترابوو . کاتێك کە بۆ جاری یەکەم " سیائۆ- یو"ی لیبراڵی هەڤاڵی دیتبوو، مائۆ بۆ رێزلێگرتنی، بۆی چەمابۆوە . مائۆ، هەم لەگەڵ کەسانی هاو شان و هەم ئەوانەی

48

سەرووی خۆی بەئەدەب ببوو، کەچی وا ئێستا تامی دەسەڵات رەوشتی گۆڕیبوو *. ئیتر لەوساوە، هەڤاڵەتیی مائۆ هەر تەنیا لەگەڵ ئەوانەدا بوو کە رووبەڕووی نەدەبوونەوە، کە زۆرتر کەسانێکی نا- سیاسی بوون. هەڤاڵەتیی لەگەڵ هیچ کام لە هاوکارەکانی نەبوو، تەنانەت بەدەگمەن هیچ نێوانێکی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵیاندا هەبوو.

وەڵانانی مین- فان یەکەم زۆرانبێی دەسەڵاتی مائۆ بوو. مائۆ بردییەوە. لای مائۆ، کۆمیتەی حیزب نەبوو. کۆبوونەوە زۆرکەم بوون. مائۆ هەبوو کە فەرمانی دەکرد، هەرچەندە، بە رێکوپێکی، وەك کە داوای لێ کرابوو، راپۆرتی دەدا بە شانگهای.

مائۆ، بۆ ئەرکێکی تری سەرەکیی سەرشانی، کە رێکخستنی سانديکای کرێکاران بوو، هیچی نەدەکرد. چەندە هەستی هاودەردیی بۆ کرێکاران هەبوو، بۆ جووتیارانیشی لەوە پتر نەبوو. مائۆ، لە نامەیەکیدا، کە نوامبری ١٩٢٠ بۆ هەڤاڵێکی ناردووە، نارەزایی لە هەلومەرجی خۆی، بەوە کە رۆشنبیرە، دەربڕیوە، تێدا دەڵێت:

"من پێم وانیە کرێکاران لە چین، بە لەش، لە هەلومەرجێکدا بن کە بەڕاستی پێوە بناڵێن، تەنیا ئەهلی دنیای خوێندن وان، پێوە دەناڵێن."

دیسامبری ١٩٢١، کرێکارانێك لە" ئانیوان"، کە مەرکەزێکی گرنگی کانگەیە لە هەر دوولای سنووری نێوان هونان و جیانگکسی، بە نامەیەك داوای یارمەتییان لە کۆمونیستانکرد. مائۆ چووە لایان ـ یەکەم سەردانێکی مائۆ لە کرێکارانێك کە لە تۆماردا هەیە. چەند رۆژێك لایان مایەوە، ئەوجا جەرگەی کارەکەی بە کەسێکی تر سپارد و رۆیشت. دوای ئەو کورتە سەرپێداکردنەی دنیای پیسی کرێکارانی کانگە، بە" شانگهای"ی راگەیاند کە بەو رێکخراوەی کرێکاران رووحی هاتووەتە سەر لووتی.

بەڵام کەسانێك لەو مەڵبەندە هەبوون کە بۆ رێکخستنی کرێکاران زۆر کارا بوون. بەتایبەتی دوو کەس لەوانە، کە کۆمونیست نەبوون، "سانديکای کرێکارانی هونان"یان دامەزراندبوو و، لە دەوری حەوت هەزار کرێکاری هونان، پتر لە سێ هەزاریان کردبوونە ئەندامی. یەکەم مانگی ساڵی ١٩٢٢، کە رابەریی مانگرتنێکی گەورەیان دەکرد، گیران و، حوکمی مەرگ دران. بەرەبەیانێکی زوو، بە شێوەی لەمێژینە، حوکمەکەیان بە چەقۆ بەجێ هێنا

---

* سیائۆ- یو، لەو سەروبەندەدا لە مائۆ دووركەوتەوە و، دواتر بوو بە کارمەندێکی حکومەتی نەتەوەیی. ساڵی ١٩٧٦ لە ئوروگوای مرد.

٤٩

و ئەوە خەڵکی سەرتاسەری وڵاتی زۆر تووڕەکرد . حاکمی شوێنەکە،کە ئەوانەی کوشت، دواتر پرسیاری لێ کرا، ئەدی بۆچی مائۆی نەگرت، گوتی کە ئەو مائۆی بە خەتەرێك نەزانیوە .

مائۆ، بەهۆی ئەو سستییەی لە رێکخستنی کرێکاران و، لە پەیداکردنی ئەندامانیدا بوو،کە بەشداری کۆنگرەی دووەمی پارتەکە نەکرا،کە تەمووز/ ژووئیەی١٩٢٢گیرا . ئەو کۆنگرەیە ئێجگار زۆر گرنگ بوو، تێدا پەیماننامە-یەك دانرا و،بڕیاری بوونە ئەندامی کۆمینتێرن"یش درا، واتا بە تەواوی چوونە ژێرکۆنترۆڵی مۆسکۆ قەبووڵکرا . دواتر، مائۆ ویستی خەتای ئەو بەشدارنەبوونەی وا روون بکاتەوە کە "نیازی هەبووە تێدا بەشدار بێت "، بەڵام " ناوی شوێنی بەستنی کۆنگرەکەی لەبیرچووبۆوە و، هیچ هەڤاڵێکیشی نەدۆزییەوە، ئیتر بەشداربوونەکەی لەدەست چوو " . بەڵام ئەوەی راستی بێت، مائۆ زۆر کەسی پارتەکەی لە شانگهای دەناسی، کە هێندێك لەوانە بەشداری کۆنگرەکە بوون و، قەت ناکرێت بە رێکەوتێکی وەها، بەشداریی کۆبوونەوەیەکی ئەوەندە رەسمیی لەدەست دابێت . بەشدارنەبوونی لە کۆنگرەدا مانای ئەوە بوو کە دەکرا سەرۆکایەتیی لقی" هونان"ی لێ بستێند-رایەتەوە، ئیتر پارەی رووسیا رێگای بەلای ئەودا نەدەکەوت و، دەبوو فەرمان لە کەسێکی تر وەربگرێت . ترسی ئەوە هانی دا تەکان بداتە خۆی : سەرەتا، ئاپریل/ نیسانی ١٩٢٢، سەری لە کانگەیەکی قوڕقوشم و چینکۆ (زنك) دا و، لە می/ ئایاردا چۆوە مەرکەزی کانگەی ئانویان . چەند خۆپیشاندان و مانگرتنیشی رێكخستن . کە " کای- هوئی"، ٢٤ی ئۆکتۆبر، یەکەم منداڵی بوو، کوڕ بوو، مائۆی لا نەبوو، بە ناوی ساندیکای بەننایان بۆ گفتوگۆ چووبوو . مائۆ، کوڕەکەی ناو نا "ئان- ینگ". "ئان" ناوی نەسلێك بوو (؟- وەرگێڕ)،" ینگ" واتا " سەرناس". مائۆ، ئاخری، لە می/ ئایاردا کۆمیتەیەکی هونانی پارتەکەشی دامەزراند، کە ئەوە ئیتر ساڵێك دوای کرانی بە سەرۆکی لقەکەی هونان بوو . لقەکە ئەوسا ٣٠ ئەندامی هەبوون، کە هاتنە ریزی زۆربەیان لەلایەن مائۆوە نەببوو* . "لیو شائۆ- چی"ی کە دواتر بوو بە سەرەكکۆماری چین، لە دەوری سەرەمەرگیدا باسی شێوەی کاری ئەو کۆمیتەیەی بە سەرۆکایەتیی مائۆی کردووە کە :

" من زۆر کۆبوونەوەم لە ماڵی سەرۆك مائۆ کردوون " و نووسیویە :" جگە لە پرسیارکردن، قەت بواری هیچ قسەکردنێکم نەبوو، هەمیشەش لە دواییدا هەر قسەی مائۆ دەڕۆیشت ... پارتی لە

---

* پارتی کۆمونیستی چین، لە کۆتایی ژووئەن/ حوزەیرانی ١٩٢٢، بە هەمووی ١٩٥ ئەندامی هەبوو .

هونان سەرۆکی لقی خۆی هەبوو و شێوەی کاری تایبەتی خۆی، کە لەوەی شانگهای جیاواز بوو ."

لیو، بە ئەوەندە روونییەی بۆی کراوە، ئەوەی تۆمارکردووە کە مائۆ هەر لە یەکەم رۆژانی پارتەکەوە دیکتاتۆرانە کاری کردووە .

رێک ئا لەو بەینەدا، کە مائۆ هەوڵی دەدا نیوانی لەگەڵ مەرکەزی دەسەڵاتی پارتەکەیدا باش بکات، شانسێکی بەسەردا باری . ئەوەبوو، یەکەم مانگی ١٩٢٣، زۆربەی کادیرانی" پ ك چ " کێشەیان لەگەڵ مۆسکۆدا لەسەر فەرمانێکی سەیری مۆسکۆ لێ پەیدا ببوو، فەرمانێکی کە تەنانەت زۆر قوڕ دەهاتە بەر چاو، بریتی بوو لەوە کە پارتەکەیان بچێت رەگەڵ پارتێکی تر بکەوێت، پارتی" نەتەوەییەکان"( ك م ت = کوئۆمین‌تانگ) . مۆسکۆ بۆ ئەندامانێکی لقەکانی پارتی کۆمونیستی چین دەگەڕا کە بەو داوایەی رازی بوونایە ــ و مائۆی دیتەوە .

پارتی نەتەوەیی، ساڵی ١٩١٢ لە یەکگرتنی چەند دەستەی کۆماریخواز پێکهاتبوو ." سون یات- سێن" رابەری بوو، کە ماوەیەکی کەم ( حەفتا رۆژ - وەرگێڕ) یەکەم سەرەك‌کۆماری کاتیی چین ببوو، تا " یوئان شیهـ-کای "ی فەرماندەی لەشکر دەسەڵاتی لێ سەندبوو . سون هەوڵی‌دەدا لەشکرێك بۆخۆی دروست بکات و حکومەتەکەی " پێکین" بخات .

سون، بە ئەو مەبەستەی خۆی، دەستی خستە دەستی مۆسکۆوە . رووسەکانیش دەیانویست حکومەتی پێکین بخەن، چونکە ئەو حکومەتە ملی بۆ داگیرکرانی" مۆنگۆلیای دەرەوە" - کە ئەوسا قەڵەمڕەویی چین بوو- لەلایەن رووسەکانەوە نەدەدا . " پ ك چ" زۆر لەوە بچووکتر بوو کە بیتوانیبا حکومەتی پێکین بخات و، رووسەکان لە چین بۆ کەسانێکی تری وڵاتەکە دەگەڕان کە کەڵکی ئەوکارەیان هەبوایە و، تاقە کەسێکی بۆ ئەوە لەپێشیان بوو و ئامادە بوو مل بۆ ئەو داوایەیان بدات، سون بوو .

سون، " کانتۆن"ی پایتەختی ستانی" گوئانگ‌دۆنگ"ی باشووری کەناری دەریای کردبووە بنکەی خۆی . داوای لە رووسەکان کرد یارمەتیی بدەن تا لەشکرێکی بەهێزی وەها دروست بکات بتوانێت هەموو چین بگرێت . سون، سیپتامبر/ ئەیلوولی ١٩٢٢، بە کارمەندێکی ناردراوی مۆسکۆی گوت کە ئەو (سون) دەیویست " لەشکرێك بە چەك و جبەخانەی رووسیا" دروست بکات . لەبەرانبەردا، وێڕای ئەوە کە داگیرکرانی مۆنگۆلیای دەرەوە بۆ رووسیا دەسەلمێنێت، پێشنیاریش‌دەکات کە رووسیا ستانی" کسین‌جی‌ئانگ"ی بە کانی ئێجگار زۆر دەڵەمەندیش داگیربکات . " ئادۆڵف جۆفە"ی گەورە ناردراوی رووسیا، مانگی نوامبر، بە دەوڵەتەکەی راگەیاند

کە

سون " داوا دەکات یەکێك لە لەشکرەکانمان (فیرقەی سەربازی) « کسینجی‌ئانگ» بگرێت ... کە هەر تەنیا چوارهەزار سەربازی چینیی تێدایە و، ناکرێت هیچ بەرگرییەکی تێدا بکرێت ."

سون پێشنیاری بۆ رووسەکان کرد کە لە" کسینجی‌ئانگ"یشەوە تا جەرگەی چین بئاژۆن ، لەباتی ئەو، تا بە " چێنگدو"ی " سیچوئان" دەگات بگرن .

سون، نەك هەر ئەوە کە بەتەمای زۆر بوو و، دڕدۆنگیی کەم بوون، پارتێکی گەورەشی هەبوو کە بە هەزاران ئەندامی تیدا ناونووس‌کرابوون و بنکەیەکی قەڵەمڕەویی بە بەندەری گەورەی " کانتۆن "ـەوە . ئیتر ئەوەبوو سەرەتاکانی یەکەم مانگی ١٩٢٣، مەکتەبی سیاسی(پۆلیت بیرۆ) ی سۆڤیەت بڕیاری دا کە :

بە " پارەی سندووقی ئیحتیاتیی کۆمینتێرن"، " پشتگیریی تەواو لە نەتەوەییەکان بکەن".

ستالین،کە لە بەرزبوونەوەدا بوو و،" چین"ی زۆر لە بیردا بوو، ئەو بڕیارەی ئیمزاکردبوو . سون، ئیتر هەر وەك " جۆفە" بە " لێنین"ی گوت : بووە بە " پیاوی ئێمە" ( ئەسڵەکە وا بە خەتی جیاواز نووسراوە) . نرخەکەی

" دوو ملیۆن دۆلاری مەکسیکی بوو"،

کە دەیکردە دەوری دوو ملیۆن رووبلی زێڕ . " جۆفە" پرسی :

" مەگەر ئەو هەمووە دوو ملیۆن رووبڵ ناهێنێت ؟ ".

مۆسکۆ دەیزانی کە سون بەگوێرەی نەخشەیەکی بۆ مەبەستی خۆی کاری دەکرد و، رێك وەك چۆن رووس دەیانویست ئەو بۆخۆیان بەکاربهێنن، ئەویش دەیویست ئەوان بۆخۆی بەکاربهێنێت . رووس" پ ك چ"ـەکەی خۆیان بۆ ئەوە دەویست رەگەڵ سون بکەوێت تاکو لە نیزیکەوە ئاگایان لێ بێت لە خەتی بەرژەوەندی رووسیا دەرنەچێت . ئەوەبوو کە فەرمانیان دا بە کۆمونیستەکانی چین رەگەڵ " پارتی نەتەوەیی"بکەون . ستالین ئەو مەبەستەی لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا زۆر رێك و رەوان بەم وشانەی روون کردەوە :

" ئێمە ناتوانین هەر وا لێرە، لە مۆسکۆوە، بە ئاشکرا فەرمانیان بدەینێ . ئێمە ئەوە لەژێرەوە و بە نهێنی لە رێگای پارتی کۆمونیستی چین و هەڤاڵانی ترمانەوە بەجێدەهێنین .... ".

مۆسکۆ، دەیویست" پ ك چ" بکاتە ئەسپی تروی بۆ دەست خستنە" پارتی نەتەوەیی"ی زۆرگەورەترەوە . بەڵام هەموو رابەرانی " پ ك چ"، لە پرۆفیسۆر " چێن"ـەوە بگرە، قەبوڵیان نەکرد رەگەڵ سون بکەون، دەیانگوت چونکە سون کۆمونیزمی قەبووڵ نیە و، هەر سیاسەتچییەکی" درۆزن"ی سەرسەریی دیکەیە و هیچی تر . بە

مۆسکۆیان گوت لەباوەش‌گرتنی سون :

" بە فیرۆدانی خوێن و ئارەقەی رووسیایە و، رەنگە بە فیرۆدانی خوێن و ئارەقەی پرۆلیتاریای جیهان بێت ."

" مارینگ"ی ناردراوی کۆمینتێرن، راپەڕینێکی رووبەڕوو بۆوە . بە نیزیکەی یەقین، دەبێت هەر ئەو وەزعە بووبێت کە مائۆی گەیاندووەتە بارەگای پارتەکە . مائۆی عەمەلی( پراگماتیك)، ستراتیجی مۆسکۆی قەبووڵ کرد . هەر خۆی خێرا چووە پارتی نەتەوەییەوە . کۆمونیستێکی دڵگەرمتر، کۆنە هەڤاڵێکی مائۆ،" کای هێ - سێن" بە کۆمینتێرنی گوت کاتێك مارینگ دروشمی" با هەموومان کار بۆ نەتەوەییەکان بکەین"ی پێشکەش‌کرد " هەر ( تەنیا) مائۆ لایەنگری بوو".

مائۆ پێی وابوو پارتە بچووکەکەی داهاتوویەکی دەبوو، یا کۆمونیزم دڵی خەڵکی رادەکێشا . مائۆ ئەوەی زۆر بە روونی لە کۆنگرەی سێیەمی" پ ك چ "دا، لە ژووئەن/ حوزەیرانی ١٩٢٣، روون کردەوە، گوتی تاقە هیوایەك بۆ دروستکردنی چینێکی کۆمونیست، هەر هێرش‌هێنانی رووسیا بوو . مارینگ، کە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی سێیەمی کرد، گوتوویە کە مائۆ لە کۆنگرەدا

" ئەوەندە بەدبین بوو"، " تاقە نەجاتێکی « چین»ی لەوەدا دەدیت کە رووسیا خۆی تێ‌بخات"

مائۆ لە کۆنگرەدا گوتی کە « شۆڕش دەبێت بە لەشکری رووسیا لە باکوورەوە بهێندرێت » .

کە لە جەوهەردا رێك هەر ئەوە بوو کە دوو دەساڵ دواتر رووی‌دا .

ئەو حەماسەی مائۆ بۆ مۆسکۆ بوو کە وا لەپڕێك مائۆی گەیاندە ناو دڵی پارتەکەی، ژێردەستی مارینگ . مائۆ، ئێستا کە توانای گەیشتنە ئەوەی دەدیت کە لە سەریدا بوو، ئەوپەڕی گورج بۆوەو قۆڵی کاری لێ هەڵکرد . عونسورێکی زۆرکارای مۆسکۆ، کە بە رەسمی جێگری کۆنسولی یەکێتی سۆڤیەتیش بوو لە شانگهای، ڤیلدە، لە راپۆرتیدا بۆ مۆسکۆ، بەتایبەتی دوو کەسی بە" حەقمەن، کادیری چاك" ناوبردوون،کە مائۆ و یەکێکی تر بوون . مائۆ کرا بە یاریدەدەری پرۆفیسۆر" چێن"ی سەرۆکی پارتەکە و، بەرپرسیاریی:« پێوەندیی نامە، دۆکومێنت( ئەسناد) و، تۆمارکردنی قسەی کۆبوونەوەکان» ی پێ سپێردرا . هەموو نامەیەکی پارتەکە دەبوو ئیمزای هەردتکیان، چێن و مائۆی لە سەر بوایە . مائۆش ئێستا، بە لاساکردنەوەی چێن، ئیمزای بە ئینگلیسی دەکرد: T.T.Mao .

دیارە یەکەم شتی کە چێن و مائۆ بۆ مۆسکۆیان نووسی، داواکردنی پارەی پتر بوو بۆ ــ

" ئێستا کە بەرەی خەباتمان هەراو دەبێت" .

مـۆسـکۆ، دوای ئەوە کە کۆمونیستەکانی تابیعی خۆی ئاژۆتە پاڵ نەتەوەییەکانەوە، ئەوجا پیاوێکی پایەبـەرزی بۆ ناردن، تا هەرتك لا ، کۆمونیستەکان و نەتەوەییەکان وێکڕا کۆنتڕۆڵ بکات و، خەباتیان هاوئاهەنگ بکات . میخائیل بۆرۆدین، مرۆڤێکی خەڵك وروژێنەری بەکاریزما ، بە راسپاردنی ستالین، ئووت/ ئابی١٩٢٣ ، کرا بە راوێژکاری سیاسیی سون یات- سێن . رابردوویەکی خـەباتی شـۆڕشگێڕیی لە ئەمریکا و مەکسیك و بریتانیا هەبوو، زۆر بە دەموپل، دەنگی بە گوڕ، رێکخەرێکی زیت و، دووربینێکی زۆر زیرەك بوو ( یـەکـەم کەس بوو پێشنیاری کرد کە کۆمونیستەکانی چین بچنە رۆژئاوای باکووری نیزیکی سنووری رووسـیا ،کە ئەوەبوو دەساڵ دواتر کردیان) . بە وشەی وەك" بـە شـکۆیانە" باس لێ دەکرا و، تـەنانەت بە نەخۆشییـش هـەر گوڕ و تینی لێ دەباری .

بۆرۆدین، ریکخستنی نەتەوەییەکانی بە مۆدێلی رووسی داڕشتەوە، تـەنانەت ناوی دەستگاکانیشی هەر وەکو ئەوانەی رووسیا لێ کرد ، بە نموونە : " بەشی پـڕۆپـاگەندە" . مائۆ و زۆر کۆمونیستی تر لە کـۆنگرەی یـەکەمی نەتەوەییەکاندا بەشداربوون، کە یەکەم مانگی ١٩٢٤ گیرا و، " پ ك چ"ی ئەوەندە بچووك، تێدا دەستیان بەسەر ئەوەندە شوێنانێکدا گرت کە لە هەقی نیسبەتی ژمارەی خۆیان پتر بوو . مۆسکۆ، ئیتر کەوتە پارە هـەڵڕشتن بۆ نەتەوەییەکان . هەرەگرنگ ئەوەبوو کە پارە و مەشقپێکردنی لەشکرێکی بۆ دابینکردن و، ئەکادیمیایەکی سەر- بازییشی بۆ دامەزراندن . " ئەکادیمیی وامپۆئا "، لە دوڕگـەیەکی زۆر جوان لە " رووبـاری مـرواری"، لە ١٠ کیلۆمیتریی" کانتۆن"،هەمووی رێك بە مۆدێلی سۆڤیەت،بە راوێژکارانی رووس و، زۆرمامۆستا و خوێندکاری کۆمونیستی تێدا بوون . فڕۆکە و تۆپخانەیان لە یەکێتی سـۆڤیەتەوە بۆ هێنان و، لە سـایەی لەشکری کە رووس مەشقیان پێ کردبوون و، ژمارەیەکی ئێجگار زۆری راوێژکارانی سۆڤیەت بوو،کە نەتەوەییەکان توانیان سنووری دەسەڵاتیان زۆر بەرین بکەنەوە .

مائۆ، لە " پارتی نـەتـەوەیی"دا زۆر چالاك بوو و، بوو بە یەکێك لە شازدە ئەندامی بـەرزترین شوێن تێدا ، کە " کۆمیتەی بەجێهێنانی مەرکەزی "بوو . مائۆ، تا کۆتایی ساڵەکە ئیتر زۆرتر هەر لە ئیدارەی نـەتـەوەییەکان لە شـانگهای دەبوو . هـەر بە یـارمەتیی ئـەویش بوو کە لقی " هونان"ی پـارتەکە پێکهات و، بوو بە یـەکێك لە گەورەترین لقەکانی پارتی نەتەوەیی .

مائۆ، تەنانەت وای لێ هات کە بەدەگمەن دەچووە کۆبوونەوەکانی پارتەکەی خۆی، پارتی کۆمونیست . هەڤاڵە کۆمونیستەکانی مائۆ، ئەو تێهەڵچوونەی مائۆیان لە کاری پارتی نـەتـەوەیی، بە دڵ نـەبوو . کای، کۆنە هەڤاڵی

مائۆ - و پتر ئیدیۆلۆجیانە - ، دواتر لای کۆمینتێرن گلەیی ئەوەی کرد کە لە هونان :

" ڕێکخـراوەکەمان نیزیکەی هـەموو مایەیەکی لەدەست داوە . هـەمـوو مەسەلە سیاسیەکان، لە کۆمیتەی ستانی نەتەوەییەکان بڕیاریان لەسەردەدرا ، نەك لە کۆمیتەی ستانی پارتی کۆمونیست".

ڕێکخەریکی تری کرێکاران، کە بەتەواوی خۆی بۆ خەبات تەرخان کردبوو، گوتی کە

" مائۆ ئەوسا دژی« بزووتنەوەیەکی ساندیکای سەربەخۆ بۆ کرێکاران» بوو".

لەوەش بەولاتر، مائۆ، دوای ڕۆیشتنی" مارینگ "ی سەروەری لە ئۆکتۆبر، هـەستی بەوە دەکرد کە هێندێك لە ناردراوەکانی مۆسـکۆش لەگەڵیدا سـارد بوون . هەرچەندە مائۆ نێوانی لەگەڵ " بۆرۆدین"دا باش بوو، بـەڵام دەبوو بۆ ڕوونکردنەوەی هـەڵوێستی خۆی لە بەرانبەر ئەوانەی ئیدیۆلۆجیای پـەتیدا ڕەنج بکێشێت . مۆسکۆ، فەرمانی دابوو بە پارتی کۆمونیست کە ڕەگەڵ نەتەوەییەکان بکەوێت و ئەندامانی بچنە ناو ریزەکانیانەوە، بەڵام دەبوو بیروباوەڕ و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن،کەچی مائۆی شپرزە، ئیتر نەیدەتوانی سنوورێك لە نێوان ئەو دوو پـارتەدا ببینێت . یـەکێك لەو ناردراوە ئیدیۆلۆجیيانە، " سێرگێی دالین"، ١٩٢٤/٣/٣٠ بۆ " ڤۆیتینسکی"ی نووسیوە :

" ئەوەی تۆ لە سکرتێری « ك م» ( کۆمیتەی مەرکەزی) مائۆ (ی بێ گومان میرزایەکی مارینگ)ی دەبیسیت، سەرت سپی دەکات . بەفوونە دەڵێت کە« پارتی نەتەوەیی» پارتێکی پرۆلیتاریا بووە و هەیە، دەبێت کۆمونیزمی نێونەتەوایەتی، بە یەکێك لە لقەکانی خۆی دابنێت ... ئا ئەم زاتە نوێنەری پارتەکە بووە لە « یەکێتی لاوای سۆسیالیست»دا ... من بۆ کۆمیتەی ناوەندیم نووسی، داوام لێ کردن کەسێکی تر بکەنە نوێنەر ."

مائۆ، لە نەتیجەدا، لەو مەرکەزەی لادرا . ڕەخنەی ئەوەی لێ گیرا کە بە " هەلپەرست" و " باڵی ڕاست" دانرا . لە کۆمیتەی ناوەندی تێهەڵدرا و، بۆ کۆنگرەی داهاتووی کە بۆ یەکەم مانگی ١٩٢٥ بڕیاردرابوو تەنانەت هەر دەعوەتیش نـەکرا بچێت تێدا بەشـداربێت * . لەشساغیی لێرەدا تێکچـوو، لاواز و نـەخۆش بوو . کەسێك کە ئەوسا هاوماڵ و هاوکاری مائۆ بووە، بۆی باسکردین گوتی :

مائۆ " گیروگرفتی لە سەریدا هەبوون ... شتی شەخسی هۆشی داگیرکردبوو . "

---

* پارتی کۆمونیستی چین ئا لەم کاتەدا ٩٩٤ ئەندامی هەبوون .

نــارەحەتیی رەوانیی مائۆ، لە زگی دا، تووشی قەبزیی کرد، وادەبوو لە حــەفتەیەکدا تــەنیا یــەك جار دەیتوانی دەست بە ئاو بگەیەنێت . مائۆ تووشــی دەردی قــەبزییەك بوو کە ئیتر قــەت بەری نــەدا، ئیتر لەوســاوە تــەواوی ژیانی ئــەو کێشەیەی ئاودەستی هەر هەبوو .

مائۆ، کۆتایی ١٩٢٤ لە شانگهای کشایەوە . هاتەوە هونان، بەڵام ئیتر هیچ مەرکەزێکی لە پارتەکەیدا نەمابوو و، هەر دێیەکەی خۆی " شائۆشان"ی بۆ مابۆوە بیحەوێنێتەوە . ئیتر ١٩٢٥/٢/٦ ، بە پێ لە پــەنجا کیلۆ کتێبەوە چۆوە شائۆشان و،گوتی کە بۆ هاتنەوە سەرحاڵی دوای نەخۆشی هاتووەتەوە ماڵ . چوارساڵی لە پارتیکۆمونیستدا بەسەربردبوو ـ چوار ساڵی پڕ لە هەورازو نشێو . مائۆ، وا لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا، نەبوونی روونیی بیروباوەڕ و نەبوونی شەوق فڕێیان دەدایەوە باوەشی زێدی بنەماڵەکەی . ئەو نســکۆیەی مائۆ لە یەکەم ساڵانی پارتی کۆمونیستدا و، ئەو شەیدابوونەی " پــارتی نــەتــەوەیی"ی، هێشــتا لە خەڵك دەشاردرێنەوە . مائۆ نــەیدەویست کــەس بزانێت چەندە لە کاری پارتی کۆمونیستدا کول بووە و، چەندە شێتوشەیدای" پارتی نەتەوەیی" بووە ( کە دواتر بوو بە دوژمنی سەرەکیی کۆمونیستان) ـ یان بزانن کە چەندە لە رووی بیروباوەڕەوە لێڵ بووە .



یانگ کای ــ هوئی و دوو کوڕی لە مائۆ

## ٤- هەڵچوون و داچوون لە" پارتی نەتەوەیی"دا
## (١٩٢٥-١٩٢٧؛ تەمەن ٣١-٣٣)

مائۆ، هەشت مانگ لە ماڵەکەی خۆیان لە شائۆشان مایەوە . خۆی و دوو براکەی، خانووی ماڵەکە و زەوی و-زارێکی باشیان لە دایك و باوك بە میرات گرت و، خزمیش ملك و داراییان بۆ هەڵدەسووڕاندن . دوو براکەی مائۆ، کە مائۆ هێنابوونییە ریزی پارتەکەوە، لە چانگشا بوون، کاریان بۆ پارتەکە دەکرد . ئێستا ئەوانیش، هەرتك، لەگەڵ مائۆدا هاتنەوە ماڵ . لە چانگشا، کە بەهەمووی پەنجا کیلۆمیتر بەولاوەیانەوە بوو، کۆمونیست خەریکی رێکخستنی خۆپیشاندان و مانگرتن و هەڵسووڕاندنی کۆبوونەوەی گشتیی خەڵك بوون، بەڵام مائۆیان لەگەڵ نەبوو . مائۆ لەماڵ دانیشتبوو و زۆر کاتی بە بازیی وەرەقی قومار بەسەردەبرد .

بەڵام ، مائۆ لەسەر هەست بوو، چاوەڕێی هەلێکی گەڕانەوەی بۆ سیاسەت دەکرد ــ بۆ ئاستێکی بەرزی . مانگی مارت/ مارسی١٩٢٥، رابەری نەتەوەیی سون یات- سێن مرد . زەلامێك جێی گرتەوە، کە مائۆ دەیناسی، مائۆی بەدڵ بوو ــ وانگ چینگ- وێی . وانگ ساڵی پێش ئەوە لە شانگهای لەگەڵ مائۆدا پێکەوە کاریان کردبوو و زۆر چاك گونجابوون .

وانگ، بەتەمەن دە ساڵ لە مائۆ گەورەتر بوو، ساڵی ١٨٨٣ لەدایك ببوو . بەکاریزما، بە دەموپل و رەوان و، زۆر قۆز بوو، سەروسیمای بازیگەرانی فیلمی سینەمای هەبوو . لە خەباتی کۆماریخوازیی دژی مانچودا چالاك ببوو .کە ئۆکتۆبری ١٩١١ شۆڕش هەڵگیرسا، وانگ لە زیندان بوو، حوکمی زیندانیی ئەبەد لەسەر ئەوە درابوو، کە چەند جار هەوڵی دابۆوە کارمەندانی پلەبەرزی رژیمی پادشا، لەوانە بریکاری پادشاش بکوژێت . کاتێك پادشایی نەما، لە زیندان دەرچوو و، بوو بە یەکێك لە رابەرانی " پارتی نەتەوەیی" . وانگ، لە دواساڵانی ژیانی "سون"دا لەگەڵیدا(لەگەڵ سون) ببوو و شاهیدی نووسینی وەسیەتنامەی ببوو،کە ئەوە بڕوانامەیەکی جێگرتنەوەی بوو . لە هەمووش گرنگتر :" بۆرۆدین" ی گەورە راوێژکاری رووس بەدڵی بوو . مۆسکۆ، ئێستا ، بە دەوری یەك هەزار کارئاگای رووسی لە بنکەی نەتەوەییەکان، ئاغای" کانتۆن "بوون،کە دەتگوت شارێکی یەکێتی سۆڤیەتە . ئەو هەمووە دروشم و ئاڵا سوورانەی شاریان داپۆشیبوو . ئەو ئۆتۆمبیلانەی تیژ تێدەپەڕین، دەموچاوی رووسیان تێدا بوون و، لەمەلاو و ئەولاشەوە پاسدارانی چینی بەسەر پلەی خوار دەرگایانەوە بوون . ئەو هەمووە کەشتییە

بارییەی رووسـان لە" رووباری مرواری" لەنگەریان خستبوو . کۆمیسارانی رووس لە ژووری دەرگاداخراودا، لە پشت مێزی بە سەرپۆشی سوور و، لێنین بەدیوارەوە لە پشت سەرەوە چاوی تێبڕیبوون، لە" ئاژاوەچییان"یان دەکۆڵییەوە و دادگاییان دەکردن .

هەر کە " سون" مرد، مائۆ برایەکی خۆی، " تسی- مین"ی نارده کانتۆن، تا نەبزێکی وەزعەکە بگرێت، بەزوویی براکەی تریشی، " تسی- تان"ی بەدوودا چوو . دەوروبەری ژووئەن/ حوزەیران روون بووکە" وانگ" رابەری نوێی " پارتی نەتەوەیی" بوو، ئیتر مائۆ کەوتە سەر پێکهێنانی رێکخستنانی ناوچەیی بۆ پارتی نەتەوەیی لە مەڵبەندە- کەی خۆیدا، تا بەوە بڕوا وەدەست بهێنێت . ئەوەش زۆرتر هەر بۆ نەتەوەییەکان بوو، نەك کۆمونیستان . مائۆ، دوای ئەوە کە لە سەرکردایەتیی کۆمونیستان وەلادرابوو، ئێستا شانسی خۆی لای نەتەوەییەکان تاقی دەکردەوە .

" ئەنتی ئیمپریالیزم" ( دژی ئیمپریالیزم) لە هەرەسەرووی پرۆگرامی پارتەکە بوو . پارتەکە بەرگریکردنی لە بەرژەوەندی وڵاتی چین لە دژی هێزەکانی بێگانە کردبوو بە ئەرکی یەکەمی خۆی و، ئیتر مائۆش هەر بەو باسەوە لە چالاکیدا بوو، هـەرچەندە ئەو باسە لە ژیـانی جووتیاران دوور بوو . نـەتیجەکەش چاوەڕوان نـەکراو نـەبوو، جووتیاران گوێیان نەدەدایێ . یەکێك لە هاوکارانی مائۆ، رۆژی ٢٩ی ژووئیە/ تەمووز، لە بیرەوەریدا نووسیویە :

" هەر تاقە یەك هەڤاڵ هاتە کۆبوونەوە . ئیتر کۆبوونەوە پێکنەهات ."

چەند رۆژێك دواتر نووسیویە :

" کۆبوونەوە نەکرا، چونکە هەر تەنیا چوار هەڤاڵ هاتن ."

شـەوێـك، لەگەڵ مائۆدا، ماڵ بە ماڵ بەسەر خـەڵکدا گـەڕان تا بۆ کـۆبـوونەوەیان بهێنن، ئیتر کـۆبـوونەوە زۆر درەنگ دەستی پێکرد و، تا سەعات یەك و چارەگی دوای نیوەشەو تەواو نەبوو . مائۆ گوتی کە زۆر ماندوو ببوو و دەیویست بچێتەوە ماڵ

" گوتی کە تووشی« نیوراسـتـێنیا» ( رووخانی عـەسەبی) ببوو و، ئەو رۆژە زۆری قسـەکردبوو .
گوتی کە نەیدەتوانی لێرە بخەوێت ... دەوری دوو یا سێ لی رۆیشتین( یەك لی = نیو کیلۆمیتر)
و، نـەمانتوانی پتر بڕۆین . بەتەواوی شەتەك بووین، ئیتر ئەوەبوو شەوەکە لە « جۆگەی تانگ»
( ناوی شارۆچکەیەك- وەرگێڕ) ماینەوە .

مائۆ، خـەباتی لە ناو جـووتیاراندا بەو شێوەیە نـەبوو کە باسی خـەباتی هـەژاران لە دژی دەوڵەمەندان بکات . ئەوەش، بەشێکی بەهۆی ئەوە بوو کە پێی وابوو ئەو باسە بەو شێوەیە قسەیەکی بێ مانا بوو. مائۆ، پێشتر،١٨ی

58

یەکەم مانگی ١٩٢٤، بە " بۆرۆدین"ی گوتبوو :

" ئەگەر ئێمە خەباتی دژی خاوەن زەوییان بکەین، حەقمەن تێدا سەرناکەوین . « هێندێك كۆمونیست لە هێندێك شوێن» لەپێشدا کەوتبوونە سەر ڕێکخستنی جووتیارانی نـەخوێندەوار و، خستبوویاننە خەباتی دژی خاوەن زەوییانی تارادەیەك گەورە و دەوڵەمەندەوە . نەتیجەکەی چی بوو ؟ ڕێکخراوە - کانمان تێکدران، قەدەغەکران، جووتیارەکانیش نەك هەر بەوەیان دانەدەنایین کە خەباتمان بۆ کردبن، بگرە هەر ڕقیان لێمان بوو، دەیانگوت ئـەگەر ئێمە تووشی ڕێکخراومان نـەکردنایە، بـەڵا و بـەد- بەختییان بەسەر نەدەهاتن .

لەبەرئەوە، جارێ، پێش ئەوە کە ڕێکخراوە ناوچەییەکانمان لە دێهات بەهێز ببن ... نـاتوانین دەست بدەینە سیاسەتێکی توندی دژی خاوەن زەوییانی دەوڵەمەند ."

مائۆ پیاوێکی پراگماتی(عەمەلی) بوو . كۆمونیستێکی ئەو مەڵبەندەی مائۆ، وانگ کسیان- زۆنگ، لەو سەر- دەمەدا کە مائۆ لە شائۆشان بوو،کەوتە ڕێکخستنی جووتیاران بۆ ئەوە کە چارەنووسیان باشتر بکات . پۆلیسی ئەو شوێنە گرتیان، بە بوونە چەتەیان تاوانبار کرد، شکەنجەیان دا و سەریان بڕی .

مائۆ عاقڵانە بڕیاری دابوو، خۆ لەو جۆرە کارە خەتەر و بێهوودانە دوور بگرێت . بـەڵام هەر بەوە کە ناوی بە شۆڕشگێڕێکی گرنگ ڕۆیشتبوو، کاربەدەستانی هونان لێی دڕدۆنگ بوون . هاوینی ئەو ساڵە وشکانی بوو و، جووتیارانی هـەژار، وەك خووی هەمیشەیان لەو حاڵەدا، ڕێیان لەوەگرت کە دەوڵەمەندان دانەوێڵە لە کـەشتییان بارکەن و، ببیەن لە شـارۆچکە و شاران بیفرۆشن . مائۆ، گومانی لێ کرا کە دەستی تێدا هەبوويێت . بە دووی ڕووداوێکی کە ٣٠ی می/ ئایار لە شانگهای ڕووی دابوو و، پۆلیسی ئینگلیس تێدا ١٠ خۆپیشاندەری چینییان لە " نشیمەنیی بریتانی" کوشتبوون، خۆپیشاندانی گـەورەی " دژی ئیمپریالیستی" لە مەرکەزی ئەم ئوستانەی مائۆ( چانگ شا) کران . هەرچەندە مائۆ هیچ دەستی تێدا نـەبوو، بە میلان دوور لەوێ، بە ئارامی لە ماڵە خۆی بەسەردەبرد، کەچی هەر بیر بۆ ئەوە دەچوو کە ئەویـش دەستی تێدا هـەبوويێت و، دەبینین ئەوە لە تۆماری زووی حکومەتی ئەمریکادا سەری هەڵێناوە . کۆنسولخانەی ئەمریکا لە چانگ شا، ڕاپۆرتێکی ١٥ی ژووئەن/ حوزەیرانی سـەرۆکی" Yale -in -China ییڵ ئین چاینا" ( لقێکی زانکۆی" هارڤارد"ی ئەمریکا لە" چانگ شا"- وەرگێڕ ) لەبارەی " ئاژاوەی بۆلشەفی" لە چین، بۆ واشنتۆن ناردووە، تێدا دەڵێت کە سەرۆکی ئیدارەی حکومەتی هونان

" لیستێکی ناوی بیست رابەری ئاژاوەگێرانی بەدەست گەیشتووە،« مائۆ تسی- تونگ»یشیان تێدایە، کە لێرە بە رابەری پرۆپاگەندەچیی کۆمونیست ناسراوە ."

مائۆ ناوێك بوو، تەنانەت بۆ ئەمریکاییەکیش ( ئەمریکاییەکی - بەشێوەیەکی نائاسایی- چاك ئاگادار) .

ئەوەبوو، لە کۆتایی ئووت/ ئابدا فەرمانی گرتنی دەرچوو . مائۆ، کە لە هەموو بارێکدا هەر دەچووە کانتۆن، دیتی کە ئێستا کاتی بوو کە بڕوات . سەرەتا بە کەژاوەیەکی کە حەمباڵ هەڵیدەگرن ( تەختی رەوان ) چووە " چانگ شا" و بە حەمباڵەکانی گوت ئەگەر کەس لە رێگا لیی پرسین کێ لە کەژاوەکەدایە، بڵێن بژیشکی تێدایە . چەند رۆژێك دوای ئەوە، چەند نەفەرێکی میلیشیا چوونە شائۆشان، لە مائۆ دەگەڕان . کە دیتیان مائۆ لەوێ نەبوو، هێندێك پارەیان برد و رۆیشتن، بەڵام ئیدی هەرئەوەندە و، کەسی ماڵی مائۆیان ئەزیەت نەدا .

مائۆ، ئێوارەی رۆژی پێش دەرچوونی لە " چانگ شا"، پیاسەیەکی بە قەراغی" رووباری کسیانگ"دا کرد و شیعرێکی دانا، کە تێدا لە داهاتووی دەنۆڕێ :

" هەڵۆ بە بەرزایی گونبەزی ئاسماندا هەڵدەفڕن،

ماسی بە بنی تەنکە رووباردا،

لە ژێر ئاسمانێکی بەستەڵەکدا، دەهەزاران بیچم دەیانەوێت ویستی خۆیان بسەپێنن .

بە ئەو هەراوییە وروژاوم،

لە زەویی بێ سنوور دەپرسم :

تۆ بڵێیت لەدواییدا کێ ببێتە ئاغای تۆ ؟ "

غەریزەی مائۆ، درۆی لەگەڵ نەکردبوو . لە دوو حەفتەی دوای گەیشتنە کانتۆنیدا، سیپتامبر/ ئەیلوولی ١٩٢٥، کۆڵێك وەزیفەی کلیلی لەلایەن سەرۆکی پارتی نەتەوەییەوە خرایە دەست . مائۆ، کرا بە بریکاری سەرۆك وانگ، بە بەڕێوەبەری دەستگای پرۆپاگەندە و، بە سەرنووسەری رۆژنامەی نوێی پارتی نەتەوەیی" حەفتەنامەی سیاسی". بۆ ئەوە کە پتریش بهێنرێتە پێشەوە، خرایە ئەو کۆمیتە پێنج نەفەرییەی کە دەبوو ئەندامان بۆ چوونە کۆنگرەی دووەمی پارتی نەتەوەیی هەڵبژێرێت، کە لە یەکەم مانگی ساڵی داهاتوودا دەبوو ببەسترێت و یەکێك لە گرنگترین راپۆرتانی پێشکەش بکات . باسی دەستی" وانگ" لە بەرزبوونەوەی مائۆدا، لەلایەن" پێکین" ـەوە زۆر هەوڵ دراوە کە بشاردرێتەوە، زۆرتریش لەبەر ئەوە کە وانگ لە ١٩٤٠ـەکاندا بوو بە سەرۆکی حکومەتی دەستکردی ژاپۆنیەکان .

توانای ئەو قوڵ لێ هەڵکردنە بێ سنوورەی مائۆ لە کار لە کانتۆن، بە رادەیەکی نـە کەم لەسایەی ئەوەوە بوو کە مائۆ لەم دەمەدا حەبی خەوی دۆزییەوە . پێشتر، کێشەیەکی زۆری خـەو لێ نـەکەوتنی هـەبوو و، ئەوە هەمیشە بڕستی لێ بڕیبوو . ئێستا ئیتر لەوە رزگاری بوو . مائۆ دواتر، داهێنەری حەبی خەو تەنانەت لە ریزی مارکس دادەنێت .

مائۆ، نوامبری ١٩٢٥، کە کاری بۆ نەتەوەییەکان دەکرد، بۆ جاری یـەکـەم مەیلی باسـکردنی جـووتیارانی چینی پیشان دا . لە ئیستیمارە ( فۆرم) ێکدا کە دەبوو پڕی بکاتەوە، گوتوویە کە ئەو "ئێستا بیرێکی تـایبەتی لای " ئەو زۆر دە ملیۆنانەیە . یەکەم رۆژی دیسامبر، گوتارێکی درێژی لەسەر جووتیاران لە گۆڤاری نەتەوەییە-کاندا بڵاوکردەوە و، مانگێك دواتر یەکێکی تریشی بۆ یەکەم ژمارەی گۆڤاری" جووتیارانی چینی"ی نەتەوەییە-کان نووسی . ئەو مەیلەش وەنەبێت لە هزر و هەستی خۆیەوە هاتبێت، نا، فەرمانی مۆسکۆ بوو، کە لە ئۆکتۆبردا بە هەرتك لا، نەتەوەییەکان و کۆمونیستەکانی گوت کە باسکردنی جووتیاران هەرە وەپێش بخرێن ، نەتەوەییەکا-نیش ئیتر دەست بەجێ کەوتنە سەر بەجێهێنانی فەرمان .

ئەوە رووسـەکان بوون کە یـەکـەم جار فەرمانیان دا " پ ك چ " بیری لای جـووتیاران بێت . مۆسکۆ، هەر لە مایسی ١٩٢٣ باسی ئەوەی کردبوو کە" مەسەلەی جووتیاران" ی بە" مەرکەزی هەموو سیاسەتەکان"ی دادەنا و، فەرمانی بە شۆڕشگێرەکانی چین دابوو کە بکەونە سەر شۆڕشێکی چارەسەرکردنیکشتوکاڵ (ئیسلاحاتی ئەرزی) لە دژی پاشماوەی دەرەبەگی . مەبەست ئەوەبوو کە جووتیاران بەگوێرەی داهاتیان بە چەند چین دابەش بکرێن و هەژارەکانیان لە دژی ئەوانەی تری کە حاڵیان باشتر بوو هان بدرێن . مائۆ ئـەوسـا هەڵوێستی لەوە سارد ببوو، کە ئەوە بە مۆسکۆ گەیەندرابۆوە، مۆسکۆ لەسەر ئەوە یەکێك لە وەزیفەکانی لێ سەندبۆوە . هەڵوێستی مائۆ لەوە، وەك کە " دالین" مارت/ مارسی ١٩٢٤ بۆ " ڤۆیتینسکی"ی نووسیوە، بەم جۆرە بووە :

" لە مەسەلەی جووتیاراندا، دەبێت ئەو جۆرە دابەشکردنەیان وازلێ بهێنرێت . جووتیارانی هەژار، هیچیان لەگەڵ ناکرێت، دەبێت نێوان لەگەڵ خاوەن زەوی و" شێنشیهـ " ( نـەجیبزادە)کاندا پەیدا بکەین ."

بەڵام مائۆ ئێستا رەگەڵ باری نوێ کەوت، هەرچەندە بەهۆی شێوەی داڕشتنی وشەو عیبارەتە ئیدیۆلۆجییە-کانی، دیسان کێشەی لەگەڵ رووسـەکان بۆ پـەیدا بوو . مائۆ لە نووسینی گوتارەکانیدا، چینایەتیی بە زمانی کـۆمـونیزم وا شـیـدەکـردەوە کە جـووتیاری خـاوەنی پەلەزەوییەکی بچـووکی ناودەنا" بـۆرژوای بچـووك"و،

کرێکاری کشتوکاڵ ( دەبێت لێرەدا مەبەست وەرزێر و سەپان و ئەوانە بن - وەرگێڕ) ی ناودەنا " پرۆلیتاریا". رەخنەیەکی زۆر تیژ لەوە، لە گۆڤاریکی راوێژکەرە سۆڤێتییەکاندا، گۆڤاری " کانتۆن"، بلاوکرایەوە، ئەو گۆڤارەی دەگەیشتە دەستی خوێنەرانێکی پلەبەرزی سۆڤیەت،کە" ستالین" یەکەم ناوی لیستێکی چلکەسیی ئەوانە بوو کە بۆیان دەناردرا . رەخنەگرەکە،" ڤۆلین" مائۆی بەوە تاوانبارکردبوو کە بەشێوەیەك باسی جووتیا-رانی چینی کردبێت وەك کە ئەوانە لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا بن، لەکاتێکدا کە چین هێشتا لە قۆناغی دەرەبەگیدا بوو :

" یەك هەڵەی گرنگی زۆر زەق لێرەدا لەبەرچاوە ... پێکهاتنی کۆمەڵگای چین، ئەگەر بە قسەی مائۆ بێت، سەرمایەداریی پەرەسەندووە . "

گوتارەکەی مائۆ بە" نا- زانستی" و" بێ سەروبەر" و" زێدە سەتحی و ساویلکە" باس‌کرابوو . تەنانەت ژمارەی سەرەتایی تێدا هەڵە بوو؛ مائۆ، بەقسەی ڤۆلین، خەڵکی " چین"ی بە ٤٠٠ ملیۆن داناوە، لەکاتێکدا کە سەر-ژماریی ١٩٢٢ پیشانی داوە کە ٤٦٣ ملیۆن بووە .

لە خۆشبەختیی مائۆ، ئاستی راستی و دروستیی تیۆریی" پارتی نەتەوەیی" ئەوەندە بەرز نەبوو . سەرپەرستی مائۆ، وانگ چینگ وێی، فێڤریە/ شوباتی١٩٢٦ ، مائۆی کردە ئەندامێکی دامەزرێنەری" کۆمیتەی بزووتنەوەی جووتیارانی نەتەوەیی " و، جگەلەوە، کردیشی بە سەرۆکی" ئەنستیتوی مەشقی بزووتنەوەی جووتیاران" ی نەتەوەییەکانی کە دوو ساڵ پێشتر بە پارەی رووسیا دامەزرابوو .

ئەو مائۆیەی کە زۆرکەس بە خەباتی هەمیشەی بۆ جووتیارانیان ناسیوە، هەر تەنیا ئێستا کە تەمەنی گەیشتبووە ٣٢ ساڵ، ئەوجا مەیلێکی خۆ خەریك کردنی بە کاروباری جووتیارانەوە لێ دەرکەوت . لە کاتی ئەم سەرۆکایەتییەی مائۆدا بوو کە ئەو ئەنستیتوی جووتیارانە کەوتە بەرهەمهێنانی وروژێنەران، کادیرانی کە دەناردرانە دێهات تاکو هەژاران لە دژی دەوڵەمەندان بورووژێنن و، لە " یەکێتی جووتیاران" یاندا رێك بخەن . ئەوانە بەتایبەتی لە ستانی هونان، دوای ژووئیە/ تەمووز، کە لەشکری نەتەوەییەکان گرتی، سەرکەوتووبوون . نەتەوەییەکان لە " کانتۆن"ەوە ملیان لە هێرشی گەورەی باکوریان نا ( بە " لەشکرکێشیی باکوور" ناودەبرا) تاکو بچن " پێکین"ی پایتەخت و حکومەتەکی بخەن ." هونان" یەکەم شوێنی سەر ئەو رێگا دووهەزار کیلۆمەتر-ییەیان بوو .

لەشکری نەتەوەییەکان، راوێژکارانی رووسیان وێڕابوون . رووسەکان ئێستا لە"چانگ شا" کۆنسولخانەیەکیان

کردەوە و بنکەیەکی" ك گ ب" یش ( ئەوسا " ن ك د ڤ " بوو، " ك گ ب" ساڵی ١٩٥٤ دامەزرا- وەرگێڕ)، کە لە چاردە بنکەکانی لە چین، ئەم ، لەدوای ئەوەکەی" شانگهای"، دووەم پتریین بودجەی بۆ دانرابوو . ئەمریکا-ییەکی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت، دواتری هەمان ئەو ساڵە، لە نامەیەکیدا کە لە " چانگ شا"وە بۆ ماڵەوەی ناردووە، نووسیویە :

" « ئێستا» کۆنسولێکی رووسمان هەیە . رووس هیچ بەرژەوەندێکی وەهایان لێرە نیە کە پێویست بەوە بکات ... روون و ئاشکرایە ... چینی لەژێر سەردایە... رەنگە هەبوونی بەکەیفی ئەمە لێرە، لەسەر چین گران بکەوێت ".

کاربەدەستانی نوێی هونان، لە پارتی نەتەوەیی، بە چاودێریی لەنیزیکەوەی رووسەکان، روویان دا رێکخراوانی جووتیاران - و پارەشیان دانێ، تا روو لە کۆتایی ساڵ وای لێهات، زۆر لەو رێکخراوانە لە زۆر دێهاتی ستانی ٣٠ ملیۆن کەسیی هونان رسکابوون . نەزمی کۆمەڵایەتی سەرەونخوون ببوو .

ئێستا دە ساڵ بوو کە جەنگسالاران لە شەڕو شۆڕی تاك و تووکدا بوون و، لەوەتای دامەزرانی کۆمارەوە لە ١٩١٢ ، حکومەتی مەرکەزی چل جار گۆڕانی دیتبوو . بەڵام ئەو جەنگسالارانە بینای کۆمەڵایەتییان راگرتبوو، ژیانی ئاسایی خەڵك، ئەگەر بە رێکەوت نەکەوتبنایەتە نێوان ئاگری شەڕێکی دوولایەکەوە، وەکو هەمیشە دەڕۆیشت . بەڵام ئێستا ، کە نەتەوەییەکان، بە قسەی رووسەکان، دەیانویست شۆڕشێکی سۆڤیەتی ئاسا بنێنەوە، نەزمی کۆمەڵایەتی، یەکەم جار بوو کە دەشێوا .

بەوە کە جووتیارانی هەژار پەلاماری بژیوی و پارەوپووڵی ئەوانەیان دا کە لە چاو ئەوان دەوڵەمەند بوون و، کەوتنە تۆڵەکردنەوە، توندوتیژی هەڵگیرسا . چەتە و پیاوکوژ و دڕندەش وەناوکەوتن . تا بە دیسامبر گەیشت، ئیتر پشێوی دیهاتی" هونان "ی گرتبۆوە . مائۆ، بەوە کە رابەرێکی بزووتنەوەی جووتیاران بوو، لێرەدا لێی داواکرا بگەڕێتەوە ستانەکەی تا چارەیەك بکات .

چانگ شا، کاتێك مائۆ گەڕایەوە، شارێکی بەتەواوی جیاواز بوو . قوربانییانێك، بۆ سووکایەتی پێکردنیان، کڵاوی قووچی باریکی درێژی رەحمەتیئاسا(ی داهێنانی ئەوروپایی) یان بە سەرەوە دەکردن و بە شەقامانیاندا دەگێڕان . منداڵەوردکە لە هەموو لایەکەوە دەسووڕانەوە و، هاواریان دەکرد " برووخێن هێزە « ئیمپریالیستی»-یەکان و، جەنگ سالاران لەناوبەرن" و، سروودی " شۆڕشی نەتەوەیی" یان بە ئاوازی گۆرانیی " برا یاقوب"

دەگوت ( یا " باوە یاقوب لە خەو هەستە درەنگە زەنگەکان دەڵێن دینگ دەنگ دۆنگ" ی منداڵانی مەسیحیی ئەوروپاییان - وەرگێڕ) .

٢٠ی دیسامبری ١٩٢٦ ، دەوری ٣٠٠ کەس لە چانگ شا ، لە تیاتری سلایدان ئامادەبوون، هاتبوون گوێ لە مائۆ بگرن ، وروژێنەرێکی رووسیشی وێڕا بوو، ناوی " بۆریس فرێیەر" بوو ( کە ئەویش وەکو نیزیکەی هەموو جاسووسانی رووسی کە لە چین بوون، دواتر، بەر چەرخی پاکسازییەکانی ستالین کەوت و لەناودرا) . مائۆ، بۆ خوتبەدان بە زمان نەبوو، قسەکانی لێرە دوو سەعاتیان کوشت و، پەل (سەتحی) بوون . بەڵام نەرم بوو، گوتی :

" هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە کە خاوەنزەوییان نەهێڵین"، " دەبێت هێندێك ئیمتیازیان بدەینێ"، لەم قۆناغەی ئێستادا هەر

" دەبێت ملکانە و نیسبەتی سوود کەم بکەینەوە و،کرێی‌کاری‌کشتوکاڵ( ی سەپان و ...) زیادبکەین" .

" فرێیەر"، قسەیەکی مائۆی بە ئیدارەی کۆنترۆڵی رووسەکان،" مەکتەبی رۆژهەڵاتی دوور" گەیاند کە مائۆ گوتوویە :

" ئێمە خۆ بۆ ئەوە ئامادە ناکەین دەست بەجێ زەوییەکان بستێنین" .

و کە قسەکانی مائۆ لە جەوهەردا " چاك" بوون، بەڵام بەلای زێدە نەرمبووندا بوون .

هەرچەندە مائۆ هەڵوێستی لە توندوتیژی باسنەکرد، بەڵام قسەکانی بەگشتی شەڕکەرانە نەبوون . مائۆ کەمێك دوای ئەوە، چووە گەشتێکی بەسەرکردنەوەی وەزع لە دێهاتی" هونان". بەو گەشتەی، کە ٣٢ رۆژی خایاند، ئێجگار زۆر گۆڕا . مائۆ خۆی باسی ئەوەی کردووە،گوتوویە کە تەرزی بیرکردنەوەی پێش ئەو گەشتەی، نەرم بووە و :

" تا پێش ئەو مانەوەیەی پتر لە سێ رۆژی هونانم نەبوو کە من بەتەواوی هەڵوێستم گۆڕی ".

ئەوەی کە بەڕاستی لێرەدا رووی‌دا ئەوەبوو کە مائۆ خۆی ناسی،بە عیشقی پیاوکوژیی‌خۆی زانی،لە خۆی گەیشت کە چ تینوویەکی خوێنڕشتن بوو . ئەو ئارەزووە زۆرەی بۆ ئەوە، بە شێوەیەك کە دەهاتە سەر لێواری سادیزم، تێکەڵ بە توندوتیژیی لینینیی دەبوو، بەڵام وەپێشیشی دەکەوتەوە . مائۆ، لە رێگای تیۆرییەوە نەبوو کە دەکەوتە توندوتیژییەوە، ئەو مەیلە لە رەوشتییەوە هەڵدەقوڵی و، ئەوە تەئسیرێکی ئێجگار زۆری بە سەر شێوەی حوکم-کردنی داهاتوویدا هەبوو .

مائۆ، لە راپۆرتیدا لە سەر ئەو گەشتەی، باسی رابەرانی رێکخراوە ناوچەییەکانی جووتیاران دەنووسێت کە ئەو

64

رابەرانە زۆرتر " چەقۆکێشان"ێك بوون؛ ئەوانەی هەمیشە هەژارترین و پەستترین جووتیارانێك بوون، کە خەڵك ئەوپەڕی رقی لێیان بوو، ئێستا دەسەڵاتیان بەدەست بوو :

" بوونەتە ئاغاو کوێخا بەسەر خەڵکەوە و، رێکخراوەکانیشیان کردوونەتە ئالەتی تۆقێنەری دەستیان"."هەر وا بە گۆترە، پەلاماری خەڵك دەدەن " . ئەم زاراوانەیان کردوونەتە دروشم :

" هەرکسێك پارچە زەوییەکی هەبێت،تاغووتە و، هەر کس لە نەجیبزادان بێت خراپە" .

" خاوەنانی زەوی دەخەنە سەر زەوی و بە پێ دەیانکوتن "." دەچنە سەر تەختی عاجی نوستنی کیژان و خانمان، بە پێ لەسەریان دەوەستن و هەڵدەبەزنەوە" . " هەر وا بە کەیف، خەڵك دەگرن و کڵاوی قووچی رەحەتی‌ئاسایان بۆ سووکایەتی پێکردن دەکەنەسەر و بە ناو خەڵکیاندا دەگێڕن . ئیتر هەرچی میزاجیان لە هەر لەحزەیەکدا ویستی، لە هیچ ناپرینگێنەوە... بەڕاستی تۆقاندنیان لە دێهات ناوەتەوە ."

مائۆ دیتی کە ئەو چەقۆکێشانە چۆن ئەو قوربانییانەیان کردبوونە بازیچە و حورمەتیان دەشکاندن، بە شێوەیەك باسی دەکات کە بەدڵییەتی :

" کڵاوێکی کاغەزی درێژی دەکرێتە سەر، لەسەری نووسراوە خاوەن زەویی تاغووت ... وەها و وەها،یا نەجیبزادەی خراپ وەها و وەها . ئەوجا ئەو کەسە بە پەتێك ( وەك حەیوان ) رادەکێشرێت و ... ئەو هەمووە خەڵکە بەدوویەوە ... ئەم سزادانە قوربانییەکە پترین زەندەق دەبات . ئەو کەسەی ئەوەی بەسەردەهێنن، ئیتر بۆ هەتا- هەتا تێكدەشکێت . "

بەتایبەتی، خەتەری دڵەڕاوکێ و دڵتەنگی بوون کە لێرەدا هەرە وەبەردڵی مائۆ کەوتن :

" رێکخراوی جووتیاران هەرە زیرەکە . نەجیبزادەیەکی خراپیان گرت و پێیان گوت کە ئەو بەزمەی بەسەر دەهێنن ... بەڵام بڕیاریان داوە کە ئەو رۆژە نەیکەن ... ئەو نەجیبزادە خراپە نەیدەزانی کەی دەیکەن، ئیتر هەموو رۆژێکی بە دڵتەنگی بەسەردەبرد و یەك لەحزەی ئارامیی نەدەدیت ."

مائۆ، " سوئۆ- بیائۆ" زۆر دڵی سەندبوو،کە چەقۆیەکە هەر دوو لای دەبڕێت و، دەسکێکی درێژی رمبئاسای هەیە :

" ئەوە تاغووتانی خاوەن زەوی و نەجیبزادانی‌خراپ وا لێ‌دەکات،هەر بە دیتنی،بکەونە لەرز.

کاربەدەستانی شۆڕشگێڕی هونان حەقمەن دەبێت وا بکەن هەر جەوانێك و پیاوێکی تەمەنی ناوەندی، یەکێکی وای هەبێت و ، نابێت هیچ سنوورێك بۆ ( بەکارهێنانی) دابنرێت ."

مائۆ، زۆر درندەیی دیت و زۆری لەبارەیەوە بیست و، زۆری بە کەیفێ بوو . لە راپۆرتی کە دواتر لە مارتی ١٩٢٧دا نووسی، دەڵێت کە :

" هەستی بە جۆرە نەشوەتێك کردووە کە پێشتر قەت نەیبووە".

بە زمانێك باسی ئەو شتانە دەکات کە ورووژانی لێ دەبارێت و گڕی لێ دەبێتەوە و دەڵێت :

" بەهـ - بەهـ ... بەهـ- بەهـ ...".

لەوێ بە مائۆیان گوت کە خەڵکێك بە لێدان کوژراون . کاتێك لێیان پرسی چی بکەن ؟ ــ مائۆ ئەمە جاری یەکەمی بوو لەژیانیدا کە ژیان و مردنی کەسێك بە یەك وشەی زمانی ئەوەوە بەند بوو ــ گوتی :

" لێدانی تا مەرگی یەك یا دوو کەس شتێکی ئەوتۆ نیە" .

مائۆ، رێك دوای ئەوە کە گەیشتە ئەو دێیە، خەڵکێکی زۆر لە دێ کۆبوونەوە و، زەلامێکیان هێنا ،کە بە دژایەتیی رێکخراوی جووتیاران تاوانبارکرابوو و، بە شێوەیەکی وەحشییانە کوشتیان .

پێش هاتنی مائۆ، رابەرانی بزووتنەوەی جووتیاران کەوتبوونە سەر ئەوە کە هەوڵ بدەن رادەی توندوتیژی کەم بکەنەوە و، هێندێك کەسیشیان لە سەر ئەو کردارە درندانە گرتبوون . ئێستا مائۆ کە هات، فەرمانی دا ئەو گیراوانە بەردەن و، بە توندی گوێی ئاودان کە شۆڕش کۆبوونەوەی دەوری سفرەی پلاوخواردن نەبوو، توندوتیژیی پێدەویست و، گوتی :

" پێویستە ... رژیمی تۆقاندن (تیرۆر،ئیرهاب) هەموو ناوچەیەك بگرێتەوە".

رابەرانی جووتیارانی هونان بەقسەیان کرد .

مائۆ، یەك جاریش بەلای باسی ئەوشتەدا نەچوو کە لە هەر شتێکی تر پتر لە بیری جووتیاراندا بوو : « دابەشکردنی زەوی» . ئەوە کاتێك بوو کە زۆر پێویستی بە رابەریی هەبوو، چونکە هێندێك لە رێکخراوانی جووتیاران بە مەیلی خۆیان کەوتبوونە دەستکاریکردنی سنووری زەوییەکان و، سووتاندنی قەباڵەی شەریکەبەشی لەگەڵ مڵکداران . خەڵکانێك جۆرەها پێشنیاریان بۆ چارەسەریی ئەو مەسەلەیە کردبوو،بەڵام مائۆیان تێدا نەبوو . هەموو ئەوەی لێی بیسترا هەر ئەوەبوو کە لە کۆبوونەوەیەکی " کۆمیتەی نەتەوەیی زەوی" ی دوازدەی ئاپریلدا ، کە بۆ ئەو باسە بوو، گوتی :

" ئیتر دەست بەسەرداگرتنی زەوییەکان هەر ئەوەیە کە ملکانە نەدرێت و تەواو. شتێکی تر پێویست نیە ".

ئەوەی دلی مائۆی رفاندبوو،ئەو توندوتیژییە بوو کە نەزمی کۆمەلایەتیی تێکوپێك دەدا . هەر ئەو مەیلەشی بوو کە سەرنجی مۆسکۆی بۆ رادەکێشا ، چونکە لەگەل مودێلی شۆرشی کۆمەلایەتیی سۆڤیەتدا دەگونجا . ئێستا ، بۆ جاری یەکەم، نووسینی مائۆ لە گۆڤاری" کۆمینتێرن" دا بلاوکرایەوە، کە ئەو راپۆرتەی لەبارەی هونان بوو( هەر-چەندە ناوی مائۆی لەسەر نەبوو) . مائۆ، دەریخستبوو کە هەرچەندە لە رووی ئیدیۆلۆجییەوە پەرپووت بوو، بەلام غەریزەکانی هی لێنینیستێك بوون . هێندێك کۆمونیستی تر ـ بەتایبەتی پرۆفیسۆر" چێن"ی رابەری پارتی کۆمونیست،کە بەو درندەییانەی ئەو رەشاییەی خەلکە ئێجگار زۆر توورە بوو و دەیگوت حەقمەن دەبوو جلەویان بگیرێت ـ ئیدی کۆمونیستی تیپی مۆسکۆ نەبوون . مائۆ، دوایئەوە کە دوو سال بوو فرێدرابووە دەرەوەی پارتی کۆمونیستەوە، ئێستا دیسان هێنرایەوە دەستەی رابەریی . ئاپریلی١٩٢٧ خرایەوە کۆمیتەی ناوەندی،هەرچەندە خرایە ریزی دووەم و بەبێ مافی دەنگدان ( پێیدەگوترا ئەندامی یەدەك ) .

مائۆ، ئێستا لە شاری" ووهان "بوو، دەم رووباری" یانگتسی"، سێسەدکیلۆمیترێك باکووری رۆژهەلاتی چانگشا ، لەگەل بارەگای نەتەوەییەکانی کە لەشکریان بەرەو باکوور هەلدەکشا ،لە کانتۆنەوە گەیشتبووە ئێرە . مائۆ، ئێستا لای نەتەوەییەکانیش بەرزتر دەبۆوە . ئەو،کە سەرپەرشتیی بزووتنەوەی جووتیارانی دەکرد ، مەشق-پێکردنی ورووژێنەرانی دێهاتی ئێستا پترکرد. ئیتر رێبازی توندوتیژیی مائۆ ئەو شوێنە نوێیانەشی دەگرتەوە کە وا دەکەوتنە ژێر دەسەلاتی لەشکری نەتەوەییەوە . مائۆ، بۆ رێنوێنیی شاگردانی، لە قسەوباسی ئەندامانی بزووتنەوەی جووتیاراندا ، کە چی لە قوربانییەکانیان بکەن، ئەو رستەیەی هەلبژاردبوو کە ئەگەر ئەوانە

" کەللەرەقی" بکەن، ئەوا " جومگەی چۆکیان هەلدەپچرین و گوێیان دەبرین ."

نووسەر، ناوبردنی ئەو سزایانە، بەتایبەتی ئەوەی دواییانی، بە شاگەشکەییەکەوە دووپات کردووەتەوە :

" بە بیستنی ئەو قسانە مەست و سەرخۆش بووم، کەوتبوومە جەزبەوە، تا هاوارێك وەهۆشی هێنامەوە :« بەهـ - بەهـ!»، ئیتر منیش بەخۆم نەبوو، تەقیمەوە و هاوارم کرد" بەهـ - بەهـ!» ."

ئەو باسەی ئەو نووسەرە بەو شێوەیە، ئێجگار زۆر وەکو ئەو راپۆرتەی مائۆ بوو کە باسمان کرد ، دەبێت ئەمیش هەر مائۆ خۆی نووسیبێتی . ( دیارە نووسینەکە بە ناوی رێکخراوێکی جووتیارانەوە بووە، بەلام ئیتر لێرەدا هەر وا داڕێژراوە و منیش مەگەر هەر وەکو خۆی وەربگێرم- وەرگێر ) .

لەم بەینەدا کە توندوتیژی بە مامۆستایەتیی مائۆ لە زیادبووندا بوو، لەشکری نەتەوەیی لە مۆدێلە سۆڤیەتییەکەی پارتەکەی هەڵدەگەڕایەوە. بەشێکی زۆری لەشکرەکە لە خەڵکی هونان بوو و، ئەفسەرەکانی لە ماڵانێکەوە هاتبوون کە حاڵیان تا رادەیەك باش بوو، ئێستا دەیاندیت کەسوکار و خزم و خوێشیان دەگیران و بێڕێزییان پێ دەکرا. ئەوجا نەك هەر ئەوانەی کە حاڵیان باش بوو لەو وەزعە ناڕازی بوون، بگرە سەربازو دەرەجەداری سادەش زۆر پێوە دەتلانەوە. وەك کە پرۆفیسۆر چێن لە ژوئەن/ حوزەیراندا "کۆمینتێرن"ی ئاگادارکردەوە کە:

"تەنانەت ئەو پارە کەمەش کە سەربازان بۆ ماڵەوەیانی دەنێرن، دەستی بەسەردا دەگیرێت".

کە سەربازان

"بەو زێدەڕۆییانە دیقیان کردووە".

دەڵێن دەبینن چۆن ئەوان بەو شەڕەی کە دەیکەن هەر بەڵا بەسەر خێزانەکانیان دەهێنن.

زۆر لە ئەندامانی پارتی نەتەوەیی، هەر لە سەرەتاوە، بەوە ناشادبوون کە رابەرانیان لەسەر خەتی مۆسکۆ دەڕۆیشتن، کە "سون یات - سێن" لە ١٩٢٠ـەکاندا وا باوەشی بە رووسەکاندا کردبوو. تووڕەییان لەوە، دوای کۆنگرەی دووەمی پارتی نەتەوەیی - یەکەم مانگی ١٩٢٦، بەتەواوی هەڵچوو، کە پارتی کۆمونیستی چین (زۆر لە دەهەزار ئەندامی کەمتر هەبوون)، وێ دەچوو جڵەوی کاروباری نەتەوەییەکان (ی کە چەند سەدهەزار ئەندامیان هەبوون) ی خستبێتە دەستی خۆیەوە. لە ٢٥٦ ئەندامی کۆنگرەکە بە سەرۆکایەتیی" وانگ چینگ - وێی"، لە سێ بەش بەشێك کۆمونیست بوون و، بەشێکی تر" باڵی چەپ" ێك بوون کە زۆر کۆمونیستیان بە نهێنی تێ-خزێندرابوو. ئیتر نەك هەر مۆسکۆ خۆی راستەوخۆ ئەسپی ترۆیی خۆی خستبووە ماڵی پارتی نەتەوەییەوە، پارتی کۆمونیستی چینیش زۆر کەسی خۆی خزاندبووە ریزەکانی ئەو پارتەوە. ئێستا زۆر ئەندامی بەپلەو پایەی پارتی نەتەوەیی، دوای ساڵێك، دوای ئەو هەمووە توندوتیژییەی ئەو رەشاییە بەرەڵایەی خەڵکی کە پارتەکەیان چاوی لێ دەپۆشی، دەنگیان لێ بەرزبۆوە، داوایان کرد پارتەکەیان پێوەندیی لە کۆنترۆڵی مۆسکۆ و پارتی کۆمونیستی چین ببڕێت.

کێشە، بە زوویی تەقییەوە. هەزار کیلۆمیتر باکووری ئەوان، لە" پێکین"، پۆلیس، شەشی ئاپریلی ١٩٢٧، بە سەر ماڵی رووسەکانیاندا دا و، دنیایەك سەنەدیان گرتن، کە بە روونی پیشانیان دەدا چۆن مۆسکۆ لە خراپکار-ییەکی بەرین رۆچووبوو، دەیویست حکومەتی پێکین بڕووخێنێت و حکومەتێکی تری سەر بە خۆی( سەر بە مۆسکۆ) لە جێگەی دابنێت. ئەو سەنەدانە پێوەندیی نهێنیی سۆڤیەت و پارتی کۆمونیستی چینیشیان ئاشکرا

دەکرد . ئەوەبوو، رابەرێکی گرنگی پارتی کۆمونیستی چین، " لی تا- چائۆ"و دەوری شێست چینیی کۆمونیستی تر لە خانووەکانی رووساندا گیران، کە لەوێ دەژیان ." لی" زوو دوای ئەوە بە " خنکاندن" ئیعدام کرا .

ئەو بەسەردادانەی پۆلیس و ئاشکرابوونی ئەو سەنەدانە، هەرایەکی زۆریان نایەوە . بەڵگەی ئەو خراپکارییە هەراوەی سۆڤیەت، بیروڕای گشتیی چینی زۆر وروژاند و هێزەکانی رۆژئاواشی وریا کردەوە . ئیتر پارتی نەتەوەیی ئێستا مەگەر هەر بڕیاری بدایە بەتەواوی پێوەندیی بە رووسەکان و بە پارتی کۆمونیستی چین کۆتایی پێ بهێنایە، ئەینا دەکرا بە بەشێك لە پیلانێك بۆ کردنی چین بە تابیعێکی سۆڤیەت بدیترایە . زۆر نەتەوەیی دەکرا وازیان لە پارتی نەتەوەیی بهێنایە، جەماەری لێ بتەکایەتەوە و، هێزە رۆژئاواییەکانیش پتر لە یارمەتیدانی رژێمی " پێکین"دا پێیان دابگرتایە . ئا ئە لێرەدا بوو کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی پارتی نەتەوەیی" چیانگ کای- شێك" بڕیاری دا وەکاربکەوێت . ١٢ی ئاپریل فەرمانی دەرکرد کە لەشکری نەتەوەیی لە دەسەڵاتی کۆمونیستان پاك بکرێتەوە . لیستێکی دەرکرد، ناوی ١٩٧ کەسی تێدا بوو کە بگیرێن، " بۆرۆدین" لەسەرووی لیستەکەوە بوو و، مائۆشی تێدا بوو .

چیانگ کای- شێك، شەش ساڵ لە مائۆ بەتەمەنتر بوو، ساڵی ١٨٨٧ لە ستانی رۆژهەڵاتی کەناری دەریا " ژێجیانگ"(واتا: رووباری ژێ، رووباری بەپێچ - وەرگێڕ)، لە خێزانێکی بازرگانی خوێ، لەدایك ببوو . دواتر، لە هەندەران بە " جەنەراڵیسیمۆ" ناودەبرا . عەسکەری حیرفەیی بوو . دیمەنی مرۆڤێکی وشك و رەق و تەقی هەبوو . خوێندنی سەربازیی لە ژاپۆن تەواوکردبوو و، ساڵی١٩٢٣ بە سیفەتی سەرۆکی ستادی لەشکری نەتەوە- ییەکان، سەرۆکایەتیی شاندێکی بۆ چوونە رووسیای سۆڤیەتی کرد . ئەوسا رووسەکان بە " چەپ"یان دادەنا و دەیانگوت " زۆر نیزیکی ئێمەیە"، تا ئەو سەفەرەی بۆ سۆڤیەت و مانەوەی سێ مانگی لەوێ، ئەوە بە تەواوی کردی بە کەسێکی زۆر دژی سۆڤیەت، بە تایبەتی لە ئاست پێداگریی مۆسکۆ لەسەر دابەشکردنی کۆمەڵگای چین بە چینانی جیاواز و کە بەربەرەکانیی یەکتر بکەن .

بەڵام چیانگ کە هاتەوە چین، تاقە یەك وشەشی لەبارەی هەستی خۆی لەو رووەوە بە ئاشکرا باس نەکرد . بە پێچەوانەوە، خۆی لای " بۆرۆدین" وا پیشان دا، کە ئەم بڵێت : چیانگ

" لەگەڵ ئێمەدا ئەوپەڕی دۆستانەیە و پڕە لە شەوق".

چیانگ، لەبەر یەك شت،هەڵوێستی خۆی شاردەوە، ئەویش ئەوەبوو کە نەتەوەییەکان، بۆ دەست بەسەرداگرتنی

چین،کاریان بەتەواوی بە یارمەتیی سەربازیی سۆڤیەتەوە بەند بوو . بەڵام چیانگ، کە لەوبەیندا ببوو بە ئەندامی ژمارە دووی پارتی نەتەوەیی، بە ئارامی، خەریکی ڕێگا خۆشکردن بوو بۆ ماڵ جیاکردنەوە و، مارت/ مارسی ١٩٢٦ هێندێك کۆمونیستی لە شوێنە گرنگەکان لادابوون . ئەوە وای کرد کە رووسەکان بکەونەسەر پیلان دانان بۆ ئەوە کە خۆیانی لێ رزگارکەن . بە قسەی یەکێك لە پیاوەکانی رووسان لە کانتۆن، بیریان لە سەر ئەوە بوو کە

" جارێ حەوسەڵەیان هەبوایە تا ڕێگای کوشتنی ئەم جەنەراڵە ( چیانگ) یان ئامادە دەکرد . "

ساڵێك دواتر، زووی ١٩٢٧ ، بۆرۆدین بەنهێنی فەرمانی گرتنی " چیانگ"ی دەرکرد ، هەرچەندە بەجێ نەهێنرا .

هەر کە حکومەتی پێکین سەنەدی خراپکاریی سۆڤیەتیی بڵاوکردنەوە، چانگ وەکارکەوت، ١٢ی ئاپریل پەیامێکی دەرکرد کە لە جەوهەردا بریتی بوو لە : کۆمونیستان بگرن . چیانگ لە" شانگهای"ـەوە دەستی پێ- کرد ، کە بارەگای سەرەکیی پارتی کۆمونیستی چینی لێ بوو و، چیانگیش خۆی لەوێ بوو . کۆمونیست لەوێ چەند پۆستیچەکدارانیان هەبوون، چیانگ ویستی ئەوانە نەهێڵێت . بۆ ئەوە، هێندێك چەتەومەتەی بەکرێ گرتن، بچن شەڕ بەو کۆمونیستانە بفرۆشن، تا بەهانەیەکی دەست بکەوێت، لەشکرەکەی دابەزێت و چەکەکانیان لێ - بستێنێت . مەرکەزی کە قەڵای کۆمونیستان بوون، پەلاماردران و، زۆر رابەری سانديکايان گيران وهێندێکیش بەر گوللە دران . سەربازانی چیانگ، بە شەستیر کەوتنە گیانی خۆپیشاندەرانی کە لە دوای ئەوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دەرچوون . لە چەند رۆژێکی کەمدا، ژمارەی کۆمونیستی کوژراو، رەنگە لە سێسەد کەس پتر بووبێت . چیانگ،کۆمونیستەکانی وا شکاند کە ئیتر نەیاندەتوانی بە شێوەی هێزێکی رێکخراو لە شانگهای دەور ببینن، هەرچەندە دەستەی رابەریی پارتیکۆمونیستی چین، تا رادەیەکی زۆر، هەر وەکو خۆی مایەوە ـ و ئەوەی کە سەیرە، شانگهای هەر بە شوێنی دەستەی رابەریی پ ك چ مایەوە و، تەنانەت ئەوانە لە جەرگەی هەرای پاکساز- ییەکەشدا، هەر بە نهێنی لەوێوە کاری خۆیان دەکرد . تا پێنج یا شەش ساڵی دوای ئەوەش، ناوی " شانگهای" هێمایەك بوو بۆ " دەستەی رابەریی پارتی کۆمونیستی چین" ( ئێمەش بەو مانایەی بەکاردەهێنین ) .

دوای ئەوە کە چیانگ کای- شێك لە شانگهای کەوتە کۆمونیستکوشتن، سەرۆکی پارتی نەتەوەیی" وانگ چینگ - وێی"،کە لە " ووهان"، ٦٠٠ کیلۆمیترێکی ناوەوەی وڵات بوو، خۆی خستە ژێر دەسەڵاتی چیانگ . ئیتر لەوساوە، چیانگ کای - شێك بوو بە سەرۆکی پارتی نەتەوەیی . چیان کای - شێك، کەوتە سەر بیناکردنی رژێمی خۆی، کە ٢٢ ساڵ لە چینی تەواو مایەوە، تا مائۆ ساڵی ١٩٤٩ راوی نا و چووە تایوان .

لەو پەرەسەندنەی کە دوایی بەو بڕیارەی وانگ گەیشت، مائۆ دەبوو هەڵبژێرێت . مائۆ لە دڵی وانگ نیزیکتر بوو تا لە هەڤاڵەکۆمونیستەکانی خۆی یا لە زۆرترینی رووسەکانیش، لە پارتی نەتەوەییشدا پتر بەرزبیۆوە تاوەکو لە پارتی کۆمونیستدا . ئێستا رەگەڵ وانگ بکەوێت ؟ مائۆ، دواتر باسی ئەو رۆژانەی کردووە، گوتوویە :

" هەستم بە تەنیایی و پەرێشانی دەکرد و، ماوەیەك نەمدەزانی چی بکەم ."

مائۆ، لەم پەرشوبڵاوییەی بیریدا بوو،کە رۆژێك لە ووهان لە کەناری رووباری یانگتسی بەرەو پاشکۆخانوویەك ( پاڤیلیۆنێك) ی جوان سەرکەوت ." پاڤیلیۆنی دوڕنای زەرد" بینایەکی لە ساڵی٢٢٣وە بوو و شوێنێکی گرنگی دیدەنی بوو . ئەفسانە باسی ئەوەی کردووە کە پیاوێك لێرەوە ئیشارەتێکی داوە بە دوڕنایەکی زەردی کە بە سەر " یانگتسی"دا فڕیوە، کە هاتووە و پیاوەکە چووەتە سەر پشتی و روو لە کۆشکی ئاسمانان فڕیوە و ئیدی هەر ئەو رۆیشتنە بووە و قەت نەگەڕاوەتەوە . ئیتر" دوڕنای زەرد" بووە بە مانای " قەت نەگەڕانەوە". ئێستاش، ئەوە وێنە-یەکی مەجازیی پڕ بە باڵای مائۆ بوو و بۆ هەرچی ئەو هەمووە ساڵانە لە" پارتی نەتەوەیی"دا بۆ خۆی هەڵچنیبوو. ئـەو رۆژە، بارانێکی قورس تـاریکی کردبوو . مائۆ، لای مەحجەرە ( تارمی)ی خانووەکە وەسـتابوو، کەوتە سەر داڕشتنی هەستی خۆی بە شیعرێك : چیای مار لەم لام و چیای کیسەڵ لەولام، لە نێواندا "تێگیراوم"، بـەڵام لەبەر مەودای بێ سنووری تۆفانی لە ئاسمانەوەم . مائۆ بەوجۆرە بیری لەوە دەکردەوە لەوبەینەدا چی‌بکات . ئەوجا بە گوێرەی دابونەریتێکی لەمێژینە، خواردنەوەی بەدەستییەوە لەوسەرەوە هـەڵڕشتە خوارەوە و نۆشـی رووبـاری کرد و، شیعرەکەی تەواو کرد :

" هـەڵکشـانی شەپۆلی دڵم لەگەل شەپۆلانی بەبڕستدا هـەڵدەچێت!" .

مائۆ، بۆ هێشتنەوەی وانگ لەگەڵ کۆمونیستان، هـەوڵی قومارێکی دا : خـەتای کردارەکانی رێکخراوانی جـووتیارانی کە تا ئێستا پێی‌هـەڵکوتبوون، لەسەر خۆی و کـۆمونیستان لابەرێت، جـووتیارانێك بکاتە قـوچی قوربانی و کێشەیان دووربخاتەوە . وانگ، ١٣ی حوزەیران/ ژوئەن لە ووهان، بە رابەرەکانی تری گوت :

" هەر تەنیا دوای راپۆرتەکەی هەڤاڵ مائۆ تسی- تونگ بوو کە زانیمان رێکخراوانی جووتیاران لەبەردەستی چەتەو چەقۆکێشاندا بوون . ئەوانە هیچ لە نەتەوەییان و کۆمونیستان نازانن؛ تـاقە شتێکی ئەوانە دەیزانن بریتیە لە کوشتن و ئاگریەردانەوە ."

بـەڵام ئەو هەوڵەی مائۆ، بێ هوودە بوو . مامۆستاکەی ئیتر خەریکی نەخشەدانان بوو، بۆ ئەوە کە نێوانی لەگەڵ کۆمونیستان ببڕێت و،هەموو ئەو تاوانانەی دێهات بخاتە ئەستۆیان . مائۆ، بەوە کە پڕۆپاگەندیستی هەرە بەدەمی

کۆمونیستان بوو، دەبوو خواحافیزی لە وانگ و نـەتـەوەییەکان بکات. ئەو، ناوی لەسەر لیستی ئەوانە بوو کە دەبوو بگیرێن. بەڵام بێ لەوەش، مائۆ ئـەگەر بیویستایە لای وانگ بمێنێتەوە، دەبوو ببوایە بە کەسێکی نەرم و رێزی لە نەزمی کۆمەڵایەتی بگرتایە، ئەوەشی بۆ نەدەکرا، ئێستا کە ئەو لە هونان خۆی ناسیبوو چ شەیدایەکی درندەیی بوو. مائۆ، نیزیکەی دە ساڵ پێشتر، کە ئەوسا تەمەنی ٢٤ ساڵدا بوو، هەڵپەی بۆ توندوتیژی و گۆڕینی گەورەی کۆمەڵایەتی دەربڕیبوو:

" وڵات دەبێت (...) وێران بکرێت و سەرلەنوێ دروستبکرێتەوە (...) مرۆڤانی وەك من بۆ وێران کردنی بەتاسەوەن (...) ".

مۆدێلی سۆڤیەتی، بۆ پڕکێشیی ئەو دەگونجا.

مائۆ، بۆ جاری یـەکـەم لە ژیانیدا ملی لە پەت نیزیك بوو. دوو ساڵ پێشتر، کە جارێك لە خەتەردا بوو، کاتی ئـەوەی هـەبوو بە کەژاوەی کە حەمباڵ هەڵیدەگرن، وەك جۆرێك سـەیران، بۆی دەرچێت. بـەڵام توانای راکردنی ئەمجارەیان وا هاسان نەبوو. پەناگایەك لەبەرچاو نەبوو و کوشتنی کۆمونیستان دەستی پێکردبوو. کوڕەگەورە-کەی پرۆفیسۆر "چێن"یان گرتبوو و ٤ی ژوئەن/ تەمووز سەریان پەڕاندبوو. تا کۆتایی ئەو ساڵە، دوای ئەوە کە کـۆمونیست چـەند راپەڕینیان هەبوون و زۆرکەسیان کوشتن، بە دەیان هەزار کـۆمونیست و گومان لێکراو بەر کوشتارکەوتن. هەر ئەوەندە کەسێك بە کۆمونیستبوون تاوانبارکرایە بەس بوو، تا بیگرن و بیکوژن. زۆریان پێبەندیی خۆیان بە بیروباوەڕ رادەگەیاند، هێندێك شیعاریان دەدا و، هی تریان سروودی" نێونەتەوایەتی"( ئینتەر-ناسیۆناڵە) یان دەخوێند. رۆژنامەکان زۆر بێ بەزەییانە، بە پێهەڵگوتن باسی ئەو کوشـتنانەی کۆمونیستانیان دەکرد.

مائۆ، دەبوو لە پێشدا خۆی رزگار بکات. ئەوجا، بڕیاری دا پارتی کۆمونیستی چین و رووسەکان بۆ مەبەستی تـایبەتی خۆی بەکاربهێنێت. ئـەو بڕیارەی، کە هاوینی ١٩٢٧ دای، کە تەمەنی ٣٣ سـاڵ بوو، نیشـانەی تەمەنی پێگەیشتنی ( گەورەبوون، کۆتایی منداڵیی) سیاسیی مائۆ بوو.